# دۆسیەی ئەنفال

## لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

# دۆسیەی ئەنفال

## لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

سالار مەحمود

ناوی کتێب: دۆسیەی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق
نووسەر: سالار مەحمود
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (   ) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە

## پێڕست


پێشەکی ........................................................... ٩

پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکان ..................................... ١٣

یەکەم دانیشتنی دادگادا لەدۆسیەی ئەنفال ............................ ١٨

بۆچی دادگایی دوجێل خرایە پێش ئەنفال؟ ............................. ٢٢

ئەنفال لەتەرازووی دادگای ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ....................... ٢٤

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ................................................ ٢٨

پێناسەی تاوانی نێودەوڵەتی .............................................. ٣٢

خوێندنەوەی مورافەعە سەرەتاییەکانی دۆسیەی سەدە ..................... ٣٥

پارێزەرانی کورد ،داکۆکیکاری خۆبەخش ................................... ٣٩

هێزی دۆکیۆمێنت ........................................................ ٤٢

لە ناحیەی رزگاری و کەلار چیمان کرد؟ ................................... ٤٦

چارەنووسی قورئان و مزگەوتەکان لەئەنفالدا ................................ ٤٨

ژنە رووسوورە شایەتحاڵەکانی ئەنفال ...................................... ٥١

٤٠٪ ی سوپا بەشداری ئەنفالیان کردووە ................................... ٥٤

٧٠ فەوجی جاش بەشداریان لە پرۆسەی ئەنفالدا کردووە ................... ٥٦

مام جەلال و شایەتیدان لەدادگایی سەدام حسێندا ........................ ٥٩

رۆیشتن بەرەو دادگا ..................................................... ٦٦

سەدام حسێنم چۆن بینی؟ ................................................ ٧٢

سەبارەت بەپێشمەرگە سەدام چ داوایەکی لەدادگا کرد؟ ............٨٢
سەرگوزەشتەی ئەنفالکراوەکانی گوندی وڕێڵە ................................٨٦
محەمەد عرێبی چۆن کرایە سەرۆکی دادگا ..................................٩٣
دانپێدانانەکانی عەلی کیمیایی .................................................٩٦
دکتۆر فایەق گوڵپی لە دادگای ئەنفالدا .........................................١٠٠
د. زریان و د. شوان لە نەخۆشخانەی خەتێ و بەرگەڵوو ..........١٠٧
پرۆسەی وەرگێڕان لە دادگا ........................................................١١٢
المجمعات القسرية وەک ئامادەکارییەک بۆ راگواستن ..................١١٤
ئەنفالکراوەکان کەم, یازیاتربوون لە١٨٢ هەزار ...........................١١٥
باشترین قەرەبووکردنەوە ...........................................................١١٨
وەکو جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان سەیرتان دەکەین ..................١٢١
مانگی رەمەزان و کیمیاباران .......................................................١٢٤
چیرۆکێکی کیمیابارانی گوندی سێوسێنان ....................................١٢٩
بارق و سێ پێشمەرگە لەناو کۆپتەردا ........................................١٣١
بارەگای بارزانی کیمیاباران کراوە ...............................................١٣٢
ئەنفالی بادینان و چۆنێتی رووکردنە توركيا ..............................١٣٤
پارێزەری سابر دووری (عتاد خاص)ی سەلماند ............................١٣٧
پشکنینی بیانییەکان لە کەمپەکانی دیاربەکر و ماردین ...............٣٩
سەلاجەی مردوەکان توانای ئەو هەموو تەرمانەی نییە ...............١٤٣
جاش لەدۆسیەی ئەنفالدا ..........................................................١٤٥

ئەنفال و راگەیاندنەکانی بەعس ........................................................ ١٤٨
بەڵگەنامەیەکی هۆڵەندی لەناو دادگادا ................................................ ١٥١
چارەنووسی خێزانی سەربازە عیراقییەکە ................................................ ١٥٧
وشەی کاکە سەدامی هێنایە قسە ........................................................... ١٦١
حەجاجی بەعس ........................................................................... ١٦٣
کوردستانی نوێ و عەبدوڵڵا کەریم مەحمود لەهۆڵی دادگادا ........ ١٦٦
سەدام و شەرەف ........................................................................ ١٧١
بایکۆتی پارێزەرانی داکۆکیکار لە تاوانباران ........................................ ١٧٥
رێککەوتنی تورکیاو عیراق لەزاری تارق عەزیز-ەوە .................. ١٨٧
بڕیاری ١٦٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ............................... ١٨٠
فرمێسکەکانی کەمارا لەهۆڵی دادگادا ................................................... ١٨٣
گومان لەبوونی نوگرە سەلمان .......................................................... ١٨٦
رێکەوتنی تورکیاو عیراق لەزاری تارق عەزیزەوە ............................. ١٨٩
عەلی کیمیایی لەبەردەم چەندان پرسیار و وەڵامدا ................... ١٩٢
سوڵتان هاشم و بەخشینی "نوط الشجاعە" بەنهێنی ........................... ٢٠٣
هەوڵی ئازادکردنی سوڵتان هاشم ....................................................... ٢٠٦
سەرباز وەک قوربانی سیاسیەکان ....................................................... ٢١٠
لەدوای خۆی تیمەکەی سەدام بەرگرییان لەکێ دەکرد؟ ................ ٢١٢
دۆسیەی ئەنفال بەبێ ئامادەبوونی سەدام ................................... ٢١٥
سزای لەسێدارەدانی سەدام چۆن دەرکرا؟ ............................... ٢١٧

سەدام حسێن, ئەو تاوانبارەی لە ترسا لەسێدارە درا ..................۲۲۰
ڕەنگدانەوەی سیاسی بەدۆسیەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە ..............۲۲٤
لەچاوەڕوانی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکاندا ........................۲۲۸
لەکوردستان جاش و لەهۆڵەنداش فرانس ڤان ئانرات ..................۲۳۱
کارتی کورد لەدادگایی کردنی جەللاددا .........................................۲۳٥
داستانی ژنە شایەتحاڵەکانی ئەنفال ..............................................۲٤٦
بانگەوازی دادگاییکردنی سەرۆک جاشەکان ...............................۲٤۹
پرسی ئەنفال لەبازنەی گوتاری سیاسی کورددا ...........................۲٥۲
خاتمەی دادگای ئەنفال ..................................................................۲٦۰
پاشکۆکان ..........................................................................۲٦۳
دەقی یاسای گۆڕە بەکۆمەڵەکان.....................................................۲٦٥
چەند دیکۆمێنێک سەبارەت بە دۆسیەی ئەنفال ............................ ۲۹۸

# پێشەکی

بڕیاری دادگای ئەنفال لە ٢٤/ ٢٠٠٧/٦ دوای ٦١ دانیشتن دەرچوو. پرۆسەی دادگایی کردنەکە ماوەی ساڵێکی خایاند. بڕیارەکە بە دیکۆمێنتێکی یاسایی و مێژوویی گرنگ دادەنرێت لەسەر دۆسیەی ئەنفال.

دوای سەلماندنی جینۆسایدی ئەنفال لە دادگا هێشتا ئەم تاوانە نێودەوڵەتیە لەسەر ئاستی جیهان نەناسێنراوەو کۆمەڵی نێودەوڵەتی نا بەرپرسە لەبەرامبەری، بەبەراورد بە تاوانی هۆلۆکۆستی جولەکەو جینۆسایدی رواندا‌و سربیاو تەنانەت جینۆسایدی ئەرمەن ئاگایی لەبارەیەوەو زانیاری لەسەری زۆر کەمە. ئەو تاوانانەی تر لە دادگای نێودەوڵەتی سەلمێنران و ئەنفال لە دادگایەکی ناوخۆیی لە عیراق سەلمێنرا. بڕوام وایە لە ساتەوەختی رووداني شاڵاوە سەربازیەکانی ئەنفال و هەشت قۆناغەکەی تا دەگاتە راگواستنی ئەنفالکراوان بۆ باشوری عیراق و تەنانەت تا زیندە بەچاڵکردنیان دەزگا موخابەراتیەکانی دەوڵەتانی زلهێز چاودێرو ئاگاداربوونە لە رێی مانگی دەستکرد و کارایی دەزگا هەواڵگریەکانیان و تیمە ئەمریکاییەکانی زوو دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی محاویل و سەماوە لە پێش دەستپێکردنی دادگای ئەنفال ئاماژەن.

لە بارەی دادگایی سەدام و دۆسیەی ئەنفال

کتێب و سەرچاوە بە زمانی کوردی و بەزمانەکانی دونیا کەمە، فیلم و چیرۆک و شانۆنامە هەر زۆر دەگمەنە، ئەرکە یاسایی و مرۆییەکان لەسەر ئاستی دەسەڵاتەکانی وڵات جێبەجێ نەکراون.

کۆمەڵی نێودەوڵەتیش لەپێناو دوبارە نەبونەوەی کۆمەڵکوژی لە عیراق کاری نەکردوە.  بەهۆی تێوەگلانی کۆمپانیا بیانیەکانەوە لە پڕ چەککردنی رژێمی سەدام، وڵاتانی زلهێز رازی نەبون دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگایی سەدام و دۆسیەکانی ئەنفال و کیمیاباران دروست بکرێت.

ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ چەند نوسەرێکی بواری جینۆساید وەک میوانی چاودێر لە چەند دانیشتنێکی دادگای ئەنفال بەشدار بووم لەوێوەو دواتریش بیرۆکەی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دانیشتنەکانی دۆسیەی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان لەلام دروست بوون، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٧ کتێبی ( دادگاو ئەنفال) م نووسی بەڵام لە ئاستی گەورەیی پرۆسەکەو دادگاکە نەبوو، ئەم هەوڵە هەمە لایەنترو گشتگیرترە.

دادگاکە پشتی بەستبوو بە یاسای ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای دادگای باڵای تاوانەکان. رۆحی یاساکە پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی تاوانی نێودەوڵەتی و دادگای نێودەوڵەتی و یاسا ناوخۆییەکانی لە رەچاو کردوە.  بەپێی یاساکەش دادگاکەو هەیکەلەکەی دروستکرا.

لە دۆسیەی ئەنفالدا ئەم ناوانە وەک تۆمەتبار هێنرانە بەردەم دادگا.

سەدام حسێن: سەرۆکی عیراق و سەرۆکی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕش و سکرتێری سەرکردایەتی حزبی بەعس.

عەلی حەسەن مەجید: ناسراو بە عەلی کیمیاوی، بەرپرسی بیرۆی باکوری حزبی بەعس و ئەندامی سەرکردایەتی حزبەکە،

بڕیاری ژمارە ١٦٠ ی لەساڵی ١٩٨٧ بۆ دەرکراو هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عیراقی پێدرا بۆ پرۆسەکانی ئەنفال. دەسەڵاتەکانی پێنج پارێزگای دەگرتەوە کەرکوک و سلێمانی و هەولێرو دهۆک و موسڵ.

سوڵتان هاشم: فەرماندەی فەیلەقی یەک سەرکردایەتی چوار قۆناغی ئەنفالی کردوە.

دیارترین فەرماندەی مەیدانی سەربازی شاڵاوەکانی ئەنفال بووە.

سابر دوری: بەڕێوبەری ئیستخباراتی عەسکەری عیراق بوە لە ساڵی ١٩٨٨ بەرپرسی پێدانی هەموو زانیاریەکانی ناوچ ئەنفالکراوەکان بوە بە دەزگا سەربازی و ئەمنیە بەشداربوەکانی ئەنفال.

حسێن رەشید تکریتی: جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراق، بەرپرسی دانانی نەخشە سەربازیەکانی ئەنفال.

تاهر تۆفیق عانی سکرتێری لیژنەی کاروباری باکور بوەو پارێزگاری موسڵیش بوە.

فەرحان جبوری بەڕێوبەری ئیستخباراتی ناوچەی باکور بوە کە بارەگای لەکەرکوک بوە.

لە دادگای ئەنفالدا ١١٩٢ سکاڵاکار وتەیان لێ وەرگیراوە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە، ٧٧ سکاڵاکار لەبەردەم دادگا ئامادەبوون و سکاڵاو وتەکانیان وەک شایەتحاڵ خستە ڕوو.

ئەم کتێبە هەموو وردەکاری بەڕێوەچوون و ڕەوتی دادگاکە لە خۆ ناگرێت، چونکە پەڕاوەکانی زۆرترە لە دەیان هەزار لاپەڕەو هەزاران دیکۆمێنتی نوسراوو بینراوو بیستراو.

لە مێژووی دەوڵەتی عیراق و ناوچەکەدا دادگایی سەرۆکی وڵاتێک و بەرپرسانی باڵای وڵات لەسەر تاوانێک دەرهەق بە کورد ئەنجام درابێت ڕووداوێکی دەگمەن بوو.

چونکە بەر لە ئەنفال و دوای ئەنفالیش تاوانی جینۆساید بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجام دراون و بێ سزا تێپەڕیون.

ئەم کتێبەم بە زمانێکی سادە نوسیوە، هەوڵمداوە کەمترین سۆز بەسەرمدا زاڵببێت و خۆم بواردوە لە زاڵبونی هەستی ناوەوەم لە بەرامبەر رەوتی دادگاکە کە بەشێکیان زۆر ناخ هەژێن بوون.

بەپێی پیلان ئینجا شاڵاوە سەربازیەکان و دواتر پرۆسەکانی لەناوبردن، تێدەگەین کە ئەنفال دەستپێکی لەناوبردنی گشتی و تەواوەتی کورد بوە لە کوردستانی عیراقدا بەڵام ڕژێمەکە بۆی تەواو نەکرا.

## پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکان

تاوانەکانی بەعس لە عیراق لە ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣ تاوانی مەترسیداری نێودەوڵەتی بوون.

دەرخستنی راستی و دروستی ئەو تاوانانە و گەڕان و پشکنین بەدوای دیوە شاراوەو نەزانراوەکانی تاوانەکاندا، ئەرکێکی یاسایی بوو.

لێکەوتەی تاوانەکان و قوربانی و مەترسییەکانی تاوانەکان، وایکرد بۆ چارەسەر بەدوای رێکاری دادگاییدا گەڕان هەبێ، بەو مانایەی تاوانەکان زیادەڕۆیی بوون بەسەر بەرژەوەندی یاسا و بەرژەوەندی گشتی و هەروەها ئەو بەرژەوەندییانەی کە یاسای نێودەوڵەتی پارێزگارییان لێ دەکات.

دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، دەستەیەکی دادوەریی عیراقی بوو، بەرپرسیارییەتی گەڕان و پشکنینی یاسایی بوو لەسەر ئەو تاوانانەی لەماوەی دەسەڵاتداریی رژێمی بەعس لە عیراق روویاندا.

وەک چۆن پاڵنەری پشت دەرچوونی هەر یاسایەک پارێزگارییە لە بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی گشتییە، یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق، بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکانی ٣٥ ساڵ حوکمی دیکتاتۆریی لە عیراق پێکهێنرا.

وەک چۆن هەر یاسایەک هۆکاری دەرچوونی (الآسباب الموجبە) هەیە، ئەم یاسایەش لەهۆکارە پێویستییەکەیدا هاتووە، بۆ دانانی بنەمایەکی یاسایی و سزایی و بەرانبەر ئەنجامدەرانی تاوانەکان لە دادگایەکی دادپەروەرانە، بەتایبەتی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، لەبەر ئەوەی دادوەرانی عیراقی توانای یاسایی و ئەزموونیان هەیە دادپەروەری لەم دادگایە بچەسپێنن و دادگاییەکە بەڕێوەبەرن، ئەم یاسایە دەرچوێنراوە.

بنەمای یاسایی بۆ دانانی دادگاکە دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی جێبەجێکردنی پرەنسیپ و ڕێکارەکانی دادوەریی راگوزەر ( العدالە الانتقالیە). چەمکی دادوەریی راگوزەر پەیوەستە بە قۆناغی راگوزەری سیاسی و دەسەڵاتدارییەتی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تاوانەکانی رژێمی ستەمکاری پێشوو، لە عیراق ئەو دادگایە دانرا هاوشێوەی وڵاتانی وەک (یۆگسلافیا و رواندا و سیرالیۆن و کۆسۆڤۆو تەیموری خۆرهەڵات)، لە بەشێک لەو وڵاتانە بە هاوکاریی راستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان دادگاییەکەو پرۆسەی دادوەریی راگوزەر ئەنجامدرا، بەڵام لە عیراقدا ئەمە نەکرا، دواتر لەم بارەیەوە روونکردنەوە دەدەم.

لەعیراقدا دادگای تاوانەکانی عیراق، تایبەت بەتاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دامەزرا، پاڵەپشت بە یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەنجومەنی حوکم، ئەوەش بوو بە بڕیاری ژمارە ٤٨ لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ لەلایەن پۆل برێمەر حاکمی مەدەنی لەعیراق.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئامانجە سەرەکییەکانی بەدیهێنانی دادگەریی راگوزەر ئاماژە پێبکەین، لە چوارچێوەی ئەو دادگایەو یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥، کە لەم چوار خاڵەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:-

یەکەم: گەیشتن بە راستی:

ئەرکی دادگاکە هەوڵدانە بۆ دیکۆمێنتکردنی هەموو رووداوە تراژیدییەکان لە عیراق، لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتباران و وەرگرتنی وتەی شایەتحاڵ و سکالاکارەکان، دەرخستن و پیشاندانی راستییەکان لە ماوەی روودانی تاوانەکان، چونکە گەڕان بە دوای راستییەکانداو دیکۆمێنتکردنی یەکێکە لە گرنگترین ئامانجەکانی پرۆسەی دادوەریی راگوزەر، ئەمەش دەبێتە بنەمای بەهێزکردنی رۆڵی دادگا و یاسا و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی.

دووەم: دادپەروەری بۆ قوربانیەکان و تۆمەتبارەکان

لەسەر دادگا پێویستە لە چوارچێوەی ئامانجەکانیدا گەرنتی مافی تۆمەتبارانیش بکات، ئەم پرۆسەیە دەچێتە چوارچێوەی دادپەروەریی سەرکەوتووەکان بەسەر ئەوانی تردا. لەهەمان کاتدا ئەرکی دادگایە هەموو مافێکی قوربانی دابینبکات لە سکالاو شایەتیدان و رەخساندنی کەشی ئازاد بۆ هەردوولا وەک یەک لە چوارچێوەیەکی دادپەروەرانەدا، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ هاتنەئارای ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان پێکهاتەکانی وڵاتدا.

سێیەم: دووبارەنەبوونەوەی تاوانی هاوشێوە و دروستکردنی رەدع، سەرەکیترین ئامانج لە پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ رێگریکردنەوەیە لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان و دروستکردنی دیوارو رەدع.

چوارەم: ئاوێتەکردنی بنەما یاساییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتمانی، یەکێک لە گرنگترین رێکارە یاساییەکانی دادگای باڵای تاوانەکان ئاوێتەکردنی بنەما یاساییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای سزادانی نیشتمانی بوو.

ئەو یاسایەی دادگاکەی لەسەر دروستکراوە، پشتئەستوورە بە بنەمای یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتمانی، ئەمەش یارمەتیدەری زیاترە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئەم دادگایە لەسەر ئەو دوو کۆڵەکەیە رۆڵی کاریگەرتر دەردەکەوێت.

بەپێی تایبەتمەندی بابەتیی دادگاکەو بە پشتبەستن بە مادەی یەکەمی یاسای ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٥ دادگاکە لێکۆڵینەوە دەکات لەم تاوانانەی خوارەوە:

١. تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید.
٢. تاوانی دژی مرۆڤایەتی.
٣. تاوانی جەنگ.
٤. تاوانی پێشێلکردنی یاساکانی عیراق.

بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ مافخوراوان و قوربانیان و سزادانی تاوانبارانی تاوانی مەترسیداری نێودەوڵەتی، لەوێشەوە چەسپاندنی

سەقامگیری سیاسی و پێدانی شەرعییەت بە حوکمڕانی دوای بەعس و پیشاندانی تراژیدیاکانی رابردوو، گەیشتن بە ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عیراق دا.

## یەکەم دانیشتنی دادگادا لەدۆسیەی ئەنفال

رۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ رۆژێکی گرنگ و مێژووییە لە عیراقدا، رۆژی دادگایی سەدام حسێن بوو لەسەر ئەنجامدانی جینۆسایدی ئەنفال. دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، دوای هەژدە ساڵ لە تاوانەکە، رۆژی تاوانباران هات و تاجی دەسەڵات و زوڵمیان رووخا، سەرەتای دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی دەرهەق بەخەڵک و خاکی کوردستان دەرکەوت.

کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی٢٠٠٦/٨/٢١، دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق، بەتۆمەتی کۆمەڵکوژیی ئەنفال، سەدام حسێن سەرۆک کۆماری پێشووی عیراق و عەلی حەسەن مەجید و سابر دووری و تاهیر عانی و چەند تاوانبارێکی دیکەی ئەنجامدەری شاڵاوەکانی ئەنفال بانگهێشتی دادگا کران بۆ لێپێچینەوە لەو دۆسییەیە، بۆ یەکەم جار گروپێک لە سەرانی رژێمی بەعس لە پای یەکێک لەو تاوانانەی لە مێژووی دەسەڵاتیاندا لە عیراق بەسەر گەلی کوردیاندا هێنا، راستەوخۆ و لەبەردەم رای گشتی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییدا رووبەڕووی لێپرسینەوە بوونەوە، ئەمە جگەلەوەی سەرەتایەکی گرنگ و چارەنووسساز بوو، هاوکات هەڵگری چەندین ئاماژەی دڵخۆشکەری پەیوەست بەئایندە و چارەنووسی کورد و خەڵکی کوردستان و عیراقەوە هەیە، لەبەر ئەوەی چیدی لای هیچ دەسەڵات

و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و ناوەندێکی جیهانی، تراژیدیای تاوانی ئەنفال ناڕوون یان شاراوە نابێت. چیتر دونیا چاوداخستووەکەی جیهانی عەرەبی و جیهانی بەناو ئیسلامی و ئەوروپی و ئەمریکایی. ناتوانن نابەرپرسانە بڕواننە کۆمەڵکوژییەکانی رژێمی پێشوو بەرانبەر گەلی کورد لە عیراقدا.

بە سەرەتایەکی گرنگ دادگا پەڕوای هەڵدایەوە، بە تایبەتی لەکاتێکدا سەرۆکی داواکاریی گشتی و یاریدەدەرەکەی بەجۆر و شێوازێک باس و خوێندنەوەی لەسەر ئامادەکارییەکانی رژێمەکە بۆ شاڵاوەکە و دەستپێکردنی و دواتر بەڕێوەچوونی قۆناغەکانی ئەنفال کرد.

بەڵێ (ئێستا ئەو کاتەیە تێکڕای مرۆڤایەتی، گەورەیی ئەو تاوانانە بناسێ کە دەرهەق بەکورد کراوە). ئەمە وتەی داواکاری گشتی بوو لەدادگادا، لەگەڵ چەندین دەستەواژەو بڕگەی گرنگ و دڵخۆشکەر کە لەو سەرەتایەوە هێندەی تر بەشەوقەوە چاودێری بەڕێوەچوونی رەوشی دادگاییەکە کرا، بەتایبەتی کە دانیشتنەکان بە شێوەی راستەوخۆ بەڕێوەدەچوون و رای گشتی جیهانی لەڕێگەی تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە رووماڵ و تەماشایان دەکرد.

لەراستیدا وەکو چۆن لەچەند جێگای ترو پێشتردا ئاماژەمان پێداوە، ئەم دۆسیەیە؛ دەشێ ببێتە ناسنامەیەکی بەنرخی ئەوتۆ بۆ کورد و چارەنوسی کوردستان؛ کە بەشێکی زۆری ئەو دەستکەوتانەی لەڕووی نیشتمانی و نەتەوەییەوە لەدوای روخانی رژێمی بەعس لەعیراقەوە بەدەست دێن، هەوێنەکەی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو کاولکاری

و تراژیدیایانەی بەسەر گەلەکەماندا هات و لەبەرامبەر دادگاو رای گشتی جیهانیدا وەکو دۆسییەیەک کرایەوە.

لە دەستپێکردنی پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگادا بەر لەوەی بواری گوێگرتن لەشکایەتکاران و پارێزەرانی کورد بێتە پێشەوە، بەشێوەیەکی دروست و وەکو خۆی دەرکەوت ئەو تاوانانەی لەکوردستاندا لە١٩٨٨/٢/٢٢ بۆ ١٩٨٨/٩/٦ لەچوارچێوەی هەشت قۆناغەکەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لەلایەن رژێمی عێراق بەسەر خەڵک و گوند و ناوچەکاندا هێنرا، بە دیکۆمێنت و نەخشە و بەوردی تیشکی خرایەسەر، دڵنیایی بەخشیە زۆرینەمان؛ کە بەڵێ جگە لەخۆمان دەستەی داواکاریی گشتی بەتایبەتی پیشەییانە لەچوارچێوەی یاسادا بەپشتبەستن بەبڕیار و راسپاردەکانی خودی رژێمەکەو ئاماژەدان بەبوونی بەڵگەو دۆکیۆمێنت و کەرەستەی دەوڵەمەند لەدۆسیەکەدا، تۆمەتباران واق و وڕمان و لەبەرامبەر ئەو باسانەدا هیچ وەڵامدانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا تیشک خستنەسەر پرۆسەکانی جۆرو شێوازی راگواستن و کۆکردنەوەو لەناوبردنی ئەو سەدان و هەزارەها خەڵکە لە بیابانەکانی باشووری عیراق و نزیک سعودیە و زیندەبەچاڵکردنیان، پیشاندانی بەشێک لە راستی رووداوەکان بەوێنە، نیشاندەری ئەوە بوو کە بەڵێ ئەم دۆسیەیە پڕە لەبەڵگەی ئەوتۆ کە تاوانباران ئەوەندەی تر دەم و دەستەوەستان دەکات لەبەرگری لەخۆکردنیان، ئەوەش لەوەدا دەرکەوت لە سەرەتادا بێدەنگییان هەڵبژارد، لە بەرامبەردا پارێزەرەکانیان هیچ تانەو رەخنەیەکیان لەو دوو پەڕاوو باسەی داواکارانی گشتی نەبوو،

هێندە نەبێ بۆ بەلاڕێدابردن وەکو پیشەی رابردوویان قسە لەسەر شەرعیەت بوون و ناشەرعیەتی دامەزراندنی دادگاکەو پێکهێنانی دادگاییەکی لەو جۆرە بکەن، ئەوەیان فەرامۆشکرد کە دادگاکە بە بڕیاری ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق دامەزراوە؛ نەک لەلایەن بریمەرەوە.

لە سەرەتاوە هیوا دروست بوو بەوەی کەیسی ئەنفال وەکو ئەوەی لەکاتی خۆیدا وەک تاوانێکی بێوێنە لەبێدەنگییەکی گەورەدا روویدا، ئێستا لە کەشێکی بەربڵاوی میدیایی و یاسایی و گەورەدا سەدا دەداتەوە، بەجۆرێک دروستە بڵێین ئەمە سەرەتایەکە ئەنفال بەتەواوەتی ویژدانی مرۆڤایەتی بهەژێنێت.

## بۆچی دادگایی دوجێل خرایە پێش ئەنفال؟

بەپێی خوێندنەوەی دۆسییەی دوجێل و ناوەڕۆکەکەی و ڕەوتی دادگاییەکەی، دەردەکەوێت لەچاو تاوانی ئەنفالدا زۆر بچووکترە، لە ڕەهەندە یاساییەکەو هۆکار و کات و شوێنی هەردوو تاوانەکەوە، بۆمان ڕووندەبێتە شایانی بەراورد نین.

تاوانی دوجێل سەرچاوەکەی ئەوە بوو، لە کردەیەکی چەکداریدا لـــە١٩٨٢/٧/٨ پـەلامـاری خـودی سـەدام حسێن درا مەبەستی تیرۆرکردنی.

دوجێل قەزایەکە سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین و ٥٣ کیلۆمەتر لەبەغدای پایتەختەوە دوورە.

یەکەم دانیشتنی دادگا بۆ دۆسیەی دوجێل لە٢٠٠٥/١٠/١٩ دەستی پێکرد، دوایین دانیشتنی کە دوا بڕیاری تێدا درا لە ٢٠٠٦/١١/٥ بوو، کە سزای لەسێدارەدان بۆ سەدام حسێن دەرکرد.

ڕژێمی بەعسیش لەبەرامبەردا ١٤٢ کەسی لە سێدارەدا،بە تۆمەتی بەشداریکردن لە کودەتا و هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی وڵات.

ئەم کردەیە وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر کوشتنی سەدام حسێن خوێندرایەوە، بەبڕوای من لەئاستی نێودەوڵەتیدا کاریگەری نیگەتیڤی دروستکرد، لە بەر ئەوەش بایەخی کەمتر درایە پرۆسەی دادگایی کردنەکە، چونکە وەک تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی لێکەوتەوە،

دەسەڵاتدارانی عیراق لەو روانگەوە کاریان کرد سەدام بەر لە دۆسیەکانی تر، یەکەم جار لەسەر دۆسیەی کوشتنی شیعەی عیراق، سزا بدرێ.

بەهەموو پێوەرێک دەبوو دۆسیەی هەڵەبجە یان ئەنفال، ببوایەتە یەکەم دۆسیەو سەرانی رژێمی لەناوچوویان پێ دادگایی بکردایە، ئەگەر وا بکرایە بەهۆی رەهەندە یاسایی و ویژدانییەکەو قەبارە و ئاستی تاوانەکە، چاوی دونیای زۆرتر بەلای دادگادا دەبرد.

بڕوام وایە ئەو ریزبەندییە بێ مەبەست نەبوو، لێدان بوو لە تاوانی ئەنفال و ئەو جینۆسایدانەی بەرامبەر کورد ئەنجامدراون.

سەرەتا چاودێرانی دامەزراندنی دادگاکە لەو بڕوایەدابوون سەرەتا سەدام و سەرانی رژێمەکە لەسەر دۆسیەی جینۆسایدی کورد رووبەڕوی لێپرسینەوە دەکرێنەوە، بەڵام وا دەرنەچوو، بێگومان نەدەبوو ئەم هەڵە زەقە بەسەر کورددا تێبپەڕێ و دوجێل پێش ئەنفال، یان کیمیابارانی هەڵەبجە بکەوێت.

سەبارەت بە پرۆسەی دادگایی دوجێل، رێکخراوی نێودەوڵەتی هیومن رایس وۆچ راپۆرتێکی رەخنەیی لەسەر دادگاییەکە بڵاوکردەوە، ئەو رێکخراوە ئامادەی دانیشتنەکانی دادگا بوون و چاودێریی پرۆسەکەیان کردووە.

لەهەمان راپۆرتدا رێکخراوەکە رای وابووە دەبوو سەدام حسێن حوکمی لەسێدارەدانەکەی جێبەجێ نەکرایە، تاوەکو دۆسیەی تاوانەکانی تر تەواو دەبوون، کە سەدان هەزار خەڵک لەئەنجامی ئەو تاوانانە بوونەتە قوربانی، مەبەستی ئەنفال و کیمیابارانی کورد بوو.

## ئەنفال لەتەرازووی دادگای ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا

بابەتی دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کورد لە عیراق، لە دادگایەکی نێودەوڵەتی یان دادگای ناوخۆیی بووە جێی گفتوگۆی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوە جیهانییەکان.

لەناوخۆشدا لێکۆڵەرو نوسەرانی بـواری جینۆساید کەوتنە گفتوگۆی ئەم پرسە، لەپێش دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق و دواتریش گفتوگۆ و باسوخواسی دادگاییکردنی تاوانبارانی شـاڵاوی ئەنفال لە دادگایەکی ناوخۆیی نیشتمانییدا، یان دادگای نێودەوڵەتیدا کامیان بەقازانجی دۆسیەکەو بەتایبەتی دۆزی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردو سزای ڕەوای تاوانباران دەکەوێتەوە.

هەندێک بۆ ئێستاش پێیان وابوو بۆ زیاتر گەیاندنی دەنگ و دۆزی کورد بەجیهان و ناساندنی تاوانەکانی دژ بە خەڵکی کوردستان بەدونیاو گواستنەوەی کێشەکان بۆ نێو ناوەندەکانی نێودەوڵەتی، باشتر بوو دادگاییکردنی تاوانباران لەدادگای نێودەوڵەتیدا ئەنجام بدرێت، لەلایەکی ترەوە ڕای فرەلایەن و بەهێزیش ئەوەبوو هەر زوو پرۆسەی دادگاییکردنەکە ئەنجامبدرێ و تاوانباران لەناو قەفەزی دادگـادا ببینرێن، لایـان باشتربوو لەناوخۆدا تاوانباران دادگایی

بکرێن، چونکە دادگای عیراقی دەرفەتی سزای ئیعدام و توندترین سزای تێدایە دەرهەق بەتاوانباران بدرێت، ئەمە جگە لەوەی بۆ ساڕێژبوونی برینی خەڵکی کوردستان و عیراق و گەڕاندنەوەی سەنگ و سەروەریی بۆ دەسەڵاتی یاساو حوکم لەعیراقدا،دادگایی ناوخۆییان لا پەسەندتر بوو.

ئەمە جگە لەوەی هێزە سیاسییەکان، بەتایبەتی کورد و شیعە، لایان گونجاوتر بوو تاوانباران لەعیراقدا دادگایی بکرێن، ئاکام بەیاسا و بڕیاری عیراقی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

یاسای دادگای باڵای تاوانەکان ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ کرایە بنەما، ئەم یاسایە مادده و ئەحکامەکانی تێکەڵەیە لە یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتمانی، واتە ڕەچاوی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیماننامەی ڕووبەڕووبونەوەی جینۆسایدی کردووە.

ئاسایشی عیراق لەکاتی دەستپێکردنی دادگایی سەرانی ڕژێم نائارام بوو، هەموو شتێک چاوەڕوانکراوبوو، ڕەوت و ئاراستەی سیاسی و بەرژەوەندییەکان و فشاری چاوەڕواننەکراو دروست ببن، یان لەعیراقدا جۆرێک لەگۆڕانکاریی بەسەردابێت و دادگایی تاوانباران بکرێتە سیناریۆیەکی سیاسی. دیارە دامەزاندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تۆمەتباران، لەهەموو حاڵەتێکدا پێویستی بە ڕەزامەندیی و بڕیاری نێودەوڵەتی هەبوو، بەتایبەتیش نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەوەش بەهۆی هەڵوێستی ناڕوونی چەند وڵاتێکی وەکو روسیاو چین و فەرەنساو چەند وڵاتێکی تر، ئەو ئەگەرە بەزەحمەت دەخوێنرایەوە، لەوانەش

بوو ماوەیەکی زۆر زیاتر بخایەنێت بۆ پەسەندکردن لەسەر دروستکردنی دادگاکە.

وەک زانراوە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بیرۆکەی دروستکردنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانە گەورەکانی کۆمەڵکوژی و دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ هاتنەکایەوە، لەوانە دادگای نێودەوڵەتی تۆکیۆ و دادگای نێودەوڵەتی نۆرمبێرگ، ئەم دوو دادگایە لەدوای جەنگ دووەمی جیهانی پێکهێنران.

دادگای رواندا و یۆگسلاڤیا، ئەم دوو دادگایەی پێشوو نەیانتوانی ئەزموونی دادگای نێودەوڵەتی بەتەواوی و لەئاستی پێویستی جیهانیدا بچەسپێنن، هەروەها لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووشەوە، بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە ٨٠٨ لەساڵی ١٩٩٣، دادگای لاهای بۆ تاوانبارانی شەڕی یۆگسلاڤیا پێکهێنرا. لەو دادگایەدا (سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ) سەرۆکی ئەو وڵاتەی تێدا درایە دادگا.

لەم روانگەیەوە دەبینین دەرئەنجام دادگای باڵای تاوانەکان لەعیراق، لەلایەن رای گشتی ناوخۆییەوە پێشوازی یاسایی و جەماوەریی لێکرا، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی تاوانباران لەبەردەم دادگاداو ئەو تاوانانەی کەئەنجامیان داوە لەچوارچێوەی تۆمەتدا رووبەڕوویان کرایەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر دۆسیەی کۆمەڵکوژیی خەڵکی کوردستان لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا لێپێچینەوە لەئەنجامدەرانی بکردایە. دۆسیەکەی راستەوخۆ دەکرد بە دۆزێکی نێودەوڵەتی و لە ئاستی

دونیادا رەنگدانەوەو کاردانەوەی درێژمەودای دەبوو، بەڵام زۆرینەی رەها بەتایبەتی چاویان لە زوو سزادان و لەسێدارەدانی سەدام حسێن بوو.

سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی (جەعفەر موسەوی) زۆر دژی باسکردنی دادگای نێودەوڵەتی بووە، بەبۆچوونی ئەو، ئەوانەی باسی بردنەدەرەوەی تاوانباران دەکەن بۆئەوەی لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن، مەبەستیانە لەسێدارە نەدرێن.

ئەگەر سەدام و تاوانبارانی دیکە لەدەرەوەی عیراق دادگایی بکرانایە، پرۆسەکە رەهەندێکی فراوانتری وەردەگرت، چونکە عیراق لەو ساتەوەختەدا بە داگیرکراو لەلایەن ئەمریکاوە دادەنرا، هەروەها دەرفەت دەڕەخسا جینۆسایدی کورد لە ئاستێکی باڵاتردا بناسرێ و تێگەیشتن بۆ دۆخی کورد و مەترسییەکانی قڕکردنی زیاتر درک پێبکرێت.

بەڵام کەسانی وەکو سەرۆکی داواکاری گشتی (موسەوی)، پرۆسەکەو سزای تاوانبارانی تەنها لە چوارچێوەی ئیعدامدا کورتکردبووەوە، لە چاوپێکەتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٤٠٦٤ لە ٢٠٠٦/٩/٤ دەڵێ: «من وەک سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی نوێنەرایەتی گەلی عیراق لەم دادگاییکردنە دەکەم، بەتەواوی ئەو بانگەشەو ئەو بۆ گریانە! بۆ تۆمەتبارەکان رەتدەکەمەوەو مەبەستی هەموو ئەوانە دەزانم چییە، مەبەستیان ئەوەیە تۆمەتبارەکان بگوازرێنەوە بۆ دادگا نێودەوڵەتییەکان، کە مافی حوکمی ئیعدامیان نییە، دەیانەوێت ئەوانەی تاوانەکانیان بەسەردا دەسەلمێت، رزگاریان بکەن لە سزای ئیعدام».

## دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (المحكمە الجنائیە الدولیە) بەپێی ڕێککەوتنامەی نەتەوەیەکگرتوەکانە، لەساڵی ١٩٩٨ بۆ پێکهێنانی ئەو دادگایە، نوێنەری ١٢٠ وڵات لە ڕۆما-ی پایتەختی ئیتاڵیا کۆبوونەوەو بڕیاریان لێدا، بارەگای دادگاکە لە شاری لاهای وڵاتی هۆڵەندایە، یاسای دادگاکە لە ساڵی ٢٠٠٢ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دادگایە تاوانەکانی شەڕ و تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی دوژمنکارانەیە.

دادگا لەم تاوانانە دەکۆڵێتەوە گەر بهێنرێتە بەردەمی، لە تایبەتمەندییەکی دیکەی دادگاکە ئەوەیە لەو تاوانانە دەکۆڵێتەوە کە دوای دروستبوونی دادگاکە ڕوودەدەن، واتە پێش ٢٠٠٢ ناگرێتەوە و ( اثر الرجعی) نییە.

قورسترین سزادان لەم دادگایە زیندانی هەتا هەتاییە، ماوەکەشی سی ساڵە.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دامەزراوەیەکە لەسەر بنەمای پەیماننامەکەی وەستاوە و پابەندبوونی تەنیا بۆ دەوڵەتانی ئەندامە.

ئەشێ بپرسین بۆچی ئەم دادگایە نەیتوانی دۆسیەی تاوانبارانی ڕژێمی بەعس لە دۆسیەی ئەنفال بگرێتە خۆی؟

هـەروەک ئاماژەمـان پێکرد دەسـەڵاتـی دادگـاکـە تەنیا بۆ ئەو تاوانانەن، کە دوای مێژووی دروستبوونی دادگاکە روودەدەن یان روویـانـداوە، تاوانەکانی رژێمی بەعسیش دژی گەلی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٢.

لە لایەکی دیکەیشەوە، خودی دەوڵەتی عێراق، ئەندام نییە لە نیزامی رۆما کە دادگاکەی پێ دامـەزراوە، ئەم دوو خاڵە هۆکاری بنەڕەتین کە نەتوانرێت دۆسییەکانی تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی فەیلی و بارزانییەکان ببرێتە ئەو دادگایە.

لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانێکی دیکەدا، بەشداریمان کرد لە پێشکەشکردنی یاداشتێک بۆ دەسەڵاتە گشتییەکانی عیراق، کە هەوڵ بدرێت عیراق واژۆی پەیماننامەی رۆما بکات، گەر ئەو کارە بکرێت وەرچەرخانێکی گرنگ دەبێت بۆ یاسای سزادانی عیراق و یەکێک دەبێت لە هەنگاوە نێودەوڵەتییەکان لە رێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی تاوانی نێودەوڵەتی.

بەڵام وا دە ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ئەو هەوڵەو چەندین هەوڵی دیکە، هێشتا هەر وەکو بیرۆکە ماوەتەوە.

ئەمەش دەقـی یاداشتی پەرلەمانتاران بـوو بۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمانیش بە نوسراوێک بە زمانی عەرەبی بە ژمـارە ٤/٣/١٠٢٣ لە رۆژی ٢٠١١/٧/١١ داواکـەی ئاڕاستەی سەرۆک کۆماری عیراق و سەرۆک وەزیران و پەرلەمانی عیراق و وەزیری دەرەوەی عیراق کرد، بۆ هەمان مەبەستی ناوەڕۆکی داوای پەرلەمانتارانی کوردستان.

بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ یاداشتنامە

ئێمە وەک ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەم یاداشتنامەیە لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێز ئاراستەی هەریەک لە سەرۆک کۆماری عیراق و سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران و وەزیری دەرەوەی عیراقی فیدراڵ دکەین، بۆ ئەوەی عیراق بەیاننامەی ڕۆما واژۆ بکات و دان بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) بنێت، بۆ ڕێگەگرتن لە کۆمەڵکوژی کردن لەسەر ئەو بەیاننامەیە و پشتیوانیکردن لە ICC و بڕیارەکانی، پشتیوانییە لە سەقامگیرکردنی دادپەروەریی نێودەوڵەتی لە جیهان.

ئەو بەیاننامەیە کە لە ١٩٩٨/٧/١٧ بڕیاری لەسەر دراوە، چەند جارێک هەموارکراوەو لە تەموزی ٢٠٠٢وە دەستی بەکارکردووە، سیستەمی نوێی جیهانی کە خۆی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەبینێتەوە ئامرازێکی گرنگ و بەهادارە بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و بەسزادانی بکەرانی. بۆ ئەوەی جارێکی تر لە عێراق تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دووبارە نەبێتەوە، پێویستە عێراق بەم بەیاننامەوە پەیوەست بێت.

هەرچەندە عێراق لە٢٠٠٥/٢/١٥پەیوەست بووە بەم ڕێکەوتننامە، بەڵام بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک دوای دوو هەفتە پاشەکشەی لێکرد، بۆ دڵنیابوونی زیاتر لەمڕووەوە نەوەکانی داهاتوو پێویستە عێراق پەیوەست بێت بەم بەیاننامەیە.

٢٠١١/٦/٢٠

هەوڵی لەم جۆرە لەلایەن چەند چالاکوانێکی کورد، بەتایبەت عەلی مەحمود محەمەد و هێمن حەسیب لەساڵی ٢٠١٥ دراوە بە کۆکردنەوەی واژۆی پەرلەمانتارانی عێراق لەڕێگەی پەرلەمانتاری عێراق شوان داودی، بەڵام هەموو هەوڵەکان هێشتا بەئاکام نەگەیشتوون.

سەبارەت بە دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانی جینۆساید، چەند نموونەیەک هەن، گرنگترینیان (دادگای رواندا، دادگای بۆسنە)، ئەم دوو پرۆسەیە دەتوانم بڵێم جێبەجێکردنی تەواوەتی پەیماننامەی نێودەوڵەتی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانبارانی جینۆساید بوو لە ساڵی ١٩٤٨.

بەڵام بەرلەوەی ئەو پەیماننامەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دادگای نۆرمبێرگ بۆ سزادانی تاوانبارانی هۆلۆکۆست سازکرا، کە تێیدا تاوانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی نازییەکان لێکۆڵینەوەی لێکراو، تاوانباران سزادران، لەوانە (هیتلەری راوێژکاری ئەڵمانیا و فرانز فۆن بابین جێگری راوێژکار و رودۆڵف هس ی جێگری هیتلەر لە حزبی نازی و هاینریش هیملر، فەرماندەی پۆلیسی نهێنی و گۆبڵز وەزیری پڕووپاگەندە و ئۆتو دیتریش بەرپرسی رۆژنامەوانیی هیتلەر) و چەند کەسێکی دیکە.

## پێناسەی تاوانی نێودەوڵەتی

چەندین پێناسەی جیاجیاو یەکتر تەواوکەر هەن بۆ ناساندن و تێگەیشتن لەتاوانی نێودەوڵەتی.

شـارەزای نێودەوڵەتی (جلاسیر) بەم جۆرە پێناسەی دەکات (کردەیەکە پێشێلکاریی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دەکات و زیـان بەو بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییانە دەگەیەنێت کە یاسای نێودەوڵەتی دەپیارێزێت).

(لومبیز) شـارەزای یاسای نێودەوڵەتی، بـەم جـۆرە پێناسـەی دەکات ( دژایەتیکردنی بنەماکانی بەرژەوەندی کۆمەڵی نێودەوڵەتییە، ئەو بەرژەوەندییانەی نیزامی یاسای نێودەوڵەتی دەیانپارێزێت).

(سپرۆپولیس) پێناسەی تاوانی نێودەوڵەتی دەکات بەوەی ئەو کردارانەیە کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات، یان ڕێگا بەئەنجامدانی دەدات کە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییە، تێیدا ڕەچاوی بەرپرسیارییەتی نێودەوڵەتی ناکات، یان سەرپێچی یاسای نێودەوڵەتییە کە کەسێکی بەرپرس دەیکات، زیـان بە کەسانی دیکەو کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەگەیەنێت، بە پشتبەستن بە داخوازیی دەوڵەتێک یان بە ڕەزامەندی دەوڵەتەکە، یان هاندانی دەوڵەتەکە، دەشێ لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێ لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتی.

دوو رەگەزو بنەمای سەرەکی و گرنگ هەن کە تاوانی نێودەوڵەتی لە تاوانی ناوخۆیی جیادەکاتەو، کە بنەمای نێودەوڵەتین، ئەوانیش:

یەکەم: رەگەزی کەسی (العنصر الشخصی) مەبەست لێی سیفەتی ئەنجامدەرەکەیە.

دووەم: رەگەزی بابەتی (العنصر الموضوعی) مەبەست لێی ئەو بەرژەوەندییانەیە کە تاوانەکە پێشێلی دەکات.

وەکو ئاماژەمان پێدا ئەوەی پەیوەستە بە رەگەزی کەسییەوە، یان سیفەتی ئەنجامدەرەکەوە، تاوانی نێودەوڵەتی دەچێتە ژێر رکێفی یاسای تاوانی نێودەوڵەتییەوە. دەشێ ئەنجامدەر کەسێکی ئاسایی بێت و بەناوی دەوڵەتەوە یان لەبەرژەوەندی دەوڵەت یان بەناوی ئۆرگانێکەوە وەک رێکخراو یان لایەنێکی ناحکومی، یان بەهاندانی ئەو، یەکێک لەو لایەنانە کردەکە ئەنجام بدات.

یاخود ئەنجامدەری تاوانەکە لەبەرژەوەندی خودی خۆی و بە پلان و رێکاری خۆی ئەنجامی دەدات، لەم حاڵەتەدا تاوانەکە دەچێتە چوارچێوەی تاوانێک کە هەڵگری بنەمای تاوانی نێودەوڵەتییە (ذات طابع الدولی).

هەرچی دووەمیانە کە خۆی لە رەگەزی بابەتیدا دەبینێتەوە، ئەو بەرژەوەندییانەیە کە دەستدرێژی دەکرێتەسەر لەکاتێکدا یاسای نێودەوڵەتی پارێزگاری لێدەکات.

تاوانی نێودەوڵەتی دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەو بەرژەوەندییانەی کە یاسای نێودەوڵەتی بە رێکاری ئاشکرا پارێزگاری لێدەکات، لەپێشی هەموویانە (مافەکانی مرۆڤ).

لێرەدا تاوانی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو دوو بنەمایەی باسمانکرد، لە تاوانی ناوخۆیی جیادەکرێتەوە و بە ڕێکاری یاسای ناوخۆیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام تاوانی نێودەوڵەتی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

بۆ نمونە کاتێک دەوڵەتێک تاوانی کۆمەڵکوژیی جینۆساید ئەنجام دەدات دەرهەق بە بەشێک لە گەلەکەی، یان گەلێک لەناو دەوڵەتەکە یان گەلێک لەناو دەوڵەتێکی تر، ئەم جۆرە تاوانەی جینۆساید دەچێتە خانەی دەستدرێژیکردنە سەر هەموو کۆمەڵی نێودەوڵەتی، نەک دەستدرێژی بۆسەر تەنیا دەوڵەتێک یان ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

باسی تاوانی نێودەوڵەتیمان کردو بە پێناسەکانیدا ڕوونبووەوە تاوانی نێودەوڵەتی چییە. پرسیار لێرەدا دروست دەبێ ئەی بکەری تاوان کێیە، یان تاوانباری نێودەوڵەتی کێیە؟. دەتوانین بڵێین تاوانباری نێودەوڵەتی ئەو کەسەیە کە بڕیار لە ئەنجامدانی تاوانەکە دەدات، یان تاوانە نێودەوڵەتییەکە ئەنجامدەدات، بەناوی قەوارە سیاسییەکەوە کردەکە دەکات ئەو قەوارەیە بە سروشت خۆی لەدەوڵەتدا دەبینێتەوە، کەواتە دەوڵەت بکەرە مەعنەوییەکەی تاوانی نێودەوڵەتییە.

بەم جۆرە دەردەکەوێت تاوانباری نێودەوڵەتی دەشێ سەرۆکی وڵاتەکە بێت، یان سەرۆکی حکومەت یان وەزیری بەرگری یان پلەدارو فەرماندەیەکی سەربازی، یان کەسێک کاروباری فەرمیی دەوڵەت لە پێگەیەکی فەرمیدا بەڕێوەدەبات و دەسەڵاتی لەناو دەوڵەتەکەدا هەیە.

## خوێندنەوەی مورافەعە سەرەتاییەکانی دۆسیەی سەدە ٢٧

٢١/٨/ ڕۆژێکی ئاسایی و ڕاگوزەر نەبوو، بەڵکو ئەو ڕۆژە دادگاییکردنی ڕژێم و سەرکردە بڕیاردەرەکانی بوو، کە چەندین تاوانی گەورەو بێوێنەیان لەمێژووی دەسەڵاتی خۆیاندا بەرانبەر بە هاووڵاتی و خەڵکی سڤیلی کوردستان ئەنجامدا، بەتایبەتی بۆ کورد کە زۆرترین چەرمەسەریی و هەوڵی قڕکردنی دراوە، هەمیشە چاوەڕوانی ڕووداوێکی لەو جۆرەیان دەکرد و بەسەرەتایەکی چارەنوسسازو وەرچەرخێنەر تەماشا کرا.

بیست و یەی هەشت ڕۆژی هەڵدانەوەی مێژووی پڕ لە مەزڵومییەت و قڕکردن و سووتاندن و زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی کوردستان بوو، کاتێک سەدام و عەلی کیمیاویی و گەورە بڕیاردەرەکانی ئەنفال لەنێو قەفەسی تۆمەتباریدا لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەو لەناو دادگای باڵای تاوانەکاندا بەتاوانی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ ڕووبەڕووی لێپێچنەوە کرانەوە، میدیاکانی جیهان و ئاژانسەکانی دونیاش ڕاستەوخۆ بەپەخشکردنی مورافەعەکە و ڕەوشی دانیشتنەکان، سەدای زیاتریان بەخشییە ڕووداوەکە.

هاوزەمانیش خەڵکی ئازادیخوازی عیراق و کوردستان بەگشتی و، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەو چرکەساتانە کرد.

لەماوەی چاودێریکردنی دانیشتنەکانی دادگادا؛ چەندین تێبینی یاسایی و خاڵی دڵخۆشکەر و سەرنجراکێش و مەسەلەی نوێ بەدەرکەوتن و هاتنە پێشەوە، سەرەڕای ئەوەی لەڕووی نیشتمانیی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتیی و یاساییشەوە خودی دەستپێکی دادگاییەکە کاریگەریی هەمەلایەنەی هەبوو.

ئەم باسە لە زۆر بوار و لایەنییەوە مشتومالْکردن هەڵدەگرێ و زێدەڕۆیی نییە بڵێم تا سەدەیەکی دیکەیش پێویستە دۆسیەی زیندووی کورد بێ لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانی دا، هاوشێوەی دادگای نۆرەمبێرگ و دادگاکاییەکانی دیکەی تاوانی نێودەوڵەتی.

رەوشــی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان مایەی تێڕامانی وردو قسەلەسەرکردنن، بەر لەهەر ئاماژەدانێک ناتوانین ئەو وتەیەی سەرۆکی داواکاریی گشتی (جەعفەر موسەوی) بەوپەڕی بایەخەوە بەگرنگ و لەهەمانکاتدا بە(کەمەرشکێن) نــاوزەد نەکــەیـن، کە بەمەبەستی ناساندنی دۆسیەی ئەنفال خوێندیەوە و لەدووتوێیدا چەندین وتەی جوانی نەبیستراوی هێشتا نەوتراوی خستەڕوو، وێنە و بەڵگەی زیندووی چاوەڕواننەکراوو، راستی بەیاسا موتوربەکراو، دۆکیۆمێنتی بەهێزی وەکو پوختەو نمونەی ناساندنی ئەنفال و پیشاندانی وێنەیەکی دروستی ئەو تاوانە پێشکەشکرد، دواتریش جێگری داواکــاری گشتی (مونقز ئالفیرعەون) بەناساندنی بڕیار و راسپاردەکانی ســەدام و عەلی حەسەن مەجید-ی تایبەت بە ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال، بابەتەکەی کردەوە، هەر لەبڕیاری ژمارە (١٦٠)ی رۆژی ١٩٨٧/٣/٢٩ مەجلیس قیادە

سەورە؛ کە تیایدا دەسەڵات دەداتە عەلی کیمیاوی بەسەرۆکایەتیکردنی هەموو دامودەزگانی دەوڵەتی عێراقی لەسنوری کوردستان، دواتر ئاماژەیدا بەبڕیاری ژمارە (٤٠٠٨) ی رۆژی ٢٠/٦/١٩٨٧ کە عەلی حەسەن مەجید ئاڕاستەی هەرسێ فەیلەقی جەیشی عێراقی کردووە کە لەکوردستاندا بوون، ناوەڕۆکەکەیشی بەمەبەستی مامەڵەکردنە لەگەڵ گوندەکان و نەهێشتنی بوونی مرۆییە تیایاندا؛ بە بەکارهێنانی چەکی قورس و فڕۆکە و هێلیکۆپتەر بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی گوندەکان، ئەمە جگە لە لەسێدارەدان و کوشتنی هاووڵاتی لەتەمەنی ( ١٥ ساڵەوە بۆ ٧٠ ساڵ)، دوای وەرگرتنی زانیاری لێیان.

ئەم زانیارییانە و چەندینی تر؛ هەر لەناساندنی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال، تا سوتاندن و رووخاندنی گوندەکان؛ هەموو ئەوانەو بڕێکی باشترو دانسقەتر لەبەڵگەی زیندووی حاشاهەڵنەگر، ناوەڕۆکی بابەتەکانی هەردوو داواکاریی گشتییان پێکدەهێنا، وەک بینیمان بەجیاوازی یەکەم دانیشتنی دۆسیەی دوجێل، هیچ یەکێک لەتاوانباران نەیانتوانی لەبەردەم ئەو هەموو بەڵگەو بابەتانەی پێکهێنەری راپۆرتی داواکارانی گشتیدا، قسەیەک یان بەرپەرچدانەوەو قسەپێبڕینێک بکەن، لەکاتێکدا ناوی سەدام و عەلی حەسەن مەجید دووبارە و سێ بارە بووەوەو رەفتارەکانیشیان بە وەحشیگەرانە ناوزەدکرا، واتە دەستپێکی یەکەم دانیشتنی دادگاییەکە بەو چەشنە؛ بەهێزو پڕ بەڵگە بوو، لەوەش گرنگتر پارێزەرانی داکۆکیکار لەسەدام حسێن و تاوانبارانی دیکە،

وەک پیشەی پێشووتری دۆسیەی دوجێل، هاتنە سەر قسەکردن لەسەر پێکهێنانی دادگاییەکە و بەئاڕاستەی ناشەرعیبوونی و، بەچەند بیانوویەکی بەناو یاسایی بێهێز، دەیانویست تانە لە دادگاییەکە بدەن، بەڵام هەر زوو دادوەر ئەو رۆڵەی لێوەرگرتنەوەو بیانووەکانیانی پوچەڵکردەوە. خەلیل دلێمی پارێزەری سەدام حسێن بەدیوێکی تردا وەکو موەکیلەکەی، ئەویش خۆی لەو باسە پڕ بەڵگەیەی داواکارانی گشتی دزییەوەو خۆی لەقەرەیان نەدا، هەرچەندە وەک لەدۆسیەی دوجێل-دا بینرا، مشتومڕ و قسەکردن لەسەر یاسایی بوون یان نەبوونی دادگای باڵای تاوانەکان چەندین دانیشتنی برد، بەڵام لە دۆسیەی ئەنفالدا هەر لەیەکەم دانیشتن و لە بەراییدا ئەو مەرام و بەلاڕێبردنی دادگاییەکە لەلایەن پارێزەرانی تاوانبارانەوە کرایە بڵقی سەرئاو، وەک هەڵوێستێکی دادوەرانەی بەرزیش کە تێبنی کرا دادوەر (عەبدوڵڵا عامری) رێگەی بەهەردوو پارێزەری ئەردەنی و میسری، نەدا راستەوخۆ وەکو پارێزەری بەرگریی لەتاوانباران بەشداری بکەن، پێی راگەیاندن کە تەنیا دەتوانن وەکو راوێژکاری پارێزەرە عێراقییەکانی داکۆکیکار لەتۆمەتباران، لەناو دادگادا کار بکەن، ئەو یاسایەی دادگاییەکەی پێ بەڕێوە دەبرا، دادوەر ئەو مافەی نەدانێ و هەردوو پارێزەرەکە چوونە دەرەوە، ئەم هەڵوێستە کاریگەریی دروستکرد هەم بۆ رەوشی دادگاییەکە و هەم بۆ دۆسیەکەش.

## پارێزەرانی کورد ،داکۆکیکاری خۆبەخش

زۆر بە وردییەوە چاودێری بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگا دەکرا، رۆڵی هەر یەک لە پێکهێنەرانی دادگاییەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا، پارێزەرانی خۆبەخش کە بۆ پشتیوانی لە قوربانیان و سکاڵاکارەکان ئامادەییان هەبوو، بەتایبەتی چاودێری دەکران، ئەوان ئەرکی خۆیان بەجێ دەگەیاند، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەزموون لەدادگاییەکی هاوشێوەو هاو کەیسدا، پرۆسەکە بۆ ئەوانیش ئاسان نەبوو.

لەکاتی چوونمان بۆ بەغدا، سەردانی جێگری داواکاری گشتی (مونقز ئال فیرعەون)مان کرد، ئەو رای لەسەر پارێزەرانی کورد باش نەبوو، بەڵکو بەبێ توانا و بێ ئەزموون باسی کردن، بەڵام وتی:» خودی دۆسیەکە زۆر بەهێزەو پڕ بەڵگەیە، بۆیە هەموو کەموکوڕییە شکڵییەکان دادەپۆشێت.

پارێزەرانی کورد شەش کەس ئامادەی دانیشتنە سەرەتاییەکانی دادگا بوون.

زیاتر لە ١٠٠ پارێزەری خۆبەخش لە لقەکانی پارێزەرانی کوردستانەوە ناوی خۆیان تۆمارکرد بۆ بەشداریکردن لە دادگای ئەنفال بە خۆبەخشی، بۆ یەکەم دانیشتن ئەم ناوانە دیاریکران و بەشدار بوون.

ئەیاد ئیسماعیل کاکەیی

هەدار زوبێر بارزانی

عەبدولرەحمان زێباری

محەمەد سالّح ئامێدی

مستەفا عەسکەری

مستەفا عەلی ئەحمەد

بەشێکی زۆر لەو تێبینیانەی لەسەر دادوەر و تاوانباران و داکۆکیکاران و ئینجا سکالاکەر و پارێزەرانی کورد هەبوون، پڕ بوون لە راستی، نوسەران لە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بە وریاییەوە قسەیان لەبارەوە کرد.

رۆڵ و ئامادەیی پارێزەرانی داکۆکیکار لەسکالاکەرە - شایەتحاڵەکان لەبەرچاو بوو، چونکە ئەوان توانییان رۆڵێکی گەورە لە دەمکوتکردن و دەرنەچوون لە دۆسییەکە و چێوەی یاسایی بەخشین بە وتە و داواو سکالای شایەتحاڵەکان و هێزێکی زیاتر و وزەی باشتر ببەخشنە بەڵگەی تاوانەکان، هەڵەو کەموکوڕییەک کە بووە، ناکاتە سڕینەوەی هێزی خۆبەخشانەیان، ئەو ناوانە لەم دۆسیە گرنگەدا هەرگیز فەرامۆش ناکرێن.

پارێزەرێکی تاوانباران هەوڵی دەدا بەقسەی نایاسایی، بیری شایەتحاڵەکە بشوێنێ و پەستی بکات، بۆ حاڵەتێکی لەم جۆرە دەبوو دەمودەست پارێزەرانی داکۆکیکار لە شایەتحاڵ موداخەلە بکەن، کە چەند جارێک لەدادگادا ئەمە روویدا، ئەو بیانوەش لاواز بوو کە یەکێک لە پارێزەرەکان لە دانیشتنێکی دادگادا بەو جۆرە پاساو

بێنێتەوە، کە ئەوان خۆیان ناخەنە ئەو ئاستە نزمەی پارێزەرانی تاوانبارانەوە و وەڵامیان بدەنەوە، هەرچەندە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دەربڕینە دوور لەیاساییانەی پارێزەرانی تاوانباران و دەرچوونیان بۆ دەرەوەی بابەتی سکاڵاکە و شێوازو دەستەواژەی یاسایی بەهێز هەبوون، بۆ رەتدانەوە و وەستاندنیان لەو هەڵسوکەوتانە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە وەک زانرا بۆ دانیشتنەکان (شەش) پارێزەر ئامادە دەکران، بەڵام لەهەر دانیشتنێکدا سێ لەپارێزەرەکان بۆیان هەبووە بچنە ژوورەوە، سێ پارێزەرەکەی تریان لەدەرەوەی هۆڵەکە بوون و لەدانیشتنی دواتردا لەسەر هەمان بابەت ئاڵوگۆڕیان بەجێگاکانیان دەکەن!

ئەو حاڵەتەش بووە مایەی پچڕاندنی زانیاری و ئاگایی لە وردو درشتی دانیشتنەکان لای پارێزەران، یەکێک لە پارێزەرەکان لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا وتی: «داوامان کردووە کورسیمان بدەنێ، دادوەر و دادگا رازی نەبوون.» بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئایا نەدەکرا تانە بگرن و داکۆکی بکەن کە دەبێ هەر شەشیان ئامادەییان هەبێ و فشار بخەنە سەر ئیدارەی دادگا لەکاتێکدا یاسا رێگەیان دەداتێ؟ بۆچی بۆ داکۆکیکەرانی تاوانباران رەوابێ کورسی ریزکرابێ؟ زیاد لە هەشت و دە پارێزەریش لەناو هۆڵی دادگادا ئامادەییان هەبێ، بۆ پارێزەرانی کورد رەوا نەبێ، لەکاتێکدا دادگا دەبوو بەتەواوی یەکسانی پایە و پێگەی پارێزەرانی کورد و ژمارەیان لەبەرچاو بگرتایە.

## هێزی دۆکیۆمێنت

کەیسێکی ٩٠٠٠ لاپەڕەیی، راپۆرتی شارەزایانی گۆڕی بەکۆمەڵ و ێنەو کاسێتی دەنگی و ڤیدیۆیی، ئامادەبوونی دەیان سکالاکار و شایەت، هەگبەی دۆسیەی ئەنفال بوو لەدادگا.

چاوەڕوانکرا دۆسیەی ئەنفال لە دادگایی جەلاد و داروودەستەکەیدا، پڕبێ لە بەڵگە و دۆکیۆمێنتی بەهێز و سەلمێنەر بۆ ئەو تاوانانەی لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا بەعس لەکوردستاندا ئەنجامیداوە، هەرواش دەرچوو.

چونکە تائاستێکی باش کارکرابوو بۆ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی شایەتحاڵ و نووسراوی فەرمی لەبڕیار و رێوشوێنی ئەنجامدانی شاڵاوەکان، باشترین کەرەستەش لەبەردەستدابێ و لەکاتی خۆیدا بەتوانا و خەمخۆریی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان کۆکرابێتەوە و پارێزرابن، ئەو شانزە تۆن بەڵگەنامەی دامودەزگاکانی رژێم بوو، کە لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا گیرابوون و، دواتر رەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرابوون.

لەوێشەوە خرانە بەردەست رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ، (میدل ئیست وۆچ) یش بەگەیشتنی بەڵگەنامەکان کە پێنج ملیۆن لاپەڕەی هەمەلایەنە بوو، کاریان لەسەر کرد. لەسەرەتادا بە مەبەستی ئامادەکردنی فایلێک بۆ دادگاییکردنی سەرانی رژێمی

بەعس لەدادگاییەکی نێودەوڵەتیدا بەتاوانی جینۆسایدی کورد، چەند ستافێکی کاریان پێکهێنا.

ئەو سەردەمە چەندین لێکۆڵەرەوەو شارەزای کورد و عیراقی بانگهێشتکران بۆ پشکنینی بەڵگەنامەکان و (٢٥) کەسیان لەوانە کورد بوون، بەو مەبەستەش لەرووی مەیدانییەوە رێکخراوەکە تیمێکی لەبەشی رۆژهەڵاتی رەوانەی کوردستان کرد (میدڵ ئیست وۆچ)، بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون و شارەزابوون بەو تاوانانەی سەردەمی رژێم و ئاسەوارەکانی. هەرچەندە ئەو مەبەستەی رێکخراوەکە هەیبوو کە لە ئایندەدا لەدادگاییەکی نێودەوڵەتیدا ئەو دۆسیە بکاتەوە وا دەرنەچوو، بەڵام بۆ دۆسیەی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان و دۆسییەکانی دیکە، لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق ئەو بەڵگەنامانە خرانە بەردەست شارەزاو لیژنەکانی لێکۆڵینەوە، وەک بەڵگە ئامادەکران. سوودی زۆر لە بەڵگەنامەکان بینرا کە لەلایەن خەڵک و جەماوەری راپەڕیوی کوردستانەوە دەستی بەسەردا گیراو پارێزرا، دواتریش لە قەڵاچۆلان هەمووی کۆکرایەوە.

شۆڕش حاجی، کە یەکێک بووە لەو لێکۆڵەرانەی لەڕێگەی رێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ-ەوە کنەو پشکنینی بۆ ئەو چەند تۆن دیکۆمێنتانە کردووەو لە کتێبی (ئەنفال، کورد و دەوڵەتی عیراق) باس لەوە دەکات کە مەبەست لە پرۆژەی دۆکیۆمێنتەکان بۆ ئەوە بووە رژێمی عیراق بەتاوانی جینۆسایدی کورد بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە جگە لە خۆی، ٢٥ لێکۆڵەرەوەو وەرگێڕ لەو پرۆژەدا کاریان کردووە، پرۆژەکەشیان دوو ساڵی خایاندووە.

دۆکیۆمێنتەکان ژمارەیان لە پێنج ملیۆن لاپەڕە زیاتر بووە، دۆکیۆمێنتەکان پڕ بووە لە بڕیار، راپۆرت، لێکۆڵینەوە، ڕێوشوێن، تەشکیلاتی دامودەزگاکانی حکومەت و کۆپی هەموو بڵاوکراوەیەک کە حزب و لایەنە کوردییەکان لە پەنجا ساڵی رابردوودا دەریانکردووە.

بەشێکی زۆر لەو بەڵگەنامانە هەر لەبڕیارو راسپاردەو ئەنجامی رەفتار و نووسراوەکانی دامودەزگا سەربازیی و ئەمنی و حزبییەکانی رژێمەکە، دەقی ئەسڵین و بەئیمزای تەڕ و مۆری تەڕەوە دەستکەوتوون.

ئەمە جگە لەوەی لەچەند کاتێکی جیاواز و ڕێگەی ترەوە بەڵگەی جۆراوجۆرو سوودبەخش بۆ بەهێزکردنی دۆسیەی ئەنفال لەدوای راپەڕین و دواتریش دوای پرۆسەی ئازادیی عیراق دەستکەوتن، هەموو ئەوانە تێکڕا لەگەڵ ئەو شایەتحاڵانەی لەدانیشتنەکانی دادگادا ئامادە بوون و سکاڵایان تۆمارکرد، دۆسیەی ئەنفالیان پڕ بەڵگەو دۆکیۆمێنت کرد.

لە کاتێکدا هێزی تاوانەکە راستەوخۆ هێزی یاسایی دیاری دەکات، ئەنفالیش بەپێی خوێندنەوەی یاساناسان و چاودێرانی یاسایی، هەمەلایەن و پڕ بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بوو، تۆمەتباران لەبەرامبەریاندا زۆرتر دەستەوەستانن، چونکە خودی عەلی حەسەن مەجیدیش لەچەندین بۆنەی جیاجیادا بە بەڵگەی ڤیدیۆیی تۆمارکراو دانی بەو تاوانانەدا ناوە، ئەمەش بەشێکی دیکەی پێکهێنا لەبەڵگەی بەهێزی ناو دۆسییەکە.

لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٩١ ی نێوان رژێمی سەدام و بەرەی کوردستانی لەبەغدا، کاتێک مام جەلال پرسیاری سۆراغ و چارەنوسی ئەنفالکراوەکان لە سەرانی گفتوگۆی رژێم دەکات و دەڵێت چارەنووسی ١٨٢٠٠٠ هەزار خەڵکەکەمان بۆ ئاشکرا بکەن، عەلی حەسەن مەجید توورە دەبێت و لەوڵامدا دەڵێ: سەد هەزار زیاتر نەبوون.

ئەمە دانپیانانێکی رووبەڕوو و ئاشکرابوو هەم بۆ شاڵاوی ئەنفالکردن و هەم بۆ ژمارەیەک کە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار مرۆڤ کوشتنیان بەلاوە زۆر نەبووە.

## لە ناحیەی رزگاری و کەلار چیمان کرد؟

لە ئامادەکاریی و خۆسازدان بۆ رۆژە مێژووییەکەی عێراق، دادگاییکردنی سەدام حسێن لەسەر دۆسیەی ئەنفال، وەک سەنتەری ئەنفال و ناوەندی چاک، ئامادەکاریمان کرد بۆ خۆپیشاندانێکی پشتیوانی لە دادگاکە.

رۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ لە ناحیەی رزگاری یەکێک لەو کۆمەڵگایانەی دانیشتووانەکەی زۆرینەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی لێ نیشتەجێن.

خەڵکێکی زۆر ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوو، پێشتر لافیتەو پۆستەرمان ئامادەکردبوو، دران بەخەڵکەکەو بەرزیان کردبووەوە.

بەیاننامەی سەنتەری ئەنفال و ناوەندی چاک من خوێندمەوە، باسی ئەوەم کرد لەم مەسەلەدا بەرپرسیارییەتی ئەخلاقی هەمووانە ئەم کەیسە بەرز رابگرین و داوای سزای شایستەو عادیلانەی تاوانبارانم کرد.

ئینجا پارێزەر فەرهاد حاتەم وتەیەکی یاسایی لەبارەی گرنگیی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ خەڵکەکە خستەڕوو.

خۆپیشاندانەکە بە وتەی سروە محەمەد، بەڕێوەبەری ناحییەکە، کۆتایی هات.

هەر هەمان رۆژ، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ لەکەلار سیمینارێکی بۆ من و فەرهاد حاتەم سەبارەت بە گرنگی دادگاییەکەو

بایەخی بۆ مەسەلەی کورد لەسەر ئاستی دونیا، ڕێکخست.

لەو ڕۆژەدا خەڵک زۆر پەرۆش بوون بۆ پرسی ئەنفال و چاوەڕوان بوون ئەم بابەتە ببێتە ستراتیژێکی سیاسیی و نیشتمانیی لای دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، بەڵام وەکو کورد دەڵێ گوێز بە مایە دیارە، ئێستا کە ئاوڕدەدەینەوە، دۆسیەی ئەنفال بەگشتی و دادگای ئەنفال بەتایبەتی، لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورد دا وونە.

## چارەنووسی قورئان و مزگەوتەکان لەئەنفالدا

راستە ئەنفال لە قورئانی پیرۆزدا وەک سوورەتێک هاتووە، بەڵام رەگ و ریشەی وشەی (ئەنفال) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، لەڕووی مێژووییەوە بنەڕەتی بەکارهێنانی لەناو کەلتووری دەوارنشین و خێڵی عەرەبدا رسکاوە، لەناو فەرهەنگی زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیشدا بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام هەبووە.

بۆ نمونە، لەبەیتە شیعرێکی شاعیری سەردەمی جاهلی عەنتەرەی کوڕی شەداد، ئەو وشەیە هاتووە کە دەڵێ:

**«انا اذا حمس الوغی نرمی القنا**
**و نعف عن تقاسم الانفال»**

لەرووی زمانەوانییەوە ئەنفال کۆی وشەی (نفل)ە، کە بەمانای (زیادە) دێت، بەڵام بەهاتنی ئیسلام و بەتایبەتی لەدوای شەڕی بەدر، کە بە رۆژی فرقان ناسراوە، لەناو ئەدەبیاتی ئیسلامیدا ئەم وشەیە زۆر و زیاتر دەناسرێ، بەتایبەتیش کاتێک وەکو سوورەتێک لەسوورەتە پێکهێنەرەکانی قورئان دەبینرێ، ئەگەر وشەی ئەنفال و بەتایبەتیش شەڕی بەدر کە بە سەرۆکایەتی پێغەمبەر بەڕێوەچووە، بۆ پارێزگاری لەماناو مەکانەتی ئیسلام و وتەکانی خوداوەند بووبێ، ئەوا لەسەر دەستی رژێمی بەعس لەعیراق و سەدام حسێن دا،

ئەم وشەیە مۆتوربە بەتەکنیک و ئایدۆلۆژیای بەعس، لەزەمان و زەمینێکی تردا بەکارهێنراوە، ئەویش بەرانبەر نەتەوەیەک کە کوردە و لە مێژووی دوور و نزیکدا خزمەتی گەورەی بە کەلتورو مێژووی ئیسلام کردووە، بە جۆرێک گەر زێدەڕۆیی نەبێ، عەرەب خۆیان هێندەی کورد پارێزگارییان لێنەکردووە، بەرانبەر بە کۆمەڵێکی بێدەرەتان و بێچەک و لەناو ئەو شاڵاوانەشدا کە لەژێر ناوی ئەنفال کرایە سەر کوردستان، سەدان مزگەوت لەگەڵ روخاندنی گوند و شارۆچکەکاندا تووشی بۆمباران و دواجار روخاندن و تەختکردن هاتن، لەگەڵ چەندین تەکیە و خانەقا و جێ نزرگەی پیاوچاکان و لەخواترسان، بەهەزاران کتێبی قورئان و بەرماڵی نوێژ کەوتنە ژێر دار وپەردووی سەدووتاوی ماڵ و خانووی گوندنشینان و، پەڕەکانیان سوتێنران و دڕان.

ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت و لەمێژووی کۆن و نوێدا نمونەی کەمە، ئەوەیە رژێمی عێراق تاکە رژێمێکە لەدونیادا زۆرترین زیانی لەناوو ناوبانگی ئیسلام دابێ، بەتایبەتیش کە قسە دێتە سەر تاوانەکانی ئەنفال، دەبینین قورئانی پیرۆز و مزگەوت و تەکیە و خانەقا و مەرقەدەکان بەجۆرێک دەستدرێژییان کراوەتە سەر، هیچ ئاکارێک دینی و دونیایی هەڵی ناگرێ، بۆیە لەمەشدا ئەو رژێمە وەک چۆن ناوی دەچێتە مێژووەوە وەک ترسناکترین رژێمی دژ بە مرۆڤایەتی لە مێژووی هاوچەرخ و سەردەمی مۆدێرنەدا، ئاوەهاش بە بەکارهێنانی وشەی ئەنفال و دواجار دەستدرێژیکردنە سەر پیرۆزییەکانی ئیسلام لەشاڵاوەکانی ئەنفالی هەشتاو هەشتدا،

ئـەوەی پێدەبڕێ وەک رژێمی دژە ئایین و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان ناوی بچێتە مێژووەوە، لەم رووەوە ئەرکی زانایانی ئایینی و مەرجەعییەتە دینیەکان و ناوەندە ئیسلامییەکان و رێکخراوی جیهانی ئیسلامییە، بۆ پرۆسەی دادگایی سەرانی رژێم و ئاکامەکانی هەڵوێست و گوتاری جدییان هەبێ و، زۆرترین گوتارەکانی رۆژی هەینی و رۆژانـی تریان تەرخان بکەن بۆ قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە.

بەکارهێنانی دین لە کۆمەڵکوژی و شەڕدا بابەتێکی نوێ نییە، بەشێکە لە رەفتارو میکانیزمی دەسەڵاتە خوێنڕێژەکان.

تەنیا بەکارهێنانی ناوی ئەنفال بۆ شاڵاوی کۆمەڵکوژی کورد لەکوردستانی عیراقدا، بەسە بۆ دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعس، بۆ ئەوەی ببێتە پەندو دەرس چیتر بەناوی ئایین و بەکارهێنانی ئایینەوە، گەلێکی موسڵمان نەکرێتە ئامانجی قڕکردن.

ئەنفال سورەتی هەشتەمە لە قورئاندا. ژمارەی ئایەتەکانی ٧٥ ئایەتە.

(يسْأَلونَكَ عَنِ الاَنفَالِ قلِ الاَنفَال لِلَهِ والرَسولِ فَاتَقواْ اللَهَ وأَصْلِحواْ ذَاتَ بَيْنِكمْ وأَطيعواْ اللَهَ ورَسوله إِن كنتم مؤْمِنِينَ).

## ژنە رووسوورە شایەتحاڵەکانی ئەنفال

بەپێچەوانەی ئەو ژنانەی لەدۆسیەی دوجێل-دا شایەتییان لەپشتی پەردەوە دەدا، ژنانی شایەتحاڵی دۆسیەی ئەنفال رووبەڕووی تاوانباران رووسوورانە و جەسوورانە دەدووان.

ژمارەیەک ژنی قوربانی و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، داستانێکی یاسایی و ئازایی ژنی کوردیان لە بەرگری لە خۆیان و لە نەتەوەو مرۆڤایەتیش تۆمارکرد.

بەداخەوە رای گشتی کوردستانی و میدیاکان وەک پێویست چەلەنگیی و ئازایەتی ئەو تەوارە بریندارانەیان نەخستە بەرچاو، خوێندنەوەیان بۆ کاریگەرییەکانی نەکرد و غەمساردانە لێیجولانەوە. ژنانی وەک (خونچە کەریم، ئامینە ئەحمەد عەلی، شەمسە رۆستەم، فەهیمە حەمەئەمین کەریم، دکتۆر کاپرین ئەلیاس میخایل، عیسمەت عەبدولقادر، نەجیبە قادر ئەحمەد، فەوزیە مەحمود ئەشرەف). دەبوو هەموو ساڵێ لەرۆژی دادگایی ئەنفالدا مەراسیمیان بۆ بکرایەو بەشانازی و شکۆوە ناویان بەرز رابگیرایە.

نەجیبە قادر لە دووەم دانیشتنی دادگادا زۆر بە سادەیی و رەوانی باسی ئەو مەرگەساتانەی دەکرد کە بەسەریاندا هاتووە، بەڵام سەدام حسێن بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی دادگاکە، دەستیکرد بە هوتاف کێشان و دەیوت (الشعب العراقی) نەجیبەش لەناو قسەکانیدا

وەڵامی دایەوە، وتی: ئەی ئێمە بەشێک نەبووین لە گەلی عیراقی، بۆ کوژراین و زیندەبەچاڵ کراین؟

هەر بەو سادەیی و زمانە پاراوەوە بە جلوبەرگە کوردەوارییەکەیەوە، بەرامبەر تاوانباران و لە دادگا بە ئاشکراو بێ سڵکردنەوەو شەرمکردن، رووی سووری خۆیان و نەتەوەکەیان سوورتر کرد.

شەمسە کاکەبرا، یەکێکی تر بوو لەو ژنانەی دوای راپێچکردنی بۆ نوگرەسەلمان، بەر لێبوردن کەوتووە، گەڕاوەتەوە باسی لەئەنفالکردنی گوندەکەیانی دەگێڕایەوە، وتی: ناسنامەی خۆم و کۆبوونی خۆراکەکەم لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا لە سەماوە دۆزراوەتەوە، بەڵگەکانیش لەسلایدی دادگاکەوە پیشاندرا کە لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بوو.

ژنانی ناو ئەنفال، ژنانی بەجەرگ و ئازان، خاوەنی چیرۆکی ئەفسانەیی سەرسوڕهێنەرن، جگە لەوەی بیرەوەریی و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەوان بەشێکن لە پاراستن و وونەبوونی تاوانەکە، ئامادەییان لە دادگادا هاوشانی پیاوەکان داستانی گەورەیی ژنی کوردیان تۆمارکرد.

میمکە فەیمەی خوشکی دایکم، خاوەنی پێنج کچ و دوو کوڕی ئەنفالکراوە لەگەڵ کچەزایەکی، ئێستاش بەو جەرگ سوتاوییەوە کە دەیبینی ژیانت لا جوانتر دەکات، ئەوەندە بەویقار و بەشانازییەوە باسی قوربانییەکانی دەکات.

ئەو ئەوەندە حەسرەتی قوڵە، گریان ناتوانێ گوزارشت لەناخ و جەرگ سووتاوییەکەی بکات، لەکاتی دادگایی سەدامدا چووم سەرم لێی دا، وتم بزانم چی ئێژێ لەسەر مەحکەمەکەی سەدام و عەلی کیمیاوی، خۆی ئاسا وتی: خوا حەقی سەندین و دڵم ئاسوودەیە، هەرچەندە ئیتر چاوەڕوانی هاتنەوەی مناڵەکان نیم و تەواوبوون.

سەلام عەلی، یەکێکە لە نوسەرەکانی بواری ئەنفال، دایک و دوو خوشکی ئەنفالکراوە، لە ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی لەگەڵ دەیان ژنی ئەنفالدا کردووە، بەشێک لەو ژنانە لە نوگرەسەلمان هاتوونەتەوە.

کە گوێ لە قسەو بەسەرهاتەکانیان دەرگریت، هیچ ویژدانێ بەرگەی ناگرێت.

ئەو پیرە ژنانەی سەلام عەلی دیداری لەگەڵیان کردووە، ئێستا هەرە زۆرینەیان لە ژیان نەماون و چاوی چاوەڕوانییان بەتەواوی لێکنا.

## ٤٠٪ ی سوپا بەشداری ئەنفالیان کردووە

فەیلەقی یەکی سوپای عیراقی، سوڵتان هاشم فەرماندەی بووە، فەیلەقی پێنج، ئەیاد خەلیل بووە، ئەم دوو فەیلەقەی سوپا راستەوخۆ بەشداریی شاڵاوەکانی ئەنفالیان کردووە.

بەپێی یەکێک لە نوسراوەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عیراق کە ئاڕاستەی هەردوو فەیلەقەکە کراوە، رێنمایی پێداون لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانی شاڵاوەکان.

بۆ نمونە لە دانیشتنی ژمارە ٣٣ دا، داواکاری گشتی بەڵگەنامەیەکی خستەڕوو بە ژمارە ٣٤٩ لە١٩٨٨/٤/٢٧ لەژێر ناونیشانی تەعلیمات، ئاڕاستەی هەردوو فەیلەقەکە کراوە لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال.

لەبەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە، شاڵاوی ئەنفالی چوار لەناوچەی شوان جێبەجێدەکرێت، لەچوارچێوەی پلانێکدا لەبەڕێوەبەرایەتی پلاندانانەوە نەخشەی بۆ داڕێژراوە بۆ لێدان و تێکدانی پێشمەرگە. ئاماژە بەوەشکراوە لەم پەلاماردانەدا عیتادی خاص، واتە چەکی کیمیایی بەکاردەهێنرێت لەڕێگەی ئاسمانیی و مەدفەعی الانبوبیە، لەگەڵ فڕۆکەی سەمتی.

پاشان لەهەمان دانیشتنی دادگادا سوڵتان هاشم چەند روونکردنەوەیەکی دا سەبارەت بە بەڵگەنامەکەو پشتڕاستی کردەوە

کە دروستە، وتی: بەڵام دوو بڕگەیە، ئەو بەشەی باسی عیتادی خاص دەکات پەیوەندی بەمنەوە نییە.

وتی: تەنانەت من هیچ جۆرە عیتادێکی خاصم وەرنەگرتووە، هەموو بڕیارەکان لە ئەرکانی سوپاوە هاتوون و ئەو گەنجینانەی هەموو چەکە قورسەکانی تێدابووە لەلایەن ئەرکانی سوپاوە سەرپەرشتی کراوە. لێرەدا سوڵتان هاشم هەوڵی دەدا بەرپرسیارێتیەکە لە ئەستۆی خۆی نەهێڵێت.

سوڵتان هاشم بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و وتی: من وەکو خۆم بەشداریم لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا نەکردووە، بەڵکو وەکو دامەزراوەیەکی سەربازیی کە خاوەن کیانی خۆیەتی فەرمانم پێکراوەو فەرمانەکەم جێبەجێکردووە.

لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا نزیکەی ٤٠٪ ی سوپای عیراقی بەشداری تێداکردووە، دەبوو ئێمە لە دادگایەکی سەربازی نەک مەدەنی دادگایی بکرایاین، چونکە ئێمە بەسیفەتی کەسێکی سەربازی هەستاوین بەو کارە، من ئەرکێکی سەربازیم جێبەجێکردووە، ئەگەر فەرمانم جێبەجێ نەکردایە، بەپێی یاسای سەربازی گوللەباران دەکرام.

## ٧٠ فەوجی جاش بەشداریان لە پرۆسەی ئەنفالدا کردووە

لە چوارچێوەی وەرگرتنی وتەی راستەوخۆدا لەبەردەم سەرۆکی دادگا، تاوانبار سوڵتان هاشم باسی لەبەشداریی جاش لە ئەنفالدا کرد.

لە دانیشتنی ژمارە ٤٢ی رۆژی ٢٠٠٧/٢/١١ بە دوورودرێژی باسی سەرەتا و کۆتایی شاڵاوەکانی ئەنفالی کرد.

سوڵتان هاشم رایگەیاند: لە ساڵی ١٩٨٧ فەرماندەی فەیلەقی شەش بووم لە عەمارە. بەفەرمانی نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، ئەرکی بەرپرسیارییەتی فەیلەقی یەک-م وەرگرت، ئامانج لەوەش رووبەڕووبونەوەی دوژمن بوو لەناوچەکانی باکوور، لەو کاتەدا هێزی ئێرانی هاتبوون تا شارۆچکەی ماوەت، بڕیارەکە جێبەجێکرا، دواتر فەرمانمان بۆ هات شاڵاوی ئەنفال دەستپێبکەین، لە١٩٨٨/٢/٢٢ یەکەم قۆناغی شاڵاوی ئەنفالمان ئەنجامدا، هەواڵمان بۆ هاتبوو کە ئێران بەهاوکاری پێشمەرگە دەیەوێت هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و دووکان بتەقێنێتەوە، هەروەها پێشمەرگە لەچالاکییەکانی سوپای ئێران بەشداربووە. لەپرۆسەکەدا هەرسێ فەیلەقی یەک و دوو و پێنج بەشداریان کردووە، لەگەڵ چەندین فیرقە و فەوجی پارێزگاری نیشتیمانی.

سوڵتان هاشم لەو بارەیەوە روونیکردەوە کە: ئەنفالی یەک ١٥ رۆژی خایاندووە، سنووری فەیلەقی ئێمە لە سلێمانی و دەربەندیخان تا دووکان و بەرەو سنووری ئێران شوێنی چالاکی بووە، فەیلەقی پێنج لە شاخی ئاسۆس-ەوە تا ناوچەکانی زاخۆ-ی لەبەردەست بووە، فەیلەقی دوو سنوورەکەی بریتی بووە لە ناوچەکانی کەلار و کفری و خورماتوو.

سەبارەت بە راگواستنی گوندکانی کوردستانیش، گوتی: ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ١٩٧٧ ەوە هەبووە تەنیا لە ئەنفالدا نەبووە، بەڵام لە ئەنفالدا پرۆسەکە چڕترکرایەوە، پرۆسەی راگواستن لە گوندە سنوورییەکاندا ئەنجامدراوە، راگوێزراوەکان قەرەبووکراونەتەوە.

هەروەها سوڵتان هاشم باسی هەردوو گوندی سەرگەڵوو، بەرگەڵووی کرد وتی: بەتەواوی روخێنران، بەڵام گوندەکانی دیکە دووسێ ماڵی لێ دەڕوخێنرا، بەپێی راپۆرتی هەواڵگری سەربازیی هەنگاومان دەنا، ئەو سەردەمە وڵات لەبەردەم مەترسیدا بوو، هەرچی خەڵکی سڤیل و گوندەکان هەبوو، ئێمە رەوانەی مەکتەبی تەنزیمی باکوورمان دەکرد، ئێمە فەرمانی کوشتن و لەسێدارەدانمان پێنەبوو، ئەنفالی یەک لە ١٩٨٨/٢/٢٢ دەستی پێکردو لە ١٩٨٨/٣/٨ کۆتایی هات، سەرجەم شاڵاوەکانی دیکەیش قۆناغی دەستپێک و کۆتایی هەیە.

لەبارەی رۆڵی جاشەکانەوە، سوڵتان هاشم باسی لەوەکرد: ئەمانە کۆمەڵێ چەکداری کورد بوون، کە لە نزیکەی ٢٥٠ فەوج پێکهاتبوون، ئەم فەوجانە زۆرتر لەلایەن سەرۆک عەشیرەتەکانەوە

بەڕێوەدەبران، هەر فەوجێک لە ٣٠٠ کەسەوە بۆ ٤٠٠٠ هەزار کەس دەبوون، لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا نزیکەی ٦٠ -٧٠ فەوجی جاش بەشدارییان کردووە، ئەم فەوجانە لەکاتی شاڵاوەکاندا راستەوخۆ سەر بە فەیلەقەکان بوون و بەشێوەیەکی سەرەکی بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کرد، جگە لەوانیش حەمید خەلیل شەعبان بەرپرسی هێزی ئاسمانیی عیراق بووە.

هاوکات، حەکیم حەسەن عەلی بەرپرسی فڕۆکەوانی سەربازیی سوپای عیراق، لە وەڵامی سەرۆکی دادگادا، گوتی: بەشداری قۆناغەکانی ئەنفالی یەک و دوو سێ و چوار و هەشت-م کردووە، سوڵتان هاشم لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، مەدالیای ئازایەتی لەلایەن سەدام حسێن-ەوە پێ بەخشراوە.

## مام جەلال و شایەتیدان لەدادگایی سەدام حسێندا

بۆ زانینی هەڵوێستی سەرۆک کۆماری عیراق مام جەلال، لەبارەی دادگاییکردنی سەرۆک کۆماری پێشوو سەدام حسێن، رۆژنامەی شەرق ئەوسەت و کەناڵی ئەلعەرەبیە. لەدەستپێکی دادگاییەکەدا بەجیا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرۆک مام جەلال کرد. لەبارەی بەڕێوەچوونی دادگاییەکەش بۆچونی خۆی خستە روو. بابەتی دادگاییکردنی سەرۆک کۆماری پێشووی بەستۆتەوە بە گۆڕانی حوکمڕانی لە عیراق و، کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی. لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کەپێی وترا رژێمی سەدام لە ئەنفالدا ئێوەی بەئامانج گرتوە وەک شایەتحاڵ بەشداری دەکەیت لەدانیشتنەکانی دادگادا؟.

لە وەڵامدا سەرنجی دادگاو رای گشتی و یاساناسانی بۆلای خۆی راکێشا. مام جەلال وتی:-(کاتێک دادگا بانگم بکات ئامادە دەبم) ئەم دەستەواژەیە، 'دادگا بانگی بکات' لەمەغزادا چەندین خوێندنەوەی نوێ لەژیانی سیاسیی، بەتایبەتی پێگەی سەرۆک کۆماری عیراق هەڵدەگرت بۆ ئەو ساتەوەختە. چونکە ئەمە یەکەم جاربوو سەرۆکێک لەماوەی زیاتر لە سی و پێنج ساڵی رابردووی ئەم وڵاتەدا بەئاڕاستەیەک قسە بکات، کەدەرخەری ئەوەبێ هیچ بەرپرس

و دەسەڵاتدارێک چیتر لەعیراقی دوای بەعس و دیکتاتۆریەتدا لەسەرووی دادگاو یاساوە نابێت. سەروەریی یاسا پارێزراو بێت و هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن. لەنزیکترین کاردانەوەدا بۆ ئەم دەستەواژەیەی بەکاری هێنا. جەعفەر موسەوی سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی دادگاکە رایگەیاند: مانای ئەوەیە عیراق خێری بەسەردا باریوە. کە مام جەلال بەم دەربڕینە رێز لە دادگا و یاسا دەگرێت. ئەمە با ببێتە بنەما بۆ هەمووان. هەروەها وتی: یەکەم کەسیش کەئەمەی خستە چوارچێوەی دەستەواژە راستەقینەکەیەوە، مام جەلال بوو. بۆ سەرۆک کۆمارێک کەهەموو تەمەنی لەخزمەت ئـازادی و بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکاندا بەخەرج دابێت. بەسەختترین رێگای خەبات لەشاخ و شیاوترین شێوازی سیاسی و دیبلۆماسی بۆ دژایەتیکردنی دیکتاتۆریەت گرتبێتە بەر، دەبێ بەو جۆرە هەڵوێست بنوێنێ.

مام جەلال مافپەروەر بووەو لەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادی گەلانی عیراق بوە سەرۆکی عیراق. ئەگەر وەکو شایەتحاڵیش بەشداری دادگای بکردایە ئاسایی دەبوو، چونکە خۆی کەسێکە رێبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی شاڵاوی ئەنفالی کردوەو؛ لەنزیکەوە لەگەڵ خەڵکدا ژیـاوەو هێرشی کیمیایی کراوەتە سەر. وەک کەسێکی ئاساییش زەرەرمەند بوەو، ماڵیشی وەک هەزاران خەڵک و شایەتحاڵەکانی تر رووخێنراوە.

کاتێک حوکمی لەسێدارەدان بۆ سەدام حسێن دەرچوو لەسەر دۆسیەی دوجەیل. بەپێی حوکمە بەرکارەکانی یاسا لە عیراقدا دەبێت

سەرۆک کۆمار واژۆی ئەو حوکمە بکات.

کە حوکمی لەسێدارەدانەکە دەبرێتە بەردەم سەرۆکی عیراق مام جەلال، واژۆی بڕیارەکە ناکات. دیارە لەبەر دوو هۆکار خۆی لە شوێنی جیاجیادا ئاماژەی پێکردوە.

یەکەم: لەسەردەمی پێش رووخانی رژێمی سەدام، مام جەلال وەک پارێزەر ئیمزای لەسەر لائیحەیەکی نێودەوڵەتی کردوە بۆ ئەوەی سزای لەسێدارەدان لە جیهاندا هەڵبوەشێتەوە. لەچاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ رۆژنامەی شەرقی ئەوسەت جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە.

دووەم: وەک جێگری سەرۆکی رێکخراوی ئینتەرناسیۆناڵی جیهانی. وەک چەترو رێکخراوی سەرجەم حزب و پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی جیهان، گونجاو نەبوو. وەک خۆشی دەڵێ لەبەر ئەوەی من ئیشتراکیم تەحەفوز ئەکەم و ئەو ئیشە بۆ دوو جێگرەکەم بەجێدێڵم.

کاتێک مام جەلال بەو هەڵوێستەوە بیروبۆچوونە راستەقینەکانی خۆی لەسەر پرۆسەی دادگایی سەدام و سەرانی تری رژێمەکە دەردەبڕێت، دەبێتە جێگای مشتومڕی هەمە لایەنە لە دونیای عەرەب و، رای گشتی عیراق بەتایبەتی. میدیاکان ئەو هەڵوێستە کۆنەی سەدامیان تازە کردەوەو باس دەکردەوە لەبارەی مام جەلالەوە کە بڕیاری لێبوردنی بۆ هەموو کەسانی دژ بە رژێمەکەو موعارەزەی کوردستانی و عیراقی دەردەکرد. لە خواری بڕیاری عەفوەکەدا دەنوسرا ئەم لێبوردنە تەنیا جەلال تاڵەبانی ناگرێتەوە. واتە تەنیا کەسێک دەرفەتی ژیان و مانەوەی نەدرابێتێ لەعیراقدا لەلایەن

سەدام و رژێمی بەعسەوە مام جەلال بووە.

ئەوەش دەرخەری ئەوەبووە رژێمەکەی سەدام حسێن لەیەکەم هاتنە سەر دەسەڵات لە کودەتای سەربازی دوانەی (بەکر - سەدام) لە ١٧/تەموز/١٩٦٨ دوە، مام جەلالی بەمەترسی گەورە لەسەر دەسەڵاتەکەی زانیوە. تواناو رێبەرایەتیکردنی ئەویان بۆ وەرچەرخان لە عیراق لایان شتێکی دیراسەکراوو چاوەڕوانکراو بووە. لەبەر ئەوەش هەر کاتێک ئەو لێبوردنە ساختەیەی ساڵانە لەبۆنەکانی بەعس و موناسەباتەکانی خۆیاندا بۆ (یاخیبوان) دەریان دەکرد. لەدوا دێڕی (عافوات) ەکانیاندا ئەو دێڕە دەنوسرا (ئەم لێبوردنە هەموو کەسێک دەگرێتەوە لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات تەنیا جەلال تاڵەبانی نەبێت). وەک شایەتحاڵێکی ناو رووداوەکانی ئەنفال و هەم وەک شکایەتکارێک لەسەر ئەو ستەمانەی دەرهەق بەخودی خۆی و گەل و نەتەوەکەی کرا، بەبۆچوونی من ئاسایی بوو مام جەلال بچێتە بەردەم دادگا.بەڵام نەچوو.

لە شوێنێکی تردا مام جەلال لەبارەی دادگایی سەدام حسێن و رۆڵی دادگاییەکە پرسیاری لێ کرا، لە وڵامدا وتی 'من وەک سەرۆک کۆمار هەرچۆن و بەهەر بارێکدا قسە بکەم لەوانەیە کاریگەری لەسەر رەوشی دادگاکەو بابەتی سەربەخۆیی دادگاکە دابنێ. بەڵام دادگایی کردنی ئاشکرای سەدام حسێن یەکێکە لە ئاماژەکانی گۆڕانکاری'.

لە سەردەمی خەباتی شاخیشدا کاتێک دادگای شۆڕش سزای ئیعدامی دەرکردبێت بەدەگمەن مام جەلال وەک رابەری شۆڕشی

نویێ واژۆی کردوه.

ئەو ساتەوەختەی حوکمی لەسێدارەدان بۆ سەدام دەرچوو لە شەقامەکانی بەغداو شارەکانی تر شەڕێکی خوێناوی لەنێوان سونەو شیعە بەرپابووبوو لە ژێر ناوی ئیرهاب و دەسەلات!

مام جەلال لەم مەسەلەیەدا دور بین و ورد بوو، نەیدەویست کێشەی قوڵ و مێژوویی لەنێوان سونەو کورد دروست ببێ، لەکاتێکدا دەیزانی ئەگەر بڕیاری دادگاش واژۆش نەکات سەدام هەر لە سێدارە دەدرێت و شیعەکانی کاربەدەست مەبەستیان بوو رۆژێ زووتر کۆتایی بەژیانی بهێنرێت.

ئەو خۆ بەدورگرتنەی لە ئیمزاکردنی حوکمی لەسێدارەدانی سەدام دوربینی مام جەلالی دەرخست و ستایشی هەڵوێستی کرا، لەبەرامبەردا تووشی رەخنەش نەبوەوە. نە لە کوردستان و عیراق، نەلەئاستی جیهانی عەرەبیش.

چونکە شۆڤێنیەتی عەرەبی نیگەران بون بە بڕیاری لەسێدارەدانی سەدام.

نەک هەر ئەوە بۆ لەسێدارەدانی تارق عەزیز جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، مام جەلال لە رێگەی کەناڵی فرانس ٢٤ ی فەرەنسیەوە بەمیدیاکانی جیهانی راگەیاند ئیمزا لەسەر حوکمی لەسێدارەدانی ناکات. وتی لەبەر ئەوەی تەمەنی لەحەفتا ساڵ تێپەڕی کردوه.

تارق عەزیر لەبەرئەوەی مەسیحی بوو دەوڵەتی ڤاتیکان بە رەسمی داوای لە عیراق کرد، لە سێدارە نەدرێت.

رووسیاش ئەو داوایەیان کردبوو سزاکەی بگۆڕدرێت.

جگە لەم بابەتە چیرۆکی زۆر لەنێوان مام جەلال و سەدام وەک دوو نەیارو دوژمنی  مێژوویی هەبووە.

دوو هەفتە پێش رووخانی سەدام لە ٢٠٠٣/٣/٢٦ نامەی بۆ مام جەلال نارد کە پشتگیری ئەمریکیەکان نەکات لە رووخاندنیدا، لە نامەکەدا باسی ئازایی مام جەلال دەکات لە بڕیاردا. هەروەها زمانی نامەکە هەڕەشەی دیبلۆماسیانەی تێدایە کە ئەگەر لە( باکور) ەوە هاوکاری ئەمریکیەکان بکەن عاقیبەتی باش نابێت.  مام جەلال لە ٢٠٠٣/٤/٤ پێنج رۆژ پێش کەوتنی، وڵامی نامەکەی سەدام دەداتەوەو، بۆی دەنوسێ" بیستم و دواتر نامە هەڕەشە ئامێزەکەتانم خوێندەوە کە بۆ منتان ناردبوو، هەرچەندە بە ئاواتەوە بووم نامەکەتان بەمەبەستی ئاشتبونەوەی نیشتمانی بوایە، لەسەر بنەمای کۆتایی هاتنی دکتاتۆریەت و دامەزراندنی حوکمێکی دیموکراسی پەرلەمانی فیدراڵی فرەیی لە عیراق. بەداخەوە ئێوە دەرسی پێویستتان لەکارەسات وماڵوێرانی وەرنەگرتوە. کە بەهۆی دیکتاتۆریەتی سەرەڕۆوە بەسەر گەلی عیراق و ئابوریەکەی و سوپاو قەوارەکەو شەڕی ناوخۆو هەرێمایەتی و جیهاندا هات. هەڕەشە کردنتان بۆش و پووچە. چونکە سەرکردایەتی هاوبەشی کوردی رایگەیاندوە کەلە موسڵ و کەرکوکەوە هیچ جەبهەیەکی باکور نیە. دواتر ئێوە بە درێژایی حوکمتان گشت جۆرە زوڵم و دوژمنکاریەکتان دژ بەگەلی کوردستان کردوە، کە باپیرانتی حەواندەوە، کاتێ والی بەغدا لەسەردەمی عوسمانیدا، هەڕەشەی لەناوبردنی لێکردن. ئێوە

وەک یەکەم حاکم کە دەستی بۆ چەکی کیمیایی بردبێ دژی گەل و هاونیشتمانی خۆی، چووە مێژووەوە. بە ئاشکرا شانازیتان بە چالاکیەکانی ئەنفالەوە کرد. کە تاوان و دوژمنکاریەکی قێزەونی لەمێژوودا بێ وێنەیە. هێزەکانی ئێوە گشت گوندو شارۆچکەیەکی کوردستانی عیراقی وێران کرد.......هتد

بەڕێز سەدام حسێن گەر ئێوە دڵسۆزی بەرگریکردنن لە عیراقی مەزن ئەوە بەجەنگی ماڵوێرانکەری دۆڕاو کە ئەنجامەکەشی روون نابێ، بەڵکو بەوە دەبێ کە دەست لەکار بکێشنەوەو دەستبەرداری حوکم ببن و بیدەنە دەست وەزارەتێکی نیشتمانی هاوپەیمانی گەل و نیشتمان، کەلە شەڕی دیکتاتۆری رزگاری بکات. بەم جۆرە کۆتایی بەژیانی سیاسی خۆت بهێنی.....

سڵاو لەو کەسەی رووی لە روناکیە.

مام جەلال ٢٠٠٣/٤/٤

ئەوەبوو ئەمریکاییەکان بەشێک لە بینا گرنگەکان و دامەزراوەکانی بەغدای پایتەختیان وێران کرد ئینجا سەدام لە ٢٠٠٣/٤/٩ بەجێی هێشت و چووە کونەوە.

"بەشێک لە کتێبی دۆسیەی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، لەئایندەدا بڵاو دەبێتەوە".

## رۆیشتن بەرەو دادگا

وەکو عورفێکی یاسایی چۆن لەدادگای ئاشکردا کەسانی تر ڕێگەپێدراون بەشداری دانیشتنەکانی دادگا بکەون و ڕەوشەکە ببینن. بەم جۆرەش دوای ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە لەکوردستانەوە بۆ بەغدا بەمەبەستی ئامادەبوون لەچەند دانیشتنێکی دادگادا؛ وەکو میوانی چاودێر داوەت کراین بەشداری بکەین لەبینینی چۆنێتی بەڕێوەچوونی دانیشتن و ڕەوتی دادگاییەکە. ڕووبەڕوو لەناو هۆڵی دادگــادا، جۆری مامەڵەکردنەکان لەگەڵ یەکدیداو بەتایبەتیش کەهەندێک لە گفتوگۆو لێپرسینەوەکان لەتەلەفزێنەوە پیشان نەدەدران.

ڕۆژی هەینی بوو ٢٠٠٦/١٠/٦ لەگەڵ هەریەک لە (محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، لەتیف فاتیح فەرەج، تەها سلێمان، عومەر محەمەد، عەبدوللا کەریم مەحمود، مەجید ساڵح، سالار مەحمود)، بەو پێیەی ئەم ناوانە بەشێک لەو نوسرانە بوون لەڕووی نوسین و کاری ڕۆژنامەوانییەوە، بایەخ بەئەنفال و دۆسیەی کۆمەڵکوژی کورد دەدەن بە نوسینی کتێب و دەرکردنی بڵاوکراوەو دۆکیۆمێنتکردن.

کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لەسلێمانیەوە بەفڕۆکەی مەدەنی بەڕێکەوتین بەرەو بەغدا. شایەتحاڵەکانی ئەنفال ئەوانەی وتەیان لێ وەردەگیرا لە دادگا بەفڕۆکەیەکی تایبەت کاتژمێر دوانزەی

نیوەڕۆ بەر لەئێمە ڕۆیشتن. بەر لەوەی بگەینە ناو هۆڵی چاوەڕوانی فڕۆکەخانەکە شایەتحاڵکانمان بینی بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمیان لەگەڵ بوو.

هەر لەدوورەوە بەدەنگێکی بەرز بەرپرسەکە پێی وتین ئەوە شایەتحاڵەکانم هێناوە! بەبێ حسابکردن بۆ ئامانەتی پاراستنی ئەرکەکەی بۆ خۆ دەرخستن، چونکە لەو ناوە ڕێبوارو مسافیرو خەڵکانی تریش هەبوون. لەو ساتەوەختەوە جارێکی تر ئەو بڕوایەم لا زیاتر چەسپی کەئەم کوردە نهێنی و حساباتکردنی وردو

هەندێ مەسەلەی وەک ئەمنی نیشتمانی و ئاسایشی تاکەکەسی نازانێت. یاخود هێشتا زۆرمان ماوە!. فڕۆکەکە فڕۆکەخانەی بەجێهێشت. کوردستان لەئاسمانەوە زۆر وشکەلانی و بێ سەوزایی بوو. بۆ یەکەم جار ئەوەندە دیقەت بدەم و تێگەیشتم وڵاتەکەم چەن وشک و چۆڵ و کەم سەوزاییە. سود لە جۆگەڵەو باراناوو ئاوو رووبارو کانیاوەکانی وەرنەگیراوە. بۆ سەوزکردن و کشتوکاڵ و ئاودێری یا بۆ جوانکردن. تورکیاو ئێرانم لەئاسمانەوە بینیوە چەندە تەڕوو زەمینی یەکپارچە باخ و دانەوێڵەو سەوزایی بوو. ئەوروپا هەر بەسروشت سەوزو دارستانی رەش و کەس زەوی داپۆشیوە. کوردستانم لەئاسمانەوە بینی نیشتمانی هەژاریی وشکایی. یەکەم جاریشم بوو سواری هێڵی ئاسمانی عیراقی و فڕۆکەی عیراقی ببم. تەنیا جارێکیش بەو جۆرە بەخەیاڵمدا نەهاتبوو، بۆ بەغداو بۆ مەبەستێکی ئاوا رۆژێک بێت و بە فڕۆکەی ئەو وڵاتەی هەموو تەمەنی مناڵی خوشک و براو دایک و خۆم و هاو گوندییەکانمی پڕپڕ

کردبوو لەترس و تۆقاندن. بەتایبەتیش بۆ مەبەستێکی وەک ئەوەی ئێمەی بۆ بانگهێشت کرابووین هەرگیز چاوەڕوان نەکراوبوو.

لەسلێمانیەوە بۆ بەغدا لەپەنجەرەی فڕۆکەکەوە سەیرم دەکرد بزانم وڕێڵە لە ئاسمانەوە دەبینم. وڕێڵە ئەو گوندەی کەدەکەوێتە قوڵایی گەرمیان و لەساڵی ١٩٨٢ تاوەکو ئەنفالەکان لەوێ نیشتەجێ بووین، ئەو ساڵانە هەر کاتێ دەنگی فڕۆکەو کۆپتەر ئەهات. قیژەو هاواری هەمووان، بەرز ئەبوەوەو ئاوایی ئەشڵەژا مرۆڤ و ئاژەڵی ئاوایی بەیەکا ئەچوون. ئەو ترس و ناڵەو هاوارە لەگەڵ گەورە بوونما هەر گەورە ئەبوو. قەت ئەو ترس و زەندەق چوونەم لەبیرناچێ؛ کە بەتایبەتی (سیروان و سۆران) کاتێک کۆپتەر ئەهاتە سەر ئاوایی و رامان دەکردە ناو (مەلجەئەکەوە) کونە تەیارە لەناو مەلجەئەکەدا هاواریان ئەکرد، دایە چەقۆیە بکە بەسکمانا بائیتر گوێمان لەو دەنگ و نەڕەیە نەبێ. مناڵ هەبوو میزی بەخۆیدا ئەکرد. خوایە ئەبێ چی لەدەنگی تەیارەو کۆپتەر تۆقێنەرو ترسێنەرو مەرگهێنەرتر بێ؟ بەو پەڕی دڵنیاییەوە هیچ؛ بەتایبەتیش ئەو کاتەی هەست دەکەی دەنگەکە لەسەر سەرتەو خەریکە هەڵتەگرێ یا دەتپێکێ.

نیوان سلێمانی و بەغدا بە ٣٥ دەقیقە تەیکرا. لەفڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی دابەزین. فڕۆکەخانەیەکی گەورەو سەربازگەیەکی گەورەی ئەمریکایی و ناوچەیەکی پارێزراو لەمەترسی تیرۆرو تەقاندنەوە. لەوێوە بەرەو ناوچەی سەوز بەڕێکەوتین حاکم ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی پەرلەمانی عیراق چاوساغمان بوو. ماوەی رێگای فڕۆکە خانە تادەگەیتە ناوچەی سەوز بەڕێگای مەرگ ناسراو

بوو. بۆیە بەخێراییەکی زۆر ئەو ڕێگایە بڕدرا. چەندین پرسگەی ئەمریکیمان تێپەڕاند.

لەیەکێک لەبازگەکاندا سەگی پۆلیسی پشکنینی کرد، شۆفێرەکە بەتوانجەوە بە پەرلەمانتارەکەی چاوساغمانی وت: جەنابت نوێنەری گەلی و سەگیش سەرو سمتمان ئەپشکنێ، ئەمە کەی حکومەتدارییە، ئەمە کەی سەروەریە ئێوە هەتانە. ناوچەی سەوز؛ ناوچەیەکی دابڕاوە لەتەواوی ناوچەکانی تری پایتەخت.

هەرکەس و شۆفێرێک کارتی تایبەتی پێنەبێ ناتوانێ داخڵی ئەو ناوچەیە ببێ، چونکە جگەلە مام جەلال، کەبارەگاکەی بردۆتە دەرەوەی ناوچەی سەوز. هەموو حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی دەوڵەت و سەفارەتەکان و ماڵی بەرپرسان لەوێیە بەبینای دادگاییەکەشەوە.

لەناوچەی سەوز لەوبەری شوقەکانی قادسیەوە بەدرێژایی هەزاران مەتر بینای نوێ و باڵەخانە دروست دەکران، یەکێک پێی ڕاگەیاندین ئەو بینایانە بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکایەو؛ وا بڕیارە بۆساڵی ٢٠٠٧ تەواو ببن، گەورەترین سەفارەتی ئەمریکایی دەبێت لەهەموو جیهاندا. لەمشکی خۆمدا وتم جێهێشتنی عیراق لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە بۆ چەندین ساڵی تریش بەشێکە لەمەحاڵ. باس لەوەش کرا؛ کەسەفارەتە نوێیەکە پێنج هەزار کارمەندی پێویست دەبێت بۆ کارکردن تێیدا.

لەباسێکی تردا باسی سەردانی دادوەری دادگام کردوە بەڵام وەک سەرنج لە دیداری دادوەر محەمەد خەلیفە ئەلعرێبی بەمەبەستی گەیاندنی پرسەو سەرەخۆشی لێکردنی بەهۆی

لەدەستدانی زاواکەیەوە کەتیرۆریستان لەپەلاماریکیاندا کوشتبوویان و خوشکەکەی دادوەریش بریندار ببوو، هەر ئەو رۆژەی گەیشتین بۆ شەوەکەی سەردانی ماڵ دادوەر محەمەد خەلیفە ئەلعریبی مان کرد. مامۆستا محەمەد حەمەساڵح وتی بەناوی خەڵکی کوردستان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە، سەرەخۆشیت لێ دەکەین و هەڵوێستە یاسایی و عادیلانەکانت بەرز تەماشا دەکەین. دەرفەتێکی باش رەخسا بەکراوەیی باسمان لەواقیعی تێڕوانین بۆ رەوشی دادگاییەکەو رای خەڵکی کوردستان لەسەر رۆڵی دادوەر خۆی و، ئەو تێبینیانەی هەمانبوو بەوردیو لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە دەبینرا باس کران. دادوەر پێی خۆشبوو بزانێ؛ کەخەڵکی کوردستان لەچ ئاستێکدا موتابەعەی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگاییەکە دەکەن. دیاربوو مەبەستیشی بوو کەگەلی کوردو کەسوکاری ئەنفالەکان لێی رازی بن لەسەر پاراستنی عەدالەتی دادگاکەو لانەدان لە رەوتە یاساییەکەی. لەو سەردانەدا هەستم بە نیگەرانی دادوەرەکە کرد، لەباری هەبوونی ململانێی تایەفی کەلەعیراقدا بەجۆرێک پەرەی سەندوە، گەیشتۆتە ناو دەستەی دادگاکەش. ئەو وای پیشان دەدا کەئەو ئەندامانەی دەستەی دادگاییەکە کەلەعەرەبی سوننەن، هەندێ جار کێشەو گرفتی بۆ دروست دەکەن. لەکاتێکدا رائد جوحی سەرۆکی هەیئەی دادگای باڵای تاوانەکان لەعەرەبی سونەیە. لەماڵی داوەردا سێ کەس لەیاریدەدەرەکانی لەوێ بون بەر لەوەی هەستین یەکێک لە یاریدەدەرەکانی بەپێکەنینەوە وتی سەدام و ئەوانی تر لە ئەنفالدا دەرباز نابن، محەمەد ئەلعریبی زۆر بەراشکاوی باسی

لەکاریگەریەکانی تاوانی ئەنفال لەسەر هەست و بیری کرد. وتی بەو دەربڕینانەی شایەتحاڵەکانی ئەنفال هێندەی تر ئاستی زوڵم و تاوانباریی و بێبەزەیی سەدام و دارو دەستەکەیم زیاتر لا چەسپاوە. وتی هەرچەنە ناهێڵم کاربکاتە سەر پاراستنی بێلایەنی دادگاییەکە، ناشهێڵم بکەومە ژێرباری سۆزەوە. باسی ئەوەیشی کرد دۆسیەی ئەنفال دۆسیەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بەبەڵگەی زیندووی هەمە لایەنە. دیمەنێک لەماڵەکەی ئەو حاکمە عەرەبەدا سەرنجمی راکێشا، ئەویش بینینی وێنەی مام جەلال بوو بەهەڵواسراوی لەسەرووی ژوورەکەدا.

وەکو کوردێک جگە لەوەی خۆشحاڵ بووم بەو دیمەنە. لەوە تێگەیشتم کەمام جەلال لەبەغداش هەر زوو توانیویەتی بچێتە ناو دڵی خەڵکەوە.

## سەدام حسێنم چۆن بینی؟

بینینی دادگاکە لە تەلەفزیۆنەوە زۆر جیاوازە وەک لە ئامادەبوونت لەناو هۆڵی دادگاکە.

لەوەش زیاتر، بینینی سەدام حسێن لەتەلەفزیۆنەوە زۆر جیاوازە وەک لەوەی لەڕوو بیبینیت.

سەدام حسێن لەخەیاڵدانی هەموو کەسێک لەعیراقدا ئامادەیی هەبوو، هەریەکە بە جۆرێک، لە خەیاڵدانی مندا تەنها ئەو دیوەم دەبینی کە سەرچاوەی تارمایی و ترس و کوشتن و وونکردنە.

هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات رۆژێک بەهەر جۆرێ بێ بیبینم، لەو کەسانە بووم بە ووردی چاودێریی رەوشی دادگایی بەعسییەکانم دەکرد لە دۆسیەی ئەنفالدا، بۆ هەر دانیشتنێکی دادگا وتارێکم لەسەر دەنووسی و بۆ رۆژی دواتر لە کوردستانی نوێ بڵاودەبووەوە.

سەرەتای مانگی حەوتی ساڵی ٢٠٠٦ پێیان وتم میوانداری کراویت بچی بۆ بینینی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی دۆسیەی ئەنفال. قسەم لەگەڵ لەتیف فاتیح فەرەج و عومەر محەمەد-ی ئەنفالستان کرد، دیاربوو ئەوانیش لەلایەن کامەران چاوشین-ەوە ئاگادارکرابوونەوە.

وا رێککەوت رۆژی ٦/٧/٢٠٠٦ لەڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە سەفەرمان کرد بۆ بەغدا، لەفڕۆکەخانەی بەغداش بەناو دۆخێکی

دژواری نائارامی و نائاسایشدا بە رەتڵێکی ئۆتۆمبیلەوە براین بۆ ناوچەی سەوزی بەغدا، کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوو، تا گەیشتن بە شوقەکانی بەناو قادسیە زیاتر لە پێنج بازگەی توندی سەربازیی لێبوو.

چونکە ئەو سەردەمە خودی سەدام و دارودەستە گیراوەکەی لەناوچەی سەوز زیندانی بوون و بارەگای دادگای باڵای تاوانەکانیش لەناو ناوچەی سەوز بوو لەناو بینای قیادەی قەومی حزبی بەعس.

هاوسەفەرەکانم بریتیبوون لە ( محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، لەتیف فاتیح فەرەج، عومەر محەمەد، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، مەجید ساڵح، تەها سلێمان، سالار مەحمود).

پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغدا لەو ماوەیەی لەبەغدا بووین زۆر زۆر هاوکارمان بوون و بەپەرۆش بوون لەگەڵمان، بە تایبەتی پشتیوان ئەحمەد و خالید شوانی و رابیحە خان.

رۆژی ٧/٦ براین بۆ کۆشکی کۆنگرەکان (قەسری مؤتمرات) بۆ پڕکردنەوەی فۆڕم بەئامانجی دروستکردنی ناسنامەی چوونەژوورەوەی دادگاو وەرگرتنی زانیاری.

هەموو ئەو رێوشوێنانە لەلایەن هێزی سەربازی و ئەمنیی ئەمریکاییەوە ئەنجامدەدرا.

دوای سێ رۆژو لە ١٠/٧/٢٠٠٦ بەیانیەکەی بە پاسێکی گوللەنەبڕی سەربازیی ئەمریکی (درع) سوارکراین بەرەو دادگای باڵای تاوانەکان.

لەناو رێوشوێنێکی ئەمنیی توندوتۆڵدا هەمەری ئەمریکی لەپێش

و دواوەمان دەڕۆیشتن، کە گەیشتینە شوێنەکە، بە دوو پرسگەی پشکنینی ئەلیکترۆنیدا تێپەڕین و دوو دوو دەبراینە سەرەوە، عومەر محەمەد و من پێکەوە بووین، دۆخەکە لە فلیمی مەترسیدار دەچوو، ڕێوشوێنەکان زۆر توند بوون، فڕۆکەی زۆر بەسەر ئاسمانی شوێنەکەوە بوو، براینە نهۆمی چوارەمی بیناکە، کە هۆڵی دادگاکەو شوێنی دانیشتنی ئێمە بوو.

کاتژمێر نۆو پەنجا خولەکە گەیشتینە ناو هۆڵی دادگا لەبەشی سەرەوەی هۆڵەکەدا شوێنی میوانەکان بوو، میوانەکان بریتی بووین لە نۆ کوردو حەوت بیانی. کە پرسیارمان کرد؛ ئەم بیانییانە چ کارەن؟ وتیان نوێنەری دادگای ئەوروپی و، دادوەریی بیانی و نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و بەرپرسی یاسایی باڵۆزخانەکانن.

بەر لەوەی دانیشتنەکە بکرێتەوە، لەشوێنی خۆمان دانیشتین و هەرکەسەو ئامێری گوێگرتن (هیدفۆن)یان داینێ، کە چوار کەناڵی هەبوو، کەناڵی سفر دەنگی ناو هۆڵەکەی دەگواستەوە، کەناڵی یەک بۆ زمانی عەرەبی، کەناڵی دوو بۆ زمانی کوردی، کەناڵی سێ بۆ زمانی ئینگلیزی بوو.

جامخانەیەکی شووشەیی بەشە میوان و هۆڵەکەی جیادەکردەوە، واتە ئێمە لەودیو شووشەکەوە دەمانتوانی هەمووان ببینین.

لەهەرچوار گۆشەی سەرەوەی هۆڵەکەدا کامێرای تەلەفزیۆنی بۆ رووماڵکردنی هۆڵەکە هەڵواسرابوو، دیابوو وێنەی بەڕێوەچوونی دادگاییەکە لەو کامێرایانەوە دەگوازرانەوە.

هەروەها هۆڵەکە دوو سورەیای گەورەو چواری بچوکتر لەگەورەکانی لەبنمیچەوە بۆ خوار تیا هەڵواسرابوو. هەموو

ئەو کورسییانە لە هۆڵەکەدا بوون؛ بەوانەی کە ئێمەیشی لەسەر دادەنیشتین هەمووی کورسی دەوار بوون، بەڵام کورسی تۆمەتبارەکان نەجوڵاوو پێدار بوون و پێکانیان ئیستیل بوو. بۆ هەر یەکێک لەخانەی قەفەسی تۆمەتبارەکانەوە جیهازی مۆنیتەر دانرابوون؛ بۆ ئەوەی لەکاتی پیشاندانی هەر بەڵگەیەک یان نوسراوو وێنەیەک لەشاشە گەورەکەی ناو هۆڵەکە؛ لەنزیکەوە بەڕوونی ببیبنن.

بۆ تۆمەتبارەکانیش مایکرۆفۆن دانرابوو. ئەمە جگە لە ئاوی کانزایی و پاکەتی کلێنس کە بۆ تۆمەتبارەکان لەسەر ئەرز لەتەنیشت کورسییەکانیانەوە دانرابوو.

ژوورێکی لاکێشەیی دوو ریز کورسی چەرم (جلد) وەک هی سینەما، نێوانی ئێمەو هۆڵی دادگاکە بە جامی شووشە بەین درابوو، بە جۆرێک بەبێ مایکی گوێگرتن دەنگ لە هۆڵەکەوە نەدەگەیشتە ئێمە.

بەرلەوەی دانیشتنی دادگا دەست پێبکات، ئێمەیان لە شوێنی خۆمان داناو هەر کەسەو باجی خۆی لەملدابوو، ژمارەی باجەکەی من وابزانم ٦١ بوو.

پەردەی بەردەممان لادراو دادگاییەکە بەدەنگێکی بەرز کرایەوە وتی: (محکمە).

شوێنی ئێمە لەبەرزیی بوو لەپشتەوەی قەفەزی تۆمەتبارەکان و ڕێک بەرامبەر سەرۆکی دادگا.

ساتەوەختێکی ئاسایی نییە، بۆ هەموو هاوڕێکانم و بەتایبەتی بۆ منێکیش کە منالی ناو ئەنفال بووم و گوندەکەمان (وڕێڵە) لەگەرمیان

بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، لەژیانیشمدا تا ئەم نووسینە، هیچ هۆڵێکی دادگای ئاساییم نەبینیبوو.

کە بەعەرەبی و یەکەم جار بانگی تۆمەتبار سەدام حسێن کرا، لەبەینی دوو پاسەوانی عیراقیدا سەدام هات و دەرکەوت پاڵتۆیەکی رەش و کراسێکی سپی لەبەربوو، قورئانێکی بەدەستەوە بوو.

سەدام لەسەر کورسییەکەی خۆی لەپێشەوە دانیشت، بەدوای ئەویشدا سوڵتان هاشم و فەرحان موتڵەگ ئەلجبوری و حسێن رەشید و صابر عەبدولعەزیز حسێن ئەلدووری و تاهیر تۆفیق یوسف، ئینجا عەلی حەسەن مەجید؛ کەدوایین کەسیان بوو، بە گاڵۆکێکەوەو دشداشەیەکی قاوەیی و عەگاڵێکی سوورەوە لەهەموویان هیلاکتر دیاربوو، هاتە ژوورەوە. لەوە بەدوا دادوەر بانگیکرد شایەتحاڵ بێتە ژوورەوە، شایەتحاڵ ژنێکی خەڵکی گوندی کۆرمۆر-ی سەر بەناحیەی قادر کەرەم بوو، ژمارەی ئیفادەکەی (١٤١٣) بوو.

سەدام داوای لە پاسەوانەکان کرد کە دەفتەری تێبینی نوسینی بۆ بهێنن، بۆیان هێنا، بەڵام دادوەرەکە ئاگاداری کردەوەو پێی وت نابێت لەخۆتەوە داوا لە پاسەوان بکەیت بۆ هەر شتێک، هەر داوایەکی ئینسانی یان پێویستییەکتان هەیە بەخۆم بڵێن بۆتان جێبەجێ دەکەم، دیاربوو سەدام دەیویست لەو سەرەتایەوە رەوتی دادگاییەکە بگۆڕێت،

سەدامم بینی بڕوای بەدادگاییەکە نەبوو، خۆی مات و بێدەنگ کردبوو، هەر کە دەیزانی مایکی بەردەم دادوەرەکە سوور بووە بەمانای ئەوەی جەلسەکە پەخش دەکرێ، دەستی دەکرد بەجوڵەجوڵ

و هەوڵی تووڕەکردنی دادوەرو دەستەی داواکاری گشتی دەدا، یان لەجێی خۆیەوە قسەی دەکردو هوتافی دەکێشاو رەوشی دادگاکەی نائارام دەکرد.

جگە لەوە زۆربەی کاتەکە سەری لەسەر دوو لاپەڕەی قورئان بوو بەرزی نەدەکردەوەو گوێ قوڵاخی وتەی شایەتحاڵەکانی ئەنفال و سکاڵاکارەکان نەبوو، رۆژی یەکەم چوار شایەتحاڵی گەرمیانی شایەتیان لەسەر پرۆسەی ئەنفال دا.

پێویستەی قسەی شایەتحاڵەکان بەکوردی بڵاوبکرێتەوە و هەموو کوردێک بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێ چەند بەسادەیی و راستگۆیی رووداوەکانی ئەنفالیان دەگواستەوە.

سەدام لەناو قەفەسی دادگاشدا هاوڕێکانی وەک سەرکردەی خۆیان سەیریان دەکرد، حسابیان بۆ هەر جوڵەیەکی دەکرد.

بەو حوکمەی لەپێشی هەموویانەوە دانرابوو، لە شۆفێری پاس دەچوو، ئەوانی دیکەیش وەک نەفەر سەیریان دەکرد بزانن چ قسەو ئیعازێکی هەیە.

دوای دوو سەعاتێک لەبەڕێوەچوونی دادگاکە، سەدام رووی خۆی بەلای دەستی راستیا وەرگێڕاو لە شوێنی خۆیەوە دەستیکرد بە نوێژکردنی نیوەڕۆ، بەو جۆرە روخساری زۆرتر لێمەوە دیاربوو رەنگی زەردهەڵگەڕاو بوو، لەماوەیەکی ئاسایی زیاتر خۆی مەشغوڵکرد بە نوێژکردنەوە، پێدەچوو زۆر ناڕەحەت بووبێ بە قسەی شایەتحاڵە ژنەکان کە باسی ئەو هەموو نەهامەتی و بەزۆر راگواستن و جیاکردنەوەیان دەکرد لە مێردو باوک و براکانیان.

سەدام داوای چوونە دەرەوەی لە قەفەزەکە کرد، دادوەر محەمەد عوریبی ئیزنی دا، لەکاتی چوونە دەرەوەدا بە چاوێکی پڕ لە توڕەییەوە سەیری دەستەی داواکاری گشتی کردو تێپەڕی، دوای دە خولەک هاتەوە ژوورەوە.

پاسەوانەکە تا لای کورسییەکەی ناو قەفەزەکە یاوەری سەدامی کرد، لەو کاتەدا سەدام زۆر بەتوندی پاڵێکی بە سەربازەکەوە ناو کردییە دەرەوە لەقەفەزەکە، سەربازەکە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو.

عەلی کیمیاویش دشداشەیەکی سپی لەبەربوو، لە ریزی دواوە دانیشێندرابوو،

پرسیاری لە یەکێک لە شایەتحاڵەکان کرد کە چیکردووە لە (منگقە المحرمە)و قەدەغەکراو ئێوە بۆ ماونەتەوە لە ناوچەیەکی چۆڵ و نائاوەدان، شایەتحاڵەکەش وتی: ناوچەی قەدەغەکراوی چی! ئێمە لە گوندەکەی خۆمان بووین، رەبیەیەکی سەربازیی عیراقیش بەسەر گومدەکەمانەوە بوو، ئەگەر ناوچەکەمان قەدەغەکراوو چۆڵەوانی بووایە، رەبیەی سەربازی لێ نەدەبوو.

دوای وڵامەکەی عەلی حەسەن مەجید، کچەکە وتی تاوانی ئێمە تەنیا ئەوەبوو کە کورد بووین، ئێمە کورد بووین بۆیە ئەنفالتان کردین.

دواتر شایەتحاڵەکە داوایکرد سزای سەدام حسێن و عەلی حەسەن مەجید بدرێ لەپای ئەو تاوانانەی دەرهەق بەخۆیان و ئەنفالکردنی بەکەسوکاریان کراوە.

بۆ رۆژی دووەمی دادگا ١١/٧/٢٠٠٦ بەهەمان رێکارەکانی رۆژی پێشوو براین بۆ بینینی دانیشتنێکی تر.

دانیشتنی دووەم رۆژ جیاوازتر بوو لە رۆژی یەکەم، هەموو شایەتحاڵەکان ژن و کچ بوون و باسی چۆنییەتی دەستدرێژی سێکسییان دەکرد کە کراوەتە سەریان و شاهیدی دەستدرێژی سێکسی بوون بۆسەر ژنی دیکەیش.

باسی گرتووخانەی تۆپزاواو نوگرەسەلمانیان کرد کە لەو دوو شوێنە زیاتر ئازار دراون، سەدام زۆر تووڕە بوو لەو قسەو باسانە، بینی مایکەکە کرایەوە، داوای قسەی کرد، سەدام هەستایە سەرپێ و بە ئایەتی (وقاتلهم حتی لایکونوا فتنه) دەستی پێکرد، حاکم محەمەد عورێبی مایکی پەخشەکەی کوژاندەوەو دەمەقاڵێ لەنێوان سەدام و دادوەر دروستبوو، سەدام زیرەک بوو لە گۆڕینی کەشی دانیشتنەکەو گۆڕینی گفتوگۆکان، کۆمەڵێک قسەی بازاڕیی بە دادوەرەکە وت.

سەدام وتی ئەگەر نەهێڵی قسە بکەم، دەچمە دەرەوە

حاکمەکە پێی وت لە سنووری خۆت تەجاوز بکەی و لەچوارچێوەی بابەتەکە دەربچیت رێگەت نادەم و بەدەست منە بمێنیتەوە یان بچیتە دەرەوە، کەی بمەوێ دەتکەمە دەرەوەو کەی بمەوێ دەتهێڵمەوە.

سەدام بە دادوەرەکەی وت تۆ رقی شەخسیت لەگەڵم هەیە، چونکە لەسەردەمی خۆیدا تەقدیمی کۆلێژی سەربازیت کردووە، شایستە نەبوویت و وەرنەگیراوی، بە توانجەوە پێی وت: خۆت باش دەزانی لەسەر چی و بۆچی وەرنەگیراوی.

بەهۆی ئەم قسانەوە شایەتحاڵەکان قسەی خۆیان لەو دانیشتنە تەواو نەکردو دادوەرەکەش بڕیاری کردنەدەرەوەی سەدامی دا. لەپاش ئەو بەریەککەوتنانە تۆمەتبارەکانی دیکە دەستیان

بەدەنگەدەنگ و پشێوی کرد، پەلاماری دوو لە پاسەوانەکانیان دا کە لەنزیکی محەجەرەکەو بەمشتەکۆڵە دایان لەسەربازێک، پشێوی زیاتر دروستبوو. پەردەی بەردەم شوشەکەی ئێمەیان دادایەوە، پێدەچوو پۆلیسەکان لەوانیان دابێتەوە.

دانیشتنەکە بۆ ماوەیەکی کورت هەڵگیراو دواتر دەستی پێکردەوە، شایەتحاڵێکی تر کچێک بوو بەعەرەبی قسەی دەکرد و باسی رەوشی ئەنفالکراوانی دەکرد لە تۆپزاواو نموونەی دەستدرێژی سێکسی لەسەر کچێکی کورد لەلایەن جەلادێکەوە باسکرد، کە ئەفسەرێکی ناسراو بوە بەناوی حسێن حلانی.

ئینجا باسی مردنی منداڵی کۆرپەو رەزاڵەتی نەخۆشی و کەمخواردن و ئاو کرد.

سەدام حسێن لە دۆسیەی ئەنفال لەکاتی گفتوگۆدا هەوڵی دەدا نەچێتە ناو وردەکارییەکانەوەو پرسیارو گفتوگۆی لەگەڵ شایەتحاڵەکان نەدەکرد.

لەو دوو دانیشتنەدا شایەتی داکۆکیکار لە تۆمەتباران نەبوو، تەنانەت پارێزەرانی تۆمەتبارانیش بێدەنگ بوون.

ئێمە کە چووین بۆ بەغدا، پێش بەشداریکردن لەبینینی دانیشتنەکانی دادگا، رۆژی ١٠/٧ ئێوارەکەی بەمەبەستی سەرەخۆشی سەردانی ماڵی حاکم محەمەد عورێبیمان کرد لەشوقەکانی قادسیە، لەکردەوەیەکی تیرۆرکردندا زاواکەی و خوشکەزایەکی کوژرابوون.

داواکاری گشتی مونقز ئال فیرعەن-مان لەماڵی خۆی بینی، باسی لەوە دەکرد بەعسییەکان زۆر بەدیقەتەوە ئاماژەی دەست و چاوی

سەدام و قسەکانی وەک پەیام دەخوێننەوە، بۆیە سەدام هەموو موداخەلەیەکی بۆ گەیاندنی پەیام بووە بۆ هەوادارەکانی لەدەرەوەی دادگا.

بەو جۆرەو لەبەغداو ناو قەفەسی تاواندا لە دادگای باڵای تاوانەکان سەدام حسێنم بینی.

## سەبارەت بەپێشمەرگە سەدام چ داوایەکی لەدادگا کرد؟

لە دانیشتنی پێنجەمی دادگادا، سکالاکارێکی خەڵکی گوندی سێدەر، بەناوی غەفور حەسەن عەبدوڵڵا، بە قسەکانی هەموو تۆمەتبارەکانی هێنایە پرسیارکردن، دوای ئەوەی قسەکانی تەواو کرد.

گوندی سێدەر سەر بە ناحیەی بنگردی قەزای دوکان-ە، ناوبراو لە دایکبووی ١٩٧٧ بوو، وتی: لە ساڵی ١٩٨٨ گوندەکەمان نزیکەی ٤٠ ماڵ دەبوو، ماڵی ئێمە لەو گوندە بوو، خێزانەکەمان حەوت کەس بووین، فاتمە رەسوڵ دایکم و خوشک و براکانم ناویان کەوسەر، سێوە، هەوار، عایشە، تەیفور و باوکیشم حەسەن عەبدوڵڵا.

باسی لەوەکرد چۆن لەمانگی دووی ساڵی ١٩٨٨ بە فڕۆکە هێرشکراوەتە سەر گوندەکەیان و بۆمباران کراون، باسی لەوەکرد لە دوو قۆڵەوە سوپای عیراق هێرشی هێناوە بۆ سەر ناوچەکەیان لە دۆڵی جافایەتی، پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بووەتەوە و شەڕ دروستبووە، دواتر سوپای عیراق لەشەڕەکەدا سەرکەوتوون. ئەوەی گێڕایەوە کە سوپای عیراق هاتونەتە گوندەکەیان و قیژەو هاوار دروستبووە. وتی:» لەو کاتەدا من لەدەرەوەی گوندەکە بووم، توانیم عایشە و تەیفور و سێوە بدۆزمەوە، بەڵام دایکم و کەوسەرو هەوار-م نەدۆزییەوە، هێزەکانی عیراق بە بەردەوامی بۆمبارانی

دەرەوەی گوندەکەشیان دەکرد.

« لەدەرەوەی گوندەکە عەبدوڵڵا مەحمودم بینی خەڵکی ئاوایی بوو، وتی:» عەسکەرەکان هەموو خەڵکی گوندیان کۆکردووەتەوە و بە ئۆتۆمبیلی سەربازی بردویانن». منیش بەرەو ئێران لەگەڵ چەند کەسێکدا رۆیشتین و پاش ماوەیەک گەڕامەوە عیراق، چوومە کۆمەڵگای پیرەمەگرون، چونکە خزم و کەسوکارەکەم لەو کاتەدا نیشتەجێی ئەو کۆمەڵگایە بوون، پاش سێ چوار مانگ ئەوانەی لەگەڵ دایک و خوشکم لە نوگرەسەلمان سجن بوون گەڕابوونەوە، هەر لە سۆراخی دایکم و ئەواندا بووم، ئەوان وتیان سوپای عیراق لە تۆپزاوا لێکمانی جیاکردەوە تا تۆپزاوا بەیەکەوە بووین، دوای چەند ساڵ بەهۆی ناسنامەکانیانەوە کە لە گۆڕی بەکۆمەڵی حەزەر لەموسڵ دۆزرانەوە، زانیمان زیندەبەچاڵ کراون».

غەفور وتی:» لە دوای ساڵی ١٩٨٨ ویستم تەیفور و سێوەی خوشک و برام بخەمە مەکتەب، بەهۆی ئەوەی ناسنامەیان پێ نەبوو (لای دایکم بوو) قبوڵ نەکران، نەموێرا بڵێم کەسوکارەکەم گیراون، ترسام ئێمەش ئەنفال بکەن».

دوای ڕاپەڕین گەڕامەوە گوندەکەمان، ڕوخێنرابوو، هیچ شتێکی تێدانەمابوو، مزگەوت و قورئانیان هەموو سووتاندبوو، بۆیە دووبارە ناچاربووم بگەڕێمەوە کۆمەڵگای پیرەمەگرون.

دوای ئەوەی ڕژێمی سەدام حسێن رووخا، لە دادگای سلێمانی سکاڵام تۆمارکرد، وتم:» دوو خوشک و دایکم ئەنفال کراون و دواتر لەدادگای سلێمانی چەند ناسنامەیەکیان پیشان دام کە ناسنامەی

کەسوکارەکەم بوو لە گۆڕی بەکۆمەڵی حەزەر دۆزرابوونەوە.»

« تەنیا لەبەر ئەوەی کوردبووین ئاوایان بەسەرهێناین».

چاوی بڕییە ناوچاوانی سەدام و عەلی حەسەن مەجید، بە سەرۆکی دادگای وت: داوا دەکەم سەدام و عەلی کیمیاوی بە سزای خۆیان بگەن. داوای قەرەبووشی لەدادگا کرد.

جارێکی تر رووی کردە سەدام و پێی وت: «ئەو قەفەزەت لێ پیرۆز بێت».

لەدوای دانیشتنی سێیەمی دادگاوە، دانیشتنەکان بە جۆرێک رێکخرابوون کە باسی بەڵگەنامەیەک بکرایە، وێنەکەی یان نمونەکەی لە شاشەی سکرینەکەوە پیشاندەدرا، دوای تەواوبوونی قسەکانی غەفور سێدەری، دادگا چەند بەڵگەنامەیەکی خستەڕوو کە بریتیبوون لەشەش ناسنامە، کە سیانیان ئەنفال کرابوون، سیانەکەی تریان لە ژیاندا مابوون، ناسنامەکان راستیی قسەکانی سکاڵاکارەکەی دەرخست، ناسنامەکان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەحەزەر (نزیک موسڵ) لەلایەن تیمێکی نێودەوڵەتییەوە دۆزراونەتەوە، دادگا بەنەخشە دووریی نێوان گوندەکەو شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی روونکردەوە، کە چەند لەیەکترییەوە دوورن.

پاشان سەدام حسێن داوایکرد چەند پرسیارێک بکات و دەرفەتی وەرگرت، بەڵام وتی داوا دەکەم لەم دادگایە ناوی پێشمەرگە بەکار نەهێنرێت، لە جیاتی ئەو وشەیە ( متمرد) بەکار بهێنرێت، باسی لەوەکرد کە لەساڵی ١٩٢١ بۆ ٢٠٠٣ وشەی تمرد بەکارهاتووە. سەدام وتی:» هەرچەندە تۆزێ وشە و زاراوەی کوردی دەزانم،

پێشمەرگە بەمانای فیداکار دێت. وتی ئەمەش لەگەڵ ئەو کەسانەدا ناگونجێت کە دژی دەوڵەت بوون».

هەم دادوەرو هەم پارێزەرانی مافی ئەنفالکراوان وەڵامیان دایەوە.

سابر دووری، پرسیاری ئەوەی کرد ئەوانەی هێرشیان کردووەتە سەر گوندەکەتان لە ئەفواجی دیفاعی وەتەنی بوون یاخود هێزی سەربازی بوون. لە وەڵامدا غەفور وتی:» من تەنیا سەربازی عیراقیم بینی.»

سوڵتان هاشم جەختی لەوەکردەوە کە ئەو فەرماندەی شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک بووە و ئاگادارە کە ئەو شاڵاوە بەهاوکاری ئەفواجی دیفاعی وەتەنی کراوە، کە ژمارەی هێزەکانیان زۆرتر بووە لە هی پێشمەرگە.

ئەفواجی وەتەنی ٦٠٠ هەزار کەس بوون، بەڵام پێشمەرگە ١٥ هەزار کەس بوون. ئەمەش دەکاتە ٢٪ ژمارەی دانیشتووانی کورد لە عیراق.

عەلی حەسەن مەجید پرسیاری لە غەفور کرد ئایا بارەگای پێشمەرگە لە گوندەکەیان هەبووە یان لە نزیک گوندەکە. وەڵامەکەی نەخێر بوو.

تاوانبارەکان هەمیشە ناوی فەجەکانی جاشیان باس دەکرد لە بەشداریی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، هەروەها باسی ئەوەیان دەکرد بەهۆی بوومی ئێرانییەوە لەناوچەکە، هێرشەکانیان ئەنجامداوە، پێشمەرگەشیان بە نۆکەری ئێران ناو دەهێنا. بەڵام هەرگیز نکۆڵییان لە شاڵاوەکەو تاوانەکە نەدەکرد.

## سەرگوزەشتەی ئەنفالکراوەکانی گوندی وڕێڵە

لەسەرەوختی ئامادەکاری بۆ نوسینی ئەم کتێبە، لەگەڵ هێشووی پورزاو هاوتەمەنم باسی رۆژگاری ئەنفالمان کرد، ئەوکاتە پێکەوە بووین لە وڕێڵەو ترس و بیم ناوچەکەی گرتبوو، راستە ئەو هەموو ساڵانە شەڕ روویدەداو کۆپتەر دەهات و تۆپبارانی گوندەکە دەکرا، بەڵام ئەم جارە زۆر خەمناک و مەترسیدار بوو، هەستمان پێی دەکرد.

ئێمە دایکمان خوشکی یەکترن، کچی شێخ واحیدی شێخ مەجیدی تاڵەبانین، باپیرم مەلای گەورەی گوندی گۆڕەشەلەی سەر بە خانەقین بووە، نەنکم کە پێش ئەنفال و دوای ئەنفالیش زەحمەتی زۆری لەگەڵ کێشاین، ناوی حاجی خاوەر عەبدوڵڵا کەمال زەنگەنە بوو، خەڵکی بناری گل بووەو شوی بە شێخ واحید کردووە، باوکی هەردووکیشمان ئاوەڵزاوابوون و پێشمەرگە بوون، ئیتر لەگەڵ هێشوو کەوتینەوە گفتوگۆی ئەو سەردەمەو وردەکارییەکانی، پێم وت بۆم باس بکە بەجۆرێک بشێت لە کتێبەکە بڵاوببێتەوە، بەم جۆرە قسەکانی دەکردو منیش نووسیمەوە. هێشوو وتی:

ئێمە خێزانی دە کەسی عەبدوڵڵای شێخ تەیب عایلەی پێشمەرگە بووین لە گوندی وڕێڵەی گەرمیان دەژیان، زیاتر لەنیوەمان رۆژی

٣/٤/١٩٨٨بە سواری تراکتۆر بەرەو سەرجادە رۆیشتین، ئەوانەمان کە چووین پێکهاتەبووین لە دوو کوڕو شەش کچ، یەکێک لەخوشکە گەورەکانم ناوی پەخشان بوو، هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی خزممان کردبوو ناوی یەحیای شێخ حەبیب عەدەد جیهازی مەکتەبی سکرتاریەتی مام جەلال بوو.

ئەوکات ناوچەکانی ئەوان لەسنوری ئەنفالی یەک بوو، پێش گەرمیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبوون. ئەو خوشکەمانیش هاتەوە لای خۆمان، کچێکی شەش مانگیشی هەبوو، باوکم پێشمەرگە بوو لەکاتی شاڵاوی ئەنفالدا لەشەڕی قەرەداغ بوو، بۆیە مامم سلێمان لەسنوری تیپی ٥١ی گەرمیان هات بۆلامان، وتی دەبێت ئەم منداڵانە بەشێکیان بنێرینەوە بۆ شار. چونکە حکومەتی عێراق چەکی کیمیایی بەکار دەهێنێت، بۆیە بڕیاریاندا کە بەشێکمان بنێرنەوە. دایکیشم تازە منداڵێکی بو بوو، وەمنداڵی خۆشکەم بێ شیر بوو. هەر لەو کاتەیا سۆران و سنوری پوررزاشم لەتراکتۆرەکە سەرکەوتن لەگەڵمان، ماڵی ئەوانیش لە وڕێڵە بوون پێکەوە بووین، بەڵام لەکاتی دەرچوونا پورم فەتحیە پەشیمان بوەوە سۆران و سنوری داگرت. وتی پرسی باوکیانم نەکردوە، مێردەکەی پێشمەرگەی دێرین بە رەحمەت بێ مەحمود موراد ئەوکاتە ئەویش لەبەرگری ئەنفالی قەراخ بوو.

بۆیە من و پێنج خوشک و دوو براو خۆشکەزاکەم. لە ڕێکەوتی ٣/٤/١٩٨٨ کەوتینە ڕێ.

پەخشان تەمەن ١٩٧٢

ژیان تەمەن ١٩٧٣

خۆم، هێشوو تەمەن ١٩٧٤
مهاباد تەمەن ١٩٧٦
دڵشاد تەمەن ١٩٧٧
ئازاد تەمەن ١٩٧٩
شنۆ تەمەن١٩٨١
هێژا تەمەن ١٩٨٨

لەگەڵ پیاوێکی ناسیاومان ناوی عبداللەی حاجی حسین بوو خەڵکی دێ ژاڵە. کەسوکارمان ئێمەیان ڕادەستی ئەو کردو وتیان بەئامانەتەوە ئەم شەو ئەم منداڵانە بگەیەنە دێ تازەدی کەلەسەر جادەبوو تازەدێ، بۆ ماڵی پوررم لەو دێیە بوو. ئیتر ئێمە لەدێکەی خۆمان دەرچووین بەڵام بۆ مێژوو ئەم قسەیە دەکەم هەر لەدێکە دەرچووین هەستێکی زۆر ناخۆشمان هەبوو. هەموومان دەمان ووت ئیتر دایک و باوکمان نابینینەوە، بەڵام نازانم بۆ نەدەگەڕاینەوە.

بەرەو دێی زەنگەکە کەوتێنە ڕێ. لەوێ ئەو عبداللەیە مێرد منداڵێکی لەگەڵ ئێمە سەر خست کە کوڕی سەرحەدی زەنگەکە بوو، دیسان کەوتینە ڕێ بەرەو دێی سۆفی رەحیم. لەوێ دیمەنێکی سەیرمان بینی، چەند خێزانیک بە پێ هەندێ کەلوپەلیان پێبو، زۆر ماندو سەر لەشێواو بوون لێمان پرسین ئیوە کێن؟ بۆکوێ دەڕۆن؟ بۆچی حاڵتان وایە وتیان ئێمە خەڵکی سێملان و قەرەداخین. حکومەت کیمیایی ڕشتووە، عافواتی داوە. بۆیە ئێمە دەچین بۆ سەر جادە خۆمان تەسلیم ئەکەین، ئێمەش دیسان کەوتینەڕێ بەرەو

دێی ژاڵە. کە گەیشتینە ئەوێ بردمانیان بۆ ماڵی ئەو عبداللە حاجی حسێنە. پڕماڵیان لەخەڵک بوو. لەوێ پیاوێک هات ناوی والی بوو. ئەو عەبدولایە وتی من ئێوە ئەمانەتی ئەم پیاوە دەکەم تاوەکو بتان گەیەنێت. ئەویش وتی هەر ئێستا دەتان بەم بەڵام خۆشکە گەورەکەم کەناوی پەخشان بوو، وتی نەخێر ئێمە بەڕۆژ ناڕۆین چونکە ڕێگاکە مەترسیە، دەمانگرن. ئەو پیاوە کەناوی والی بوو. وتی نا مەترسن هیچ نیە. ئێمە زۆر شتمان دەبینی. بەڵام چونکە تەمەنمان منداڵ بوو من چواردە ساڵان بووم، نەماتوانی خۆمان بگەڕێینەوە ناچار کەوتینە ڕێ. لەدوای ئەو پیاوە هەتا لەدێکە دەرچووین لە ڕێگە هەلیکۆپتەر بەسەر سەرمانەوە بوو، زۆر هاوارمان کرد، بەڵام پیاوەکە هەر گوێی لێنەگرتین، تا گەیشتینە ناو چەمی ڕەند ئەلیخان لەبنی دار ژاڵەکان سەربازی مەغاویر ئابلوقەیان دایان، ئیتر زانیمان هەموو شتێ تەواو. ئیتر ئەمە دواساتی ژیانی ئێمەیە. چونکە کەوتینە دەست دوژمن

کاتێک چواردەرمانیان دا هەمومان لەترسا هەڵدەلەرزین زۆر بەچاوی جیاواز سەیریان دەکردین. چونکە جلوبەرگی ئێمە دیارتر بوو لەخەڵکی لادێکان جیاوازتر و پوختەتر بوو، ئێمە کاتی خۆی لەشارەوە چووبوین بۆ شاخ. ئەو والی ناوە وتی نەڵێن ئێمە ئەم پیاوە ئەناسین بەعەسکەرەکانی وت من شوانم ئەمانە ناناسم، بەڵام منداڵەکەی لەگەڵ خۆی برد. خۆی نەکرد خاوەنی ئێمە. عەسکەرەکان نازانم بۆ گومانی حزبی دەعوایان لێ دەکردین. وتیان بۆ بەعەرەبی قسە ناکەن، پیاوێکی گەنج لەو کاتەدا بە هەردوو چەپۆک دای

بەسەری خۆیدا، وتی ئیوە کێن، منداڵی چ مەسولێکن، بۆچی بەم ڕۆژی نیوەڕۆ هاتوون. ئێمەش وتمان ئەم پیاوە ئێمەی هێناوە. ئەو ڕۆژە لەڕۆژی حەشر دەچوو، کە دەیان خێزان و ژن و منداڵ بەشەقی پۆستاڵ دەخرانە ناو ئیڤای عسکەری، ئەوانیان برد بۆ ناو بینا رەشەکەی کەلار بە لیواکە ناسراوە. ئێمەیان دواخست و سەیارە نەما بۆ ئێمە. ئەفسەرەکە وتی ئەم دوو خێزانە دەبەین بۆ ناو رەبیە عەسکەریەکە تابەیانی، بەیانی دەیاننێرم بۆ لای ئەوانی تر.

لەم کاتەدا پیاوێکی پیر گاڵۆڵێکی بەدەستەوە بوو هات وتی ئیوە کێن ئێمە هیچان نەووت هەردەگریایین.

لەو کاتەدا کە جنودییەکان قسەیان دەکرد بمانبە بۆ رەبیەکە ئەو پیاوە پیرە لیمان هاتە پێشەوە وتی ئێوە کێن بۆ چی ئێستا هاتوون بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەرەو سەرجادە، وتمان ئەو پیاوە ئێمەی هێنا. من بینیم لەگەڵ جوندیەکان قسەی دەکرد، بەڵام نەمدەزانی مەسەلە چیە دواتر ئیڤایەکی عەسکەریان هێناو ئێمەو ئەو خێزانەی ماڵی دارای حاجی ڕشید پێکەوە بردمانیان بۆ دێی عیسایی لەسەر جادەی گشتی کەلار باوەنورە. گەیشتینە ماڵی پیاوە پیرەکە ئەو کات زانیم ماڵی موختاری دێ عیسایە، ئەوان لەو کاتە پرسەیان هەبوو، برای ژنەکە جاشبوو، لەهەڵەبجە کوژرا بوو. ئەوان سەرقاڵی میوانەکانیان بوون، شەو درەنگ دوای ئەوەی ماڵ چۆڵ بوو. ئەو لەگەڵ پیاوێکی تر بەتەمەندا هاتن لێیان پرسین ئیوە کێن، لەکوێوە هاتوون سەرەتا دەترساین. بەڵام دواتر ڕاستیمان پێیان وت کە ئێمە کێین و چۆن هاتووین. ئەوانیش زۆر بێ تاقەتت بوون بە وەزع و حاڵێ ئێمە.

کەهەمووی وێنەی پێشمەرگەکانی ئەو کاتەی یەکێتی و، نامەیەک بۆ شیخ عەتا تاڵەبانی کە شورش داوای یارمەتیان لێ کردبوو هەموومان دا بەو پیاوە، چونکە ناچار بووین، وا بکەین تا وەکو پێمان نەزانن کەئێمە خێزانی پێشمەرگەین. وتیان ناو خۆتان بگۆڕن وجلو بەرگی ژنەکانی ئەوانیان لەبەرکردین.

ئەو شەوە هەتا بەیانی لە ژووریکدا دەرگایان لەسەر داخستین نەوەک شەو ڕا بکەین. شەوێک هەرگیز لەبیر نەکراوە. چونکە هەتا بەیانی لەترسادا خەومان لێنەکەوت خۆمان دەمانزانی بەرەو پیری مەرگ دەڕۆین. خوشکە بچوکەکەم کەناوی شنۆ بوو، شێوەی پەری ئاسابوو، بەیانی کە لە خەو هەستا هەموو دەمووچاوی بوو بوو بە برین لەترسا. نزیکەی سەعات هەشت و نیو ئیڤای عسکەریان هینا، موختارەکە وتی قبوڵی ناکەم بەم سەیارە بیان بەن. دوای نزیک سەعاتێک عەسکەرەکان هاتنەوە پیکابێکیان هیناو بوو. تا کاتی گەڕانەوەی جنودییەکان پیاەکە وتی دەمەوێت یەکێک یان دوانتان نەڕۆن، نازانم چۆن قەناعەت بەو ئەفسەرە بکەم، بەمنی وت تۆ زور زیرەکی وەرە خۆت بکە بەنەخۆش بەڵکو نەڕۆریت. بەڵام خۆشکە گەورەکەم قبوڵی نەکرد. بەڵام وتم بەڵێ دەتوانم ئەوەبوو منیان بردە ژوورێکەوە دەرگایان لەسەر داخستم، وتم بابرا گەورەکەم دڵشاد لەگەڵم بمێنێتەوە. براکەم وتی نا من نایەم لە خۆشکەکانم جیانابمەوە. دەگاریان لەسەر من داخست لەپەنچەرەیەکی بچوکەوە سەیری ئەوانم دەکرد کە سەریانخستن بۆ دوا جار لەژیانا ئەوانیم بینی کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. تا ئەوان لەحەوشەکە جوونە

دەرەوە. ئیتر من دەستم کرد بەهاوارو گریان. لەوە کاتە زۆر هەستم بەپەشیمانی کرد، تا ئێستاش پەشیمانم لەگەڵیان نەڕۆیشتم.

## محەمەد عرێبی چۆن کرایە سەرۆکی دادگا

دوای هەڵە زەقەکەی دادوەر عەبدوڵا عامری کە بەسەدام حسێنی وت تۆ دیکتاتۆر نەبویت.

کاردانەوەی زۆر بەرامبەر ئەم دەربڕینەی دروست بوو لەسەر ئاستی سیاسی و یاسایی و شەقامی عیراقیش بۆیە دوای دوو دانیشتن لە سەرۆکی دادگاکە لابرا. لە دانیشتنی دەیەمی دادگادا دادوەر محەمەد عرێبی دەرکەوت.

لەگەڵ دەستپێکردنی دانیشتنی دادگادا پارێزەرانی دادکۆکیکار لەمافی تاوانباران.

ناڕەزاییان دەربڕی لە لابردنی دادوەر عامری و دادگاکەیان بە لایەندار و بە سیاسی تۆمەتبار کرد. سکاڵای ناڕەزاییان خوێندەوەو هەموو پارێزەرەکان لە دانیشتنی دادگا کشانەوە. دادوەر عرێبی داواکەیانی پەسەند کرد. لە جێی ئەوان چەند پارێزەرێکی تری دانا.

دوای ئەوە سەدام لەو شوێنی خۆیەوە دەستی بەقسە کردن کردو تانەی لە ناشەرعیەتی دادگاکە دەداو قسەی بە دادوەر محەمەد عرێبی وت. سەرۆکی دادگاش سەدام حسێنی لە هۆڵەکە کردە دەرەوە.

یەکەم بەرکەوتنی عرێبی لەگەڵ سەدام بە رووبەڕوبونەوەی توند دەستی پێکرد.

عرێبی کۆنترۆڵکارو بەدیقەت دەرکەوت.

لە دانیشتنی یانزەهەمیندا جارێکی تر سەدام و دادوەر عرێبی تووشی بەریەک کەوتن بوونەوەو، دادوەر سەدامی لە هۆڵی دادگا کردە دەرەوە.

لەو دانیشتنەدا شایەتحاڵێکی خەڵکی گوندی بەڵخەی خوارووی لەقەرەداغ بەناوی مەحمود رەسوڵ مستەفا تەمەن ١٩٣١ قسەی لێ وەرگیرا. باسی لەوە کرد چۆن ئەویش کاریگەری کیمیابارانی سێوسێنانی لەسەر بوە کە گوندەکەیان سەعاتێک لەوێوە دورە. ئینجا چووە بۆ گوندی بەلەکجار کە خەستەخانەی شۆڕشی لێ بوە بەمەبەستی چارەسەر. شایەتحاڵەکە لە وڵامی پرسیارێکی پارێزەری مافی ئەنفالکراواندا کە ئەو دکتۆرەی چارەسەری بۆ کردون ماوی چی بوو. لەوڵامدا وتی دکتۆر فایەق گوڵپی بوو.

فایەق گوڵپی یەکێکە لەپێشمەرگە دێرینەکان و دکتۆری شاخ بووە. خزمەتێکی زۆری شۆڕش و پێشمەرگەو هاوڵاتی گوندەکان کردوە. لەیادمە باوکم باسی کردوە کەساڵی ١٩٨٧ لەگەرمیانەوە رۆیشتۆتە قەرەداغ بۆ لای بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی گورچیلەی لە نەخۆشخانەی شۆڕش.

لەناو دادگادا سەدام بە بێ مۆڵەت وەرگرتن لە دادوەر دەستی کرد بەناڕەزایی دەربڕین و داوای کرد پارێزەرەکانیان بگەڕێنەوە، دادوەریش وتی من دەرم نەکردون خۆیان رۆیشتوون پێویستە خۆیان داواکاری گەڕانەوەی پێشکەش بکەن. سەدام پەنجەی لەدادوەر رادەوەشان و قسەی دەکرد، داوای کرد بێدەنگ ببێ کە

بێدەنگ نەبوو وتی بیکەنە دەرەوەو سەدام وتی من خۆم ئەچمە دەرەوە نەک تۆ دەرم بکەی دادوەر پێی وت بە دەستی منە کەی بتهێنمە ژوورەوەو کەی بتکەمە دەرەوە بڕیار لای منە. سەدام ئاگر لەناوچاوانی دەباری و لەکاتی چوونە دەرەوەشدا هەر قسەی بەدادوەرەکە دەوت.

## دانپێدانانەکانی عەلی کیمیایی

عەلی حەسەن مەجید لە هیچ کاتێکدا کە موداخەلەی دەکرد ئاسایی نەبوو، بەڵکو تووڕە دەبوو، لەو کاتانەشدا دانی بە تاوانەکاندا دەنا، وەڵامەکانی پڕ کاردانەوە بوون، بە پێچەوانەی ئەوانی تر، بەتایبەتی سەدام حسێن لە وەڵامدانەوە و قسەکانیدا نەدەچووە ناو ناوەڕۆکی رووداوەکانەوە، هەرچەندە جارێکیان وتی: هەرچی کراوە من لێی بەرپرسم وەک بەرپرسی یەکەمی وڵات و بەرپرسی ئەم گیراوانەش.

لە دانیشتنی ژمارە ( ٣٨ی رۆژی ٢٨/١/٢٠٠٧) دا، دادگا دەیان بەڵگەی نووسراوی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە شاڵاوی ئەنفال-ی بڵاوکردەوە، هەر لە راگواستن و کوشتنی خەڵکی گوندەکان، تا رووخانی گوندەکان و بڕینی باخ و دارەکان.

عەلی حەسەن مەجید لە بەرانبەر دادگادا وتی: ئەو خەڵکانە کە گیراون ئەوانەبوون کە سەرپێچی بڕیاری ئێمەیان کردووە، ئێمە داوامان لێکردوون ئەوان رەتیانکردۆتەوە، پێمان وتوون یان بچنە لای (موخەڕبین) یان وەرن بۆ کۆمەڵگا سەردەمییەکان کە بۆمان دروستکردوون، لەبەر ئەوە دەستگیرمان کردوون، ئەو کەسانەشی گوللەباران کراون و لە سێدارە دراون، لە دەرئەنجامی هاوکاریکردنیان بووە بۆ سوپای ئێرانی، لەئەنجامی هێنانی سوپای ئێرانی بووە بۆ ناو خاکی عیراق.

عەلی کیمیایی درێژەی پێداو وتی: ئێران زیاتر لە سنووری دەوڵەتی لوبنانی، لە خاکی عیراق داگیرکردبوو، من هەموو فەرمانەکانم دەرکردووە و بەرپرسم لە شاڵاوەکانی ئەنفال، بەپێی یاسا دەسەڵاتی تەواوم پێدرابوو، حکومەتی عیراقی ئەوکاتە لەجەنگدا بووە لەگەڵ ئێران، ئێمەش بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی عیراق و پاراستنی خاکی عیراق و پاککردنەوەی ناوچەکان لەبارەگای پاسدارانی ئێرانی، ئەو کارانەمان ئەنجامداوە.

دادوەر محەمەد عورێبی لە عەلی کیمیایی پرسی: تۆ دەڵێیت ئێمە ئەوکارەمان لەکاتی شەڕی نێوان عیراق ئێراندا ئەنجامداوە بۆ دەرکردنی ئێرانییەکان لە ناوچەکە، بەڵام وەکو ئاشکرایە سوپای ئێران لەمانگی حەوتی ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەکە پاشەکشەی کردووە، جەنگی ئێران عیراق کۆتایی هاتووە، ئیتر بۆچی پاش جەنگەکە بەچەکی کیمیایی لە گوندەکانی ئەو ناوچانەتان داوە؟ بۆچی خەڵکی ئەو دەڤەرانەتان دوای ئەو بەروارەش راگواستوو؟

عەلی کیمیایی وەڵامی دایەوە کە دوای شەڕ ئاگری ژێر خۆڵەمێش هەر مابوو، راستە ئێرانییەکان لە عیراقدا نەمابوون، بەڵام بەکرێگیراوەکانیان هەر مابوون، ئەو موخەڕیبانە مابوون کە لە دژمان دەجەنگان و ئاسایشی ناوچەکەیان تێکدابوو، ئێمە بۆ ئەوەی خوێنبەربوونی عیراق بووەستێنین و بەتەواوی چارەسەری ئەو کێشەیە لە رەگەوە بکەین، ناچار بووین بەو کارە هەستین بۆ ئەوەی کۆتایی بە کێشەکە بهێنین.

دادوەر لێی پرسی: باشە رێگای تر نەبوو بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن؟

عەلی کیمیایی وەڵامی دایەوە، پێشتر دانوستان هەبووەو ئەو ڕێگایە گیراوەتەبەر، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

عەلی کیمیایی دانی پێدانا کە ئەو بەرپرسی یەکەمی شاڵاوەکانەو هەموو بڕیارەکانی گرتن و ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی دەرکردووە.

وتی: هەواڵگریی سەربازی هیچ پەیوەندییەکی بەشاڵاوەکانەوە نەبووە، ئەوە نەبێت کە زانیارییان ناردووەو ڕوونکردنەوەیان پێداوین، پرۆسەی گرتن و ڕاگواستنەکان لەلایەن فەرمانگەی ئەمنی پارێزگاو لیژنە ئەمنییەکانەوە جێبەجێکراون.

دادوەر بە عەلی کیمیایی وت: یەکێک لە تۆمەتباران لە وتەی خۆیدا وتوویەتی سوپا هەستاوە بە دەستگیرکردنی خەڵک و تێکدانی گوندەکان، پاشان ڕادەستکردنی خەڵکەکە بە مەکتەبی تەنزیمی باکوور، ئەوانیش لای خۆیانەوە ڕادەستی فەرمانگەی ئەمنییان کردووە؟

عەلی کیمیایی وەڵامی دایەوە: ئەو شوێنانەی کە دوورەدەست بوون و نزیکبوون لە سنوورەکانەوە، بەفەرمانی من سوپا هەستاوە بە ئەنجامدانی شاڵاوەکان، ئەمەش لەسەرەتادا وابوو، کە خەڵکەکە دەگیران و دەبران بۆ گرتووخانەکان، بەڵام دواتر ئەم پرۆسەیە زۆر قورس و کارێکی دژواریش بوو، بۆیە بڕیارماندا لە چوارچێوەی شار و شارۆچکەکاندا ئۆردوگای سەردەمیانەیان بۆ بنیات بنێرت، زۆربەی شاڵاوەکان لەڕێگەی لیژنەی ئەمنی کە پارێزگاری شارەکان سەرپەرشتی لیژنەکانیان دەکرد و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەخۆمەوە

هەبوو، لەو کاتەشدا هەر یەک لە شێخ جەعفەر پارێزگاری سلێمانی و یەحیا جاف پارێزگاری هەولێر و نامیق سورچی پارێزگاری دهۆک و نسەیف جاسم پارێزگاری کەرکوک بوون، ئەمانە پەیوەندی راستەوخۆیان بەمنەوە هەبوو.

## دکتۆر فایەق گوڵپی لە دادگای ئەنفالدا

یەکێک لە پێشمەرگە و پزیشکە دیارەکانی شۆڕش و ناوچە ئازادکراوەکان، دکتۆر فایەق گوڵپی، لە بیست و هەشتەمین دانیشتنی دادگادا، لە ٦/١٢/٢٠٠٦ بە چاکەت و بۆینباخەوە دەرکەوت، زۆر بە وردی باسی رۆڵی خزمەتگوزارییانەی خۆی کرد لە چارەسەری بریندارانی شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای عیراق، پاشان چارەسەری بریندارانی چەکی کیمیایی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەگشتی و لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بە تایبەتی.

ئەو سەردەمە دکتۆر فایەق محەمەد پێشمەرگەی یەکێتی بووە، ئەو دەرچووی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵە و لەبەردەم دادگادا وتی: لە ٤/٤/١٩٨٢ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ دکتۆری پێشمەرگە بووم لەو ناوچانەی هێزی پێشمەرگە تێیدا باڵادەست بووە، تا ١٧/٤/١٩٨٧ ئەو بریندارانەی چارەسەرم کردوون بریندارى ئاسایی بوون، واتە بەچەکی ئاسایی بریندار بوون، لەوە بەدوا بریندارانی چەکی کیمیاییم چارەسەرکردووە و هاتووەتە بەردەستم. لە دادگادا بە وردی و بەدیقەتەوە چەند حاڵەتێکی برینداری چەکی کیمیایی باسکرد، لە وتەیەکدا ئاماژەی بەوەکرد کە لە ساڵی ١٩٨٥ ەوە هیچ بارەگایەکی هێزی پێشمەرگە لەناو گوندەکاندا نەمابوو، لە رێگەی سەرکردایەتی

ی. ن. ک ەوە ئاگادار کراینەوە کە رژێم بەنیازە هێرش بکاتە سەر ناوچەکەو چەکی کیمیایی بەکار بهێنێت، لەگەڵ بروسکەکەدا کۆمەڵێک رێنمایی تێدابوو بۆ خۆپاراستن لەچەکی کیمیایی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەو زانیارییانە بەتەنیا بەس نەبوون بۆ خۆپاراستن، لەو کاتانەدا هەستام بە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی سەرکردایەتی و زانیارییە پزیشکییەکانی خۆم، لە ١٨ خاڵدا کۆمکردنەوەو ناردم بۆ بەهادین نوری، کە لە تەکیە بوو، نزیکەی ٥٠٠ نوسخەی بۆ چاپکردم، ئەو زانیارییانە سێ بەش بوون:

بەشی یەکەم: جیاکردنەوەی چەکی کیمیایی بوو لە چەکی ئاسایی.

بەشی دووەم: خۆپاراستن بوو لە چەکی کیمیایی.

بەشی سێیەم: بریتی بوو لە بانگەواز بۆ بەرکەوتووان کە بەزووترین کات خۆیان بگەیەننە نەخۆشخانە.

د. فایەق باسی لەوەشکرد، رۆژی ٢٧/٢/١٩٨٨ چەند فڕۆکەیەک هاتنە سەر ناوچەی قەرەداغ و دەستیان بە بۆردومانکرد، دەنگی بۆمبەکان نزم بوون، لەو کاتەدا لە پەناگەکەم دەرچووم و بینیم دووکەڵەکە نزیکەی ٧٠٠ مەتر لەماڵەکەم دووربوو، بۆنی میوەی گەنیوی لێ دەهات، دەستمکرد بە هاوارکردن و بانگەواز لەو خەڵکەی لەناو مەلجەئەکە بوون بێنە دەرەوە، وتم: وەرنە دەرەوەو پەڕۆی تەڕ بپێچن بەدەم و چاوتانا و دووربکەونەوە لە شوێنەکە، لەوکاتەدا خەڵکیشم نارد بۆ گوندی بەلەکجاڕ کە لە ناو گوندا نەمێننەوە، دوای نیو کاتژمێر هەواڵمان پێگەیشت کە گوندی تەکیە و بەلەکجاڕ و بەڵخە بەر چەکی کیمیایی کەوتوون و بەسەدان کەس بریندار

بوون، بەڵام برینەکانیان سووک بوو، چاویان سوور بووبووەوە. تا ٢٧/٢/١٩٨٨ ئەو چەکانەی بەکارهاتبوو گازی خەردەل بوو، گازی خەردەل کاریگەری لەسەر چاوو پێست و کۆئەندامی هەرس لەڕێگەی هەناسەدانەوە دەکات و دەچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە. دوو جۆر کاریگەری هەیە، کاریگەری راستەوخۆ لەسەر پێست و چاوو هەرس و هەناسەدان، کاریگەرییەکی تر لە رێگەی هەناسەدانەوە دەچنە ناو جەستەوەو دەگاتە خانەکانی خوێن و کاریگەری لەسەر DNA دەکات و تووشی شێرپەنجەی دەکات. بەرگری مرۆڤ بۆ نەخۆشی کەمدەکاتەوە، هەروها شەوی ٢٣/٣/١٩٨٨ لە ماڵەوە بووم لە گوندی ئیمام هەمزە، گوێم لە رادیۆ دەگرت دەنگێکی نائاسایی هاتە بەرگوێم وامزانی خەڵکە لەدەرەوە بەرمیل خل دەکەنەوە و هاتمە دەرەوە تەماشا دەکەم دەنگەکە لە گوندی سێوسێنانەوە دێت و کاتژمێر ٦:٢٠ خولەک بوو کاتەکە لەنێوان تاریک و ڕووندا بوو، تەماشای گوندەکەم دەکرد هەندێ دووکەڵ و ئاگرم دەبینی، دوای نیو کاتژمێر، دکتۆر ناسیح هات بۆلام وتی: بابچین بۆ نەخۆشخانە، گوندی سێوسێنان بەچەکی کیمیایی لێی دراوە، بەپەلە رۆیشتین، کەسێک هاواری دەکرد فریام بکەون کیمیایی لێی داوم، ناوی کەمال بوو، داوامان لێی کرد نزیکبێتەوەو بێت بۆ لامان، وتی: ناتوانم، چاوەکانم نابینێت. چووین هێنامان و سەیرمان کرد ئاسەواری چەکی کیمیایی پێوە دیارە، کە گازی ئەعصاب بوو، چاوەکانی وەکو نووکی دەرزی لێکردبوو، جلەکانیمان داکەندو دەرزی ئەترۆپینمان لێی دا بۆ چارەسەرکردنی، لەهەمان کاتدا بەرنامەیەکمان دانا کە چۆن چارەسەری بریندارەکانی

سێوسێنان بکەین، یەکەم شت داوامان لە هێزی پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکانی تر کرد هەرچی ئۆتۆمبیل و تراکتۆری هەیە بچن بۆ هێنانی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە، دواتر سێ لەکارمەندەکانی نەخۆشخانە، عوسمان و جوتیار و برایم-م نارد بۆ چەمی دێوانە، کە دەکەوێتە نێوان گوندی بەلەکجاڕو سێوسێنان، بۆ ئەوەی هەر بریندارێکیان هێنا سەرەتا بیشۆن و ئینجا رەوانەی نەخۆشخانەی بکەن، نزیکەی ٧٠ بریندارمان بۆ هات کەهەمووی گازی ئەعصاب لێی دابوون، هەموویان چارەسەر کران و هیچ کامیان لای ئێمە نەمردن، یەکێک لەوانەی چارەسەر کرا ناوی عوبێد بوو، ژنەکەی و چوار منداڵی بەچەکی کیمیایی لە گوندەکە گیانیان سپاردبوو.

یەکێکی دیکە لە بریندارەکان ناوی حەسەن ئەحمەد بوو، ژن و منداڵەکانی ئەویش هەمووی گیانیان لەدەستدابوو، چەند کەسێکی دیکەیش بەناوەکانی حەمەلاو محەمەد رەسول و کەمال محەمەد، بەکیمیایی گیانیان لەدەستدابوو، هەواڵمان بۆ هات کە ٧٢ کەس لە سێوسێنان بەچەکی کیمیایی مردوون، سێوسێنان نزیکەی ١٥٠ ماڵی لێبوو، خەریکی کشتوکاڵ بوون و سیاسەتیان نەدەکرد، یەک کەسیان لەناو هێزی پێشمەرگە بوو کە ناوی محەمەد مەهدی هادی بوو، هەموو رۆژێک کەسوکاری داوایان لێ دەکرد واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێت نەوەک بکوژرێت، بەڵام ئەوکاتە گوندی سێوسێنان بۆمباران کرا، کاتیۆشایەیەک کە کیمیایی هەڵگرتبوو، بەر ماڵی محەمەد مەهدی کەت، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی شەهید بوون، جگە لە محەمەد مەهدی نەبێت.

دواتر کێشەی ناشتنی تەرمەکان هەبوو، کە ئایا بیانشۆن ئینجا بیانێژن، یان نەیان شۆن، ترس هەبوو دووبارە کیمیاباران بکرێنەوە، پرسیاریان لەمن کرد، ئەوکاتە لەڕێگەی رادیـۆوە بیستبووم کە هەڵەبجە کیمیاباران کراوەو تەرمەکان بەبێ شۆردن نێژراون، پێم وتن: بەبێ شۆردن بیانێژن هاوشێوەی ئەوانەی لە هەڵەبجە شەهید بوون. هەر ئەو شەوە کاتژمێر ١١:٥ دەقە حکومەتی عیراقی گوندی دووکانیانی ناوچەی قەرەداغی کیمیاباران کرد، لەو گوندەشدا سێ کەس گیانیان لە دەستدا.

محەمەد مەهدی هادی بوو. هەموو رۆژێک کەسوکاری داوایان لێ دەکرد واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێت نەوەک بکوژرێت، بەڵام ئەو کاتە گوندی سێوسێنان بۆمباران کرا کاتێۆشایەیەک کە کیمیایی هەڵگرتبوو بەرماڵی محەمەد مەهدی کەت، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی شەهید بوون، جگە لە محەمەد مەهدی نەبێت. دواتر کێشەی ناشتنی تەرمەکان هەبوو، کە ئایا بیانشۆن ئینجا بیانێژن یان نەیان شۆن ترس هەبوو دووبارە کیمیاباران بکرێنەوە، پرسیاریان لەمن کرد، ئەو کاتە لە رێگەی رادیـۆوە بیستبووم کە هەڵەبجە کیمیاباران کراوەو تەرمەکان بەبێ شۆردن نێژراو،پێم وتن: بەبێ شۆردن بیانێژن، هاوشێوەی ئەوانەی لە هەڵەبجە شەهید بوون. هەر ئەو شـەوە کاتژمێر ١١:٥ خولەک، حکومەتی عیراق گوندی دووکانیانی ناوچەی قەرەداغی کیمیاباران کرد، لەو گوندەشدا سێ کەس گیانیان لەدەستداو ١٥ کەسیش بە کیمیایی برینداربوون. لە رۆژی ٢٦/٣/١٩٨٨ دوە هەموو رۆژێک ناوچەی قـەردەداغ لە

دەربەندیخانەوە بەکاتیۆشا بۆمباران دەکرا، لەوانە، گوندەکانی مچەکوێر، مەسۆیی، دێوانە، بەڵخە، تەکیە، بەلەکجاڕ، جافەران و چەمی سمۆر، لەبەر ئەوەی دوای کیمیابارانی سێوسێنان خەڵکی ئەو گوندانە رایانکرد بۆ ناوچەی گەرمیان، کەسیان شەهید نەبوو، چونکە چۆڵکرابوون. لە گوندی ئێمە (ئیمام هەمزە) پێشمەرگەیەک شەهید بوو لەسەر جیهازی لاسلکی بوو، زۆر خۆی لە کیمیایی نەدەپاراست، لەنەخۆشخانەوە چووم بۆ ئەو شوێنەی وشیاری لێ شەهید بوو، وشیار سێ بەرخیشی هەبوو هەر سێکیان مردار ببونەوە، پاشان چوومە ماڵی خۆمان هەموو مریشکەکانم مردارببونەوە، رۆژی ٢٦/٣/١٩٨٨ ئەنفالی دوو لەقەرەداغ دەستی پێکرد، دوای چەند رۆژێک شەڕ،پێشمەرگە بەرەو گەرمیان پاشەکشێیان کرد. کە چووینە گەرمیان لەوێ ماینەوە تا ١٤/٤/١٩٨٨ لە ئەنجامی ئەنفالی سێی گەرمیانیش لەوێش پاشەکشەمان کرد بۆ ناوچەی ناوشوان و عەسکەر، لەهەڵمەتی ئەنفالی سێدا هیچ برینداری کیمیاییم نەبینی. لە وەڵامی سابر دووریدا د. فایەق گوڵپی وتی: لەو بەسەرهاتانەدا من و هاوسەر و کچەکەشم بەکیمیایی بریندار بووین، واتە بەرکەوتەی کیمیایی بووین. سوڵتان هاشم لێی پرسی ئێوە داودەرمانتان لە کوێوە بۆ دەهات؟ د. فایەق وەڵامی دایەوە کە لەوکاتەدا ئێمە ١٤ دکتۆرو نزیکەی ١٠٠ کارمەندی پزیشکی بووین، هەروەها خولی پزیشکیمان بۆ پێشمەرگەش کردبووەوە، لەرێگەی رێکخستنەکانی ناو شارەوە بە نهێنی دەرمانمان پێدەگەیشت.

پارێزەری تاوانباران پرسیاریان کرد ئایا نەخۆشخانەکانیان بچووک بوون یان گەورە؟

لە وەڵامدا وتی: نەخۆشخانەی بچووک و گەورەشمان هەبووە، بۆ نموونە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو گەورە بوو، نەشتەرگەریی تێدا دەکرا.

« ساڵی ١٩٨٣ لەشەڕی حاجی مامەند، باوکم (مەحمود مراد ئەلی) رابەر سیاسی کەرت بوو، لەگەرمیانەوە چووبوونە ناوچەی شارباژێر لەگەڵ کاک سەلامی کوێخا عەزیزو کاک سدیقی سۆفی مەجید، لەو شەڕە باوکم بەسەختی بریندار دەبێت و دواتر دەبرێتە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، مانگێک لەوێ لەژێر چارەسەردا دەبێت و ١٤ پرشی ئارپیجی بەرکەوتبوو، دواتر هەر بەبرینداری هێنرایەوە بۆ گەرمیان، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا کادری مەڵبەند دوانیوەڕۆیەک باوکمی هێنایەوە گوندەکەی خۆمان لە وڕێڵە، جێگەی ئاماژەیە دکتۆر فایەق زۆر بە وردی و دیقەتەوە رووداوەکانی گێڕایەوەو زۆرتر تیشکی خستەسەر جۆری کیمیاییەکان و رێژەی کاریگەرییان و ژمارەو رێژەی قوربانییەکان، هەروەها مرداربوونەوەی مەڕومالات و پەلەوەریشی گێڕایەوە.

## د. زریان و د. شوان لە نەخۆشخانەی خەتێ و بەرگەڵوو

هـەردوو دکتۆری ناو شـۆڕش و ناوچە ئـازادکـراوەکـان، دوو پێشمەرگەی سپی چارەسەرکەری نەخۆش و بریندارانی شەڕ،

وەک چۆن لەکاتی شۆڕشدا خزمەتێکی زۆری خەڵکی گوندەکان و هێزی پێشمەرگەیان کردبوو، ئاوەهاش بوونە دوو شایەتحاڵی گرنگی دۆسیەی ئەنفال لە دادگادا.

لە بیست و نۆیەمین دانیشتنی دادگـادا، دکتۆر عەبدولرەحمان عوسمان یونس، ناسراو بە د. زریان، وەک شایەتحاڵ دەرکەوت و بەم جۆرە دەستی بە وتەکانی دا لەبەردەم دادوەر.

وتی: « لە ساڵی ١٩٧٩ کۆلێژی پزیشکیم تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٨١ بوومەتە پزیشک لە نەخۆشخانەی خەتێ لەدۆڵی بالیسان، کە سەر بە قەزای خەلیفان بوو، لەوێ کارم کردووە.»

هاتە سەر باسی رووداوەکـان و وتـی» ئێوارەی ١٦/٤/١٩٨٧ پێش ئەوەی دونیا تاریک بێ، لەناو نەخۆشخانەکەدا وەستابووم، ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەو هێلیکۆپتەری سەربازیی عیراقیم بینی، نزیکەی ١٠ فڕۆکەیان بەنزمی دەفڕین، ٦-٨ هێلیکۆپتەریش بەبەرزی دەفڕین، پاشان فڕۆکەکان بەسەر گوندەکانی دۆڵی بالیساندا دەسوڕانەوە، گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانانیان بۆمباران کرد، هێلیکۆپتەرەکانیش رێگاو دۆڵەکانیان بۆردومان دەکرد، دەنگی

بۆمبەکان نزم بوون، وەکو بۆمبارانەکانی پێشوو نەبوو، دوکەڵێکی زۆریشی لێ بەرزدەبوەوە، پاشان فڕۆکەکان بە ئاراستەی هەولێر گەڕانەوە، ئێمەش بۆنێکی سەیرمان دەکرد وەک بۆنی سیرو سێو، ئاراستەی (با)کە لە رۆژئاواوە بەرەو لای ئێمە دەهات، چووم بۆ گوندی توتمێ کە نیو کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوور بوو بۆهەواڵپرسین، لە یەکێک لە بارەگاکانی پێشمەرگەم پرسی، وتیان گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانان کیمیاباران کراوەو یەکسەر گەڕامەوە بۆ نەخۆشخانەی خەتێ.»

نیوەی شەو بەدەنگی هاواری خەڵک هەستام و ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ و پیاو بە تراکتۆر لە گوندەکانەوە هێنابوویانن بۆ نەخۆشخانەکە، بریندارەکان کۆمەڵێ ئاسەواریان پێوە دیاربوو، کە لە ژیانمدا نەمبینی بوو، هەموویان چاویان کوێر و سوورسوور ببوەوە، پێستیان بەهەمان شێوە و ئاوسابوون و بڵقیان کردبوو، هەندێکیان دەرشانەوەو خوێن بەدەمیانا دەهاتە خوارەوە، ئێمە توانای ئەوەمان نەبوو چارەسەری ئەو جۆرە نەخۆشی و برینانە بکەین، تەنها ئەوە نەبێ داوامان لێیان کرد جلەکانیان بگۆڕن و خۆیان بشۆن، نزیکەی ٤:٥ بەیانییەکەی حکومەتی عیراقی هێرشی زەمینی دەستپێکرد، گوێمان لەدەنگی تانکەکان بوو، کە بەچڕی دەستیان بە بۆردومانی ناوچەکە کرد، خەڵکی ناوچەکە شڵەژاو بوون و هەندێکیان ڕوویانکردە شاخەکان و هەڵهاتن، ژمارەیەکیشیان دەیانوسیت خۆیان تەسلیمی سوپای عیراق بکەنەوە، لەم کاتەدا منیش لەگەڵ چەند کادرێکی پزیشکی و چەند بریندارێکی چەکی کیمیاویدا رامانکرد و بەرەو

چیاکان هەڵهاتین. لە ڕێگا ناخۆشی زۆرمان چەشت و لەهەندێ ڕێگادا بریندارەکانمان ڕادەکێشا، چونکە هەندێکیان کوێر بوون و چاویان هیچی نەدەبینی، لەمیانەی ڕۆشتنەکەماندا بە گوندی شێخ وەساناندا تێپەڕین، هیچ جۆرە زیندەوەرێکی تێدا نەمابوو، تەنانەت ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەریش، ئاسەواری بۆمبارانەکانمان بینی، کە زۆر زەوییەکەی قوڵ نەکردبوو، ماددەیەکی سپی کە لە گەچ دەچوو، لەناوچەکەدا بڵاوببووەوە.

سوپا توانی گوندەکان وێران بکات و بیانڕووخێنێ و پاش سێ ڕۆژ پاشەکشەی کرد، ناوچەکە ئیتر کەسی تێدا نەدەژیا جگە لەچەند مەڕومالاتێک کە هەموویان کوێر بووبوون، ئەوە یەکەم کیمیاباران بوو لەسەر هەرێمی کوردستان، بەدرێژایی ئەو ماوەیە چەندین حاڵەتی هاوشێوەی ئەوەی ڕوویدا بینی، هەروەک چۆن گوندەکانی مەلەکان و وەرتێ و بالیسان کیمیاباران کرابوون، لەسەرەتادا و لەیەکەم کیمیاباران شارەزاییەکی ئەوتۆمان نەبوو، بۆیە ژمارەی قوربانییەکان زۆر بوو، لەوە بەدوا فێربووین و خەڵکمان فێردەکرد کە چۆن خۆیان لە کیمیایی بپارێزن.

د. زریان باسی لەوەشکرد کە خۆیشی بەرکەوتەی کیمیاییەکە بووە، گیانی کەوتووەتە خورین و سووربونەوە، «کاتێ کە رشاومەتەوە خوێنم هەڵهێناوە، من چەکم پێ نەبوو جگە لە جانتایەکی دەرمان کە خەڵکم پێ چارەسەر دەکرد».

سوڵتان هاشم داوای لە دادگا کرد کە قسەکانی د. زریان بەهەند وەرنەگرێت، چونکە مێژووی ئەو ڕووداوە دەکەوێتە پێش مێژووی

ڕووداوەکـانـی ئەنفال، بۆیە قسەکانی پەیوەندی بەشاڵاوەکانی ئەنفالەوە نییە.

ئینجا نۆرەی د. شوان هات لەبەردەم دادگادا وتەی لێ وەربگیرێت وەک شایەتحاڵ.

دکتۆر یوسف محەمەد عەزیز ناسراو بە (د. شوان) بەم جۆرە کەوتە قسەکردن:

« لە ڕۆژی ١٦/٤/١٩٨٨ پزیشک بووم لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو، ناوچەکە بەبەردەوامی ڕووبەڕووی بۆمباران دەبووەوە، بەڵام لەم ڕۆژەدا بۆمبارانەکە جیاواز بـوو، گوێمان لەدەنگی تەقە نەبوو، هەستمان بەترس و نیگەرانییەکی زۆر کرد، دوای ٤٥ دەقە چەند بریندارێک سەردانی نەخۆشخانەیان کرد، چاویان کوێر بووبوو، پێستیان سوورسوور ببوەوە، بەتایبەتی ژێر باڵ و کەمەرو قاچیان، لەگەڵ دکتۆرەکان کەوتینە گفتوگۆ، بۆمان دەرکەوت کە ئاسەواری چەکی کیمیاییە و بەتایبەتیش گازی خەردەل. هەموو ئەو بریندارانەی هێنرانە لامان خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرمان بوون، دوای چەند ڕۆژێک چەند بریندارێکی دیکە لە گوندی مەرگە و کانی تووەوە هاتن، یەکێک لەوانە ناوی شەمس بوو، شوان بوو، کە پشکنیم بۆی کرد دەرکەوت بەهەمان شێوە بەرکەوتەی هەمان چەکی کیمیاییە، تەنگەنەفەس بوو، داخڵی نەخۆشخانەمان کرد، پاش دە ڕۆژ لە پێدانی چارەسەر، گیانی لەدەستدا.

دوای چەند ڕۆژێکی دیکە، چەند فڕۆکەیەک هاتنە سەر گوندی بەرگەڵوو بۆمبارانیان کردین، لەو کاتەدا من لە نەخۆشخانەکە بووم

سەیرم کرد دووکەڵ بەرزبووەوەو دەنگی بۆمبەکان نزم بوون، دوای ئەوەی هاوارم کرد کیمیاییە و خۆتان بپارێزن، لەگەڵ کارمەندەکانی نەخۆشخانەکەدا ناوچەکەمان بەجێ هێشت.

شایەتیدانی هەردوو دکتۆرەکە گرنگ بوو، بەتایبەتی ئامادەبوونیان بەشێک بوو لەو خەباتە ئینسانییەی لە شاخدا کردبوویان، هیچ لەبایەخی شاهیدیدانیان کەمناکەمەوە، بەڵام بەبەراورد بە وتەکانی دکتۆر فایەق گوڵپی، کەمتر کاریگەر بوون.

## پرۆسەی وەرگێڕان لە دادگا

حسێن مەحمود تاڵەبانی لەدایکبوی شاری کەرکوک، یەکێک بوو لە وەرگێڕە کوردەکان. وەرگێڕانی راستەوخۆی لەکوردیەوە دەکرد بۆ ئینگلیزی و رای گشتی جیهانی. بە هۆی ئەوەی لە ئەمریکاوە هاتبوەوە بۆ بەشداریکردن لە دادگای ئەنفال و لە ئەمریکا وەرگێڕانی وەک پیشە مومارەسە کردبوو بەتایبەتی وەرگێڕان لەبەردەم دادگادا. جگە لەوەش چەندین خولی بینی بوو لە بواری وەرگێڕان توانی ئەرکەکەی خۆی لە دادگا بەباشی ببات بە ڕێوە.

حسێن تاڵەبانی وەرگێڕانی بۆ شاهید حاڵە هەرە گرنگەکانی دادگای ئەنفال کرد لەوانە فەرەج و عەبدولواحیدو رەمەزان و خدرو فایەق گوڵپی و چەندین ژنیش. هەروەها وەرگێڕانی وتەی زانا بیانیەکانی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە ئینگلیزیەوە بۆ عەرەبی کرد.

خودی دادگاکە ١٢ وەرگێڕی ناوخۆیی ئامادە کردبوو بۆ بەڕێوە بردنی کاروبارەکان بەڵام بەشی زۆریان سەرکەوتوو نەبوون لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکان چونکە لە پرۆسەی هاوشێوەدا رۆڵیان نەدیبوو یان پێشتر خولی راهێنانیان نەدیبوو.

بەتایبەتیش وەرگێڕانی دەماو دەم و راستەوخۆیان نەکردبوو.
جارێکیان یەکێک لە شایەتحاڵەکان باسی لەوە کرد کە ( کچە جوانەکان) دەستدرێژیان دەکرایە سەر.
جوان بە شێوەزاری گەرمیانی بە واتای گەنج دێت و دەوترێت. وەرگێڕ بە فتاە جمیلات وەری گێڕا. ئەم وەرگێڕانە ئەو پرسیارەی دروست کرد ئایا کچە نا جوانەکان دەستدرێژیان نەکراوەتە سەر؟ ئەم گرفتە لە رێگەی وەرگێڕانی نا دروستی وشەیەکەوە دروست بوو. زیاتر لە بیست دەقە دادگا سەرقاڵی راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە بوو.
لەناو دادگادا هیتفۆن هەبوو بۆ چاودێرو میوانەکان کۆنترۆڵی هەبوو لەگەڵ چەند چەناڵێک بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕان دەکرا. سیستەمی دەنگی بە شێوەیەکی باش ئامادەکرابوو. بەبێ گرفت بەهەرسێ زمان دەتوانرا دانیشتنەکان و وتەکان بگوازرێتەوە.

## المجمعات القسرية
## وەك ئامادەكارييەك بۆ راگواستن لە ئەنفالدا

لەناو دانیشتنی دادگا، بابەتی راگواستنی گوندەکان و هەڵکەندنی خەڵک لە شوێنی رەسەنی باوباپیرانی خۆیان، بووە بابەتی گەرمی دانیشتنی ژمارە ٢٢ ی دادگای ئەنفال، وەک هەموو جارەکان دەستەی داواکاری گشتی بۆ هەر دانیشتنێک دیوێکی گرنگی پیلانەکانی رژێم و ئاسەواری زیانەکانی ئەنفالی دەخستەڕوو، داوکاری گشتی رایگەیاند: رژێم بۆ ئاسان بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئەنفال و رووخاندنی گوندەکان و، وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و کەلتووری کوردستان، سەرەتا کۆمەڵگەی زۆرەملێی دروستکرد بەئامانجی کۆکردنەوەی خەڵک لە ژێر چاودێری خۆیدا، ئینجا دابڕینیان لە هێزی پێشمەرگە و نەهێشتنی ژێرخانی ئابووری بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی ناوچەکەوە. داواکاری گشتی باسی لە دژایەتیکردنی بەعس بۆ سروشتی کوردستان کرد لە بڕینەوەی دارگوێز و بادەم و دارستانی گوندەکان.

لەو کاتەدا عەلی حەسەن مەجید قسەی بە داواکاری گشتی بڕی و، بەهات و هاوار وتی: ئەو شتانە هیچ گرنگترنین لە سەری عیراق.

داواکاری گشتی باسی لەوەش کرد ئەو هەموو ئاوەدانییە وێرانکراو، خەڵکەکە لە ژێر ناوی مجمعی عصریدا گەمارۆدران، ئەو پرۆسەیەش بۆ ئامادەکاری لەناوبردن بوو لە قۆناغی داهاتووتردا.

## ئەنفالکراوەکان کەم، یازیاتربوون لە١٨٢ هەزار

لە بارەی ژمارەی ئەنفالکراوەکانەوە هێشتا ئامارێکی دروست لەبەردەستدا نییە.

هێشتا پۆلێن نەکراوە ئەوانەی ئەنفالکران چەندیان منالٚ بون، چەندیان ژن بـوون، چەندیان پیر بـوون، چەندیان گەنج بـوون، چەندیان نێربوون و چەندیان مێینە بوون.

هێشتا دیار نیە لەهەر قۆناغێکی ئەنفالدا چەن کەس بەر شالاٚوەکە کـەوتـوون. بـەڵام دەزانـرێ لە قۆناغی شـالاٚوی ئەنفالی سێیەمدا ژمارەیەکی ئێخگار زۆر ئەنفالکران.

ئەم کەلێنەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو دامودەزگایانەی ئەرکی سەرژمێری و ئامارو کاروباری ئەنفالکراوەکانیان لەئەستۆ بووە.

وەکو کەموکورِیەکانی تر لە باسەکانی پێشودا ئاماژەی پێکراوە لەم کتێبەدا لەم بوارەشدا رانەپەڕاندنی ئەرک هەبووە. خەمساردی و بێباکی هەبوە بەئێستاشەوە.

جگەلە چەند هەوڵێکی تاکەکەسی نەبێ پچڕپچڕ لەدەڤەرەکاندا دراون و سەراپاگیر نەبوون. تان گشتگیرو هەمەلایەن نەبوون و نین، کەئامارێکی راست لە سەرجەم ناوچە ئەنفالکراوەکانی کوردستان

لەگوندو شارۆچکەکانی لەخۆگرتبێ.

هەرجەندە کەم یا زیاتر لە ژمارەی ئەندالکراوەکان لە رووی یاسای نێودەوڵەتی تاوانی جینۆسایدەوە هیچ لە رەهەندە قانونیەکەی کەم ناکاتەوە. چونکە پرۆسەکە بەئامانجی لەناوبردنی بڕێک یا کۆی گشتی نەتەوەکی دیاریکراو بووە.

ئەو ژمارەیەی بڕاوە بە بالآی تاوانی ئەنفال (١٨٢)هەزار، جگەلەوەی ژمارەیەکی سیاسییە، لەناو ئەدەبیات و نوسین و راگەیاندنیشدا چەسپیوە. باس کەهاتە سەر ژمارەی ئەنفالکراوەکان بە(١٨٢) هەزار ناودەبرێن. لێرەدا بەدیاریکراوی قسە لەسەر کەم یان زۆری ژمارەی قوربانییەکان نییە، بەدەر لەو ژمارەیەی ناوەندە سیاسی و راگەیاندنەکانی کوردستان ئاماژەی پێ دەدەن رەمەکی نییەو؛ نزیکە لەژمارەی دانیشتوانی ئەو هەزاران گوندانەی بەر شالآوەکان کەوتن و سوتێنران و تەختی زەوی کران. لەماوەی رابردوودا چەندین ناوەندی مافی مرۆڤی جیهانی و، کەسایەتی عەرەب و خودی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال باسیان لەژمارەی نزیک و هەندێ جاریش زیاتر کردوە لەسەدو هەشتاو دووهەزار.

لەیەکێک لەدانوستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعسدا لەساڵی ١٩٩١ لەوەڵامی داوایەکی سەرکردایەتی کورددا سەبارەت بەچارەنووسی (١٨٢) هەزار کەسی ونبوو لە شالآوەکانی ئەنفالدا، عەلی کیمیاوی لەو پرسیارەو بەتایبەتیش لەو ژمارەیە سەغڵەت دەبێت و بەتوڕەییەوە دەڵێ: تێکڕای ژمارەیەیان لەسەد هەزار کەس زیاتر نەبووە.

(میدڵ ئیست ووٚچ) لەراپۆرتی خۆیدا سەبارەت بەژمارەی ئەو کەسانەی لەئەنفالدا لەناو براون، لانی کەمی بەپەنجا هەزار یان رەنگە (١٠٠) سەد هەزار کەسی خەملاندووە. ئاماژە بەوەش دەکات کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوونە. هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات ئەو لەناوبردنانە لەساتەوەختی شەڕو پێکدانەکاندا نەبوە. سەمیر خەلیل کەناوی راستەقینەی نوسەری عێراقی کەنعان مەکیەیە، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (دی تاگس چای تونگ)ی ئەڵمانی سەبارەت بەکۆمەڵکوژی کورد لە عیراق دەڵێ: لەلایەن رژێمی بەعسەوە (١٠٠تا٣٠٠) هەزار مرۆڤی کورد لەناوبراون و زۆربەیان لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بووە. شایەتحاڵێکی گەرمیانیش لەساتەوەختی بردنی ئەنفالکراوەکاندا بەرەو باشوری عێراق تەنیا لەدڵی خۆیدا دەپرسێ: خوایە ئەو هەموو قافڵە خەڵکەی دە رۆژە بەسەریەکەوە دەبرێن و کۆتایی نایە بۆ کوێیان ئەبەن!. کەم یان زۆری ژمارەی قوربانیان کاریگەری ئەوتۆی لەسەر دۆسیەی ئەنفال نەبوو لەدادگای باڵای تاوانەکان. ئەگەر کتومت ئەو ژمارەیەی باس دەکرێت وا نەبێت بەڵام خودی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال دانیان بەسەد هەزارێکدا ناوە، کە نەماون لەئەنفالدا. کەس باسی ئەو سەدان هەزارەی تریش لە خەڵکی هەڵکەنراو لە زێدی خۆی ناکات کە بەنەخۆشی و پەرتەوازەیی لەئۆردوگا زۆرەملێکاندا بەناچاری ژیانیان دەگوزەران و بەهەزارانیان لە چاوەڕوانیا مردن.

## باشترین قەرەبووکردنەوە

هیچ دەسەڵات و وڵات و بانکێکی گەورەی نێو دەوڵەتی ناتوانی قەرەبووی زیان و لێکەوتەکانی تاوانی ئەنفال بکاتەوە.

هیچ پارەو پولێک نابێتە بارتەقای ئەو زیان و لەدەستدانەی کورد لەئەنفالدا لێی کەوتوە. بەڵام بابەتی قەرەبوکردنەوەی گەلی قەربانی و کەسوکاری قوربانیان لە دۆسیەی ئەنفالدا پرسێکی یاسایی رووتە.

ئەگەر نا هەموو کوردستان لەلایەن حکومەتی تازەی دوای رژێمی بەعس هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن کەنایکەن، گوندە رووخاوەکان پڕ بکەن لەخێرو بێری مادی. ئەوا هێشتا ناتوانن بڕێکی کەم لەو کاریگەریە خراپ و لێکدابڕان و لێکەوتەو هەڵتەکاندنانەی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواری لەئەنفالدا هێنرا

پارسەنگ بدەنەوە. جگەلە سوتان و لەناوبردنی ٤٥٠٠ گوندو سوتاندنی رەزو باخ و بێستان و کانیاوو ئەو سەرچاوە گرنگانەی

ژێرخان و سەرخانی ژیان. جگە لەوانەش و تراژیدیتر بەکۆمەڵ کوشتن و بێسەرو شوێنکردنی ئەو سەدان هەزار مرۆڤە بێدەرەتان و سڤیلە، لام وانیە بەگرتنەبەری هیچ رێو شوێن و بەرنامەیەک چەند گەورەو فرەلایەنیش بێت بتوانرێ لەچواچێوەی ناولێنانی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالدا جێی خۆی بگرێت. لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەش پێوستە هەموو لایەک و

رای گشتیش ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت کەبەر لەهەر کەس و لایەک کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، کورد وتەنی (گیرفانیان نەدوریوەتەوە)و لەچاوەڕوانی قەرەبووکردنەوەی مادیدا نین. ئەو ژانە بەسوێیانەش کەهەتا لەژیاندا مابن پێوەی دەتلێنەوە، بەهیچ کەرەستەو تفاقێکی مادی سارێژ نابێت و قەرەبووی لەدەستچوونی ئەو هەموو رۆح و گیان و ژیانەیان کەبەر لەئەنفال تێیدا ئەژییان پێی نادرێتەوە. بەڵام ئەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەپلەی یەکەم دوای چەندین ساڵ لەئنفال و وا چەندین ساڵ لەدادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال مەبەستییانەو؛ چاوەڕوانی ئەکەن، دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالە بە ئامانجی دووبارە نەبوونەوەی کۆمەڵکوژیەکی تری هاوشێوەی ئەنفال بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال ساڵانە لەیادی ئازیزەکانیاندا داوای قەرەبووی مەعنەوی دەکەن زیاتر نەک مادی.

چونکە دەزانن قەرەبووی مەعنەوی قۆناغێکی نوێ دێنێتە ئاراوە، قەرەبووی مەعنەوی پارێزگاری دەکات لەنەوەی ئەنفالکراوەکان.

خودی دادگایی کردنی بەشێک لە تاوانبارانی ئەنفال سەرەتایەکە بۆ قەرەبووی مەعنەوی.

هەر ئەوەش لای ئەوان باشترین و شیاوترین قرەبووکردنەوەیە بۆیان. خۆشیان تەنیا خوازیاری ئەوە بوون لەبەر چاوی دونیاو هەموو رێکخراوە مرۆڤدۆست و کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئاکام لەماوەی سزادانی ئەو تاوانبارە گەورانەی عیراقەوە هەموو جیهان بەدرشتی بزانن لەرۆژی خۆیدا چ شاڵاوێکی دڕندانەی بێ وێنە دژ بەهەموو

بەهاکانی مروڤ و مرۆڤایەتیان بەسەریاندا هێنرا. هێشتاش لەناو غوبارى ئەو کۆستەو، ژانی ئەو زامە بێ قەتماغانەدا رۆژگار دەیانگوزەرێنێ. حەق وابوو رای گشتی دونیاش بەر لەهەر شرۆڤەو خوێندنەوەیەک، ئەو راستیەیان لا بچەسپێ کەباس هاتە سەر قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و؛ ئەوانەی لەشالاوی ئەنفالدا بەهەر بارێکدا زیانیان بەرکەوتوە (بێجگە لەوەی هەموو جۆرە مافێکیان هەیە) باشترین قەرەبووکردنەوە بۆ ئەوان بەر لەهەرشتێکی هەوڵی دوبارە نەبونەوەی تاوانی تری کۆمەڵکوژیە بەسەر گەلی کوردا بهێنرێت.

پارێزگاری لەگەلی قوربانی و جینۆسایدکراو بەشێکە لە ئەرکی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بەشێکە لە پرۆسەی قەرەبووکردنەوە.

بەداخەوە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال نە لە رووی مادیەوە قەرەبووکرانەوە. نە کوردستانیش لە رووی مەعنەویەوە بە جۆرێک پارێزرا کە چیتر تووشی کۆمەڵکوژی و لە مەترسیە بەردەوامەکانی کۆمەڵکوژی بپارێزرێت.

کۆمولکوژی زرگۆشەکانی گەرمەسێر لە ٢٠٠٧ و جینۆسادی ئێزیدیەکان ٢٠١٤ دوو نمونەن لەسایەی حکومەتی دوای رژێمی سەدام حسێن کەبەسەر گەلی کوردستاندا هاتن.

## وەکو جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان سەیرتان دەکەین

لە دانیشتنی دووەمی دادگادا لە رۆژی ٢٢/٨/٢٠٠٦، هاووڵاتییەکی گوندی بالیسان بەناوی عەلی شێخ مستەفا، وەک یەکەم سکاڵاکەر لەبەردەم دادگا ئامادەبوو.

بەپێی خۆناساندنەکەی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣ بوو، باسی لەبەکارهێنانی بۆمبی هێشوویی (عنقودی) کرد کە چۆن گوندەکەیان کیمیاباران کراوە، لە شەودا بۆردومانی گوندەکەو دۆڵی بالیسان کراوە بە هەشت بۆ دوانزە فڕۆکە، هەموو خەڵکەکە پەڕاگەندە بوونەو هەر یەکەو روویان کردووەتە چیاو دۆڵەکان، کەس ئاگای لەکەس نەماوە.

عەلی شێخ مستەفا لەبەردەم دادگادا وتی: لە بن بەردێکدا دانیشتبووم و دەوروبەری خۆم نەدەبینی، چاوەکانم نەیدەبینی و کیمیاویم بەرکەوتبوو.

دوو ژنی گوندەکە کە دەیبینن بانگی دەکەن، بەڵام ئەم بەدەنگ دەیانناسێتەوە.

یەکێک لە ژنەکان دووگیان بووە، دواتر کە مناڵەکەی لەدایکبووە ناوی لێناوە ( کیمیا). باسی لەوەکرد بە چاوی نەبینراوەوە گیراون و لەگەڵ چەندین کەسی تردا کە هەر بەدەنگ یەکتریان ناسیوەتەوە، بە تراکتۆر گواستراونەتەوە بۆ ناحیەی بێتواتەو پاشان بەرەو رانیە،

لەو کاتەدا لە خێزانەکەم دابڕام و نەمزانی چی بەسەرهات و منیش نەمدەزانی بۆ کوێیان بردووین.

ئێمە سێ کەس بووین سواری پاسیان کردین و وتیان بەرەو سلێمانی دەتانبەن، هەر واش بوو هێنامانیان بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی و تەداوییان کردین، لە نەخۆشخانەکە هێشتیانینەوە، هاوولاتییەک نەخۆشخانەکە وتی من هەرسێکتان دەبەم بۆ ماڵی خۆمان. من یەک کەسم لە دوانەکەی تر دەناسی ناوی حسێن محەمەد بوو، ئەوەکەی دیکەش ناوی مام خورشید سەلیم بوو، خاوەن ماڵەکە ناوی خۆی پێ نەدەوتین، دیاربوو داوای پزیشکی کردبوو بێت لەماڵەوە چارەسەرمان بکات، بەڵام زانیبووی حاڵەتەکەمان کیمیاوییە، لە ترسا نەهاتبوو.

دواتر خاوەن ماڵەکە لە نەخۆشخانە داخڵی کردینەوە بەناوی ئەوەی کە گوایە بە لەحیم و ئۆکسجینی لەحیمکردن وامان لێهاتووە، بەڵام لەنەخۆشخانە کەشف بووینەوەو حجزکراین.

مام خورشید خەڵکی شێخ وەسانان بوو، دوای چوار ڕۆژ لەنەخۆشخانەکە کۆچی دوایی کرد.

ئێمە لەنەخۆشخانەکە حجزکرابووین سەربازیان لە نزیکمان دانابوو، ئەفسەرێکی عەرەب هاتە لامان و وتی ئێوە چ کارەن؟ ئێمەش وتمان کاسبکارین، وتی نا ئێوە تێکدەرن، حکومەت بەبەزەییە ئەگینا حەقە بەگاز پارچە پارچە گۆشتتان لێبکرێتەوە، ئێوە تاوانبارن و من وەک جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان سەیرتان دەکەم و هیچ جیاوازییەکتان نییە لەگەڵ ئەوان.

دواتـر ئەفسـەرێکی دیکە هاتە لامـان، ئەو مامەڵەی باشتر بوو لەگەڵمان، پزیشکێکی کورد بەناوی بابەکر،و پەرستارێک بەناوی گوڵاڵە، زۆر باشبوون لەگەڵمان، بەهۆی گوڵاڵەوە کە ناووناونیشانم پێیدا، ناوەکەمی رەوانەکردبوو بۆ هەولێرو بەو هۆیەوە باوکم و خزم و کەسوکارم هاتن بۆ نەخۆشخانەکە بۆلام، رێوشوێن دانرا کە چۆن لەنەخۆشخانەکە رزگارمان بکەن و دەرمان بکەن.

لە رێگەی مولازمێکی عەسکەرییەوە بەناوی حسێن سەعید، جلی نەخۆشخانەیان کردە بەرمان و ئێمەیان دەرکرد، لە دوکانی ئاسنگەرێک دامانیان نا.

دواتـر جلی کوردیمان لەبەرکردو هاتینەوە بۆ ماڵی باوکم لە سیساوای هەولێر.

لەوێ زانیم کە مامم بەناوی حسێن مستەفا بە کیمیاوی مردووە.

پارێزەرانی تاوانباران پرسیاریان لە عەلی شێخ مستەفا کرد ئایا چۆن دەزانێ ئەو فڕۆکانەی بۆمبارانیان کردووە عیراقین؟ ئایا ئاڵای ئێرانی یا عیراقی بە فڕۆکەکانەوە بووە؟ چۆن دەیسەلمێنی کە فڕۆکەی عیراقی بوون؟

لە وڵامدا وتی: من هیچ ئاڵایەکم نەبینی، بەڵام هەر هەمان ئەو فڕۆکانە بوون کە پێشتر بۆمبارانیان دەکردین، بەوەیا دەزانم عیراقی بوون کە رۆژی دواتر سوپای عیراقی بەهێزێکی زۆرەوە هاتن و دایان بەسەر گوندەکەمانداو زیندوەکانیان هەموو برد.

## مانگی رەمەزان و کیمیاباران

«دەمەوێت لەسەدام و عەلی کیمیاوی بپرسم بۆچی لەمانگی رەمەزاندا کیمیابارانیان کردین و دایک و باوکم بەزمانی رۆژووەوە گیانیان لەدەستدا».

ئەمە وتەی یەکێک لەشایەتحاڵەکان بوو، کەلەبیستەمین دانیشتنی دادگـــادا، لەکاتی گێـڕانـەوەی ئـەو دەردە سـەریـانـەی بەسەریدا هاتووە لەناو هۆڵی دادگادا باسی لێوە دەکرد. شایەتحاڵەکە خەڵکی گوندی(وەرێ)ی ناوچەی بالیسان بوو، بەزمانێکی سادەو کوردیەکی رەوانەوە؛ ئەو بەسەرهاتە دوورو درێژو پڕ مەترسیانەی بەوردی گێرایەوە. کەچۆن چۆنی لە ڕۆژی ١٩٨٨\٥\١٨ چوار فرۆکەی رژێم هاتوونەتە سەر گوندەکەیان و کیمیابارانیان کردووە. سەدام حسێن بەبێ ئەوەی هیچ وڵامێک یان قسەیەکی بۆ ئەو پرسیارەی شایەتحاڵ هەبێ، بەو پەڕی خوێن ساردیەوە خۆی و عەلی کیمیاویش نقەیان لەخۆیان بڕیبوو.

لـەو دەربڕینانەی شایەتحاڵەکە؛ کـەتـەزووی بەگیانی هەموو کەسێکی خاوەن هەست و کەسایەتیی و مرۆڤایەتیدا دەهێنا، جگە لەوەش بەگەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمەو هەڵوێستی دونیا بۆ تەواوی ئومەتی ئیسلامی و ریکخراوە ئیسلامیەکان و دەوڵەتانی بەناو ئیسلامی و عەرەبی شورەییەکی گەورە بەدی دەکرا لەهەمانکاتدا

هەڵدانەوەی ئەو فایلانەو دەرخستنی ئەو راستیانە جگە لەچەسپاندنی تاوانەکانی رژێمی بەعس لەدادگای باڵای تاوانەکاندا؛ لەرووی سیاسیی و ویژدانیشەوە راستەوخۆبێ یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەری لەسەر لایەنی تریش دانا. هەموو دونیای دەوروبەر تەماشاکەر بوون لەو رۆژگارەدا لەژێر ناوی لەشکری قەعقاع و خالدو بەپەرچەمی (ئەنفال) هوە لەمانگی خێرو ئاشتیدا کوردی بەڕۆژوو بوو، گوندنشینی خاوەن مزگەوت و خانەقاو زمان بەڕۆژوو، کیمیاباران کراوە. لەناو ماڵ وحاڵ و گوندی دووره دەستی خۆیاندا خنکێنران

ئەبێ تاوانی ئەو خەڵکە چی بێت؟ هەر وەکو دواتر پارێزەری دەستەی بەرگریکار لەمافی کەسێتی ئەنفالکراوەکان پرسیاریان لەشکایەتکار کرد. بۆچی کیمیاباران کراون؟ ئەویش دەمودەست هاتنە وەڵام و وتی: تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بووین!.

پێیان دەوتین ئێوە جەلالین.. موخەڕیبن

هیچ پاساوو تۆمەت و بیانویەک نەبوو. ژن و مناڵ و پیرو خەڵکی بێدیفاع بەو جۆرەی بەسەریاندا هات مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەی جەلادەکان بەئەنفالکراوەکانیان کردوە، بەپێوانەی گشت یاسا ئاسمانی و زەمینیەکان؛ نەک هەر جێی نابێتەوە، بەڵکو قبوڵی ناکات و ریسوای دەکات. چونکە نامرۆڤانەیی رەفتاری جەلادەکان دەرهەق بەژن و پیرو جوانی ناوگرتوخانەکان بەجۆرێک بووە، مەگەر هەر خودی ئەنفالکراوەکان بتوانن بیگێڕنەوەو گوزارشت لەو ژان و ئازارو زوڵمە بکەن. فەوزیە مەحمود ئەشرەف یەکێک بوو لەشایەتحاڵەکان و لەکۆمەڵگای زێڕینۆکی پارێزگای

سلێمانیەوە هاتبوو، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ بوو. بەخەمێکی قوڵەوە باسی لە ئەتککردنی پاکیزەکان دەکرد بەدەستی ئەفسەرو بەشێک لەپاسەوانەکانی نوگرە سەلمان. فەوزیە وتی: شەوی وا هەبوە ئەو زاڵمانە پێنج تاشەش کچیان لەقاعەکان دەبردە دەرەوەو بەزۆر دەیانبردن بۆلای خۆیان. هەروەها بەسەرهاتی سک دڕینی سەرکەوتی کوڕی بۆ دادوەر گێڕایەوە، کەلە نوگرەسەلمان لەگەڵیدا بووە. سەرکەوت ئەو وەختە تەمەنی هەشت نۆ ساڵان بووە، کاتێک بۆ پەیداکرنی تەنەکەیەک ئاو فەوزیە

خۆی دەگەیەنێتە مەقتورەی ئاوی سەربازەکانی گرتوخانەکەو سەرکەوتیشی لەگەڵدا دەبێت. یەکێک لەسەربازەکان بەقیڕەو هاوار پەلاماریان دەدات و بەتفەنگەکەی دەستی کەحەربەی پێوە

بووە، کاتێ رایدەوەشێنی سەرکەوت بەردەکەوێت و سکی دەدڕێ. ئەم رووداوە بەبەرچاوی ئەفسەرو دەرەجە دارەکانەوە سەربازەکە ئەنجامی دەدات. بەبێ ئەوەی هیچی لەگەڵدا بکەن و؛ پێی بڵێن بۆ وات کرد. دوای تەواو بوونی گێڕانەوەکەی دادوەر لەپرسیارێکیدا بەفەوزیەی شکایەتکاری وت: ئەو ئەفسەرو سەربازانەی لەوێ بوون نەیان دەوت لەبەرچی ئێوەیان هێناوە بۆ ئەو شوێنەو بەو شێوازە رەفتارتان لەگەڵ دەکەن؟. فەوزیە هاتە وەڵام و بەدادوەری وت: نەوەڵلا پێیان نەدەوتین، بەڵام چەند جارێک کەتوڕە دەبوون پێیان دەوتین ئێوە جەلالین.. ئێوە موخەڕیبن.

**عەلی حەسەن مەجید کێیە؟**

ناسراو بوە بەعەلی کیمیاوی، لەبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەکوردستان. ئامۆزای سەدام حسێن مەجیدە. لە دایکبوی ساڵی ١٩٤٤

سەرەتای کاری رەئیس عورەفای پۆلیس بوە لەکەرکوک.

وەزیری بەرگری عیراق بوە. یەکێک بوە لەسەرکردەکانی حزبی بەعس. بڕوانامەی ماجستێری هەبووە لە زانستی سەربازی. عزەت دوری سەرپەرشتی نامەی ماستەرەکەی کردوە کەلەسەر مێژووی بەعس بوە.

لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٧ بە بەرپرسی باکوری حزبی بەعس دانراوە.

سەرپەرشتی مەیدانی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەی کردوە لە کوردستان. دوای داگیرکردنی کوێت

ساڵی ١٩٩٠ کراوەتە پارێزگاری پارێزگای کوێت. کەبەپارێزگای ١٩ هەمین بەعسیەکان ناساندیان.

هەردوو زاواکەی سەدام حسێن، حسێن کامل مەجیدو سەدام کامل مەجید، کە رایانکرد بۆ ئوردن و بە عەفوی سەدام حسێن هاتنەوە. عەلی کیمیاوی هەردوکیانی کوشت.

٢١/٨/٢٠٠٣ لە شاری سامەڕا دەستگیرکرا. لە

٢٠٠٧/یونیو/٢٤ دادگا لەسەر تاوانی ئەنفال بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد.

٢٠١٠ینایر/ ٢٥ حوکمی لەسێدارەدانەکەی جێبەجێ کرا. لەگوندی

عۆجەی سەربە تکریت شوێنی لەدایکبونی سەدام حسێن بەخاک سپێردرا. دوای سێ ساڵ لەحوکمدانی حوکمەکەی جێ بەجێ کرا. لەسەر ئەنفال و دواتر لەسەر سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی باشور حوکم درا.

سـەدام حسێن دوای ٥٥ رۆژ لە حوکمدانی لەسەر دۆسیەی دوجەیل لەسێدارەدرا.

## چیرۆکێکی کیمیابارانی گوندی سێوسێنان

«خێزانێکی دە کەسی لە گوندی سێوسێنان، کوڕێکیان دەبێ بە ناوی محەمەد، دەبێتە پێشمەرگە، دایکی محەمەد هانا دەبات بۆ ناو هێزی پێشمەرگەو بەرپرسەکانیان کە محەمەد قایل بکەن وازبێنێ و بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی لای دایک و باوکی و براکانی، بۆ ئەوەی نەکوژرێ و بەو گەنجییەوە تیانەچێ، بەڵام محەمەد بە داواو رجای دایک و باوکی قایل نابێ و لەناو پێشمەرگەدا دەمێنێتەوە.

لە رۆژی کیمیابارانی گوندی سێوسێنان لە رۆژی ٢٣/٣/٢٠٢٣ تۆپێکی کیمیایی بەر ماڵی باوکی محەمەد دەکەوێت و یەک کەسیان دەربازی نابێت و هەموویان شەهید دەبن.

لە خێزانێکی دە کەسی، تەنیا محەمەد دەمێنێتەوە ئەویش لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بووەو لەماڵەوە نەبوو». ئەمە یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئەنفال.

ئەمرۆ بەتایبەتی رۆیشتم بۆ مەراسیمی یادی شەهیدانی گوندی سێوسێنان بۆ بینینی کاک محەمەدو چەند کتێبێک لەسەر جینۆسایدم نارد بۆ کتێبخانەکەی گوندی سێوسێنان.

سێوسێنان کراوە بە ناحیە، گۆڕستانی شەهیدەکانی لەناو گوندەکەدایەو مەزارگەیەکی خنجیلانەیە، لەو بەری جادەکەوە کوشکێک دروستکراوەو ناونراوە مۆنومێنتی شەهیدانی سێوسێنان،

وێنەی شەهیدانی کیمیابارانی تێدا دانـراوە، هەوڵێکی سـەرەتاییە، بەڵام لایەقی ئەو قوربانی و تراژیدیایە نییە.

لەمەراسیمی ساڵڕۆژی کیمیاباران لە ٢٢/٣/٢٠٢٣ لەوێ بووم، گلەیی هەبوو لەکەمی خزمەتگوزاری و خراپی ڕێگاوبان.

## بارق و سێ پێشمەرگە لەناو کۆپتەردا

سەدام حسێن لە بەڵگەنامەکاندا دەستخۆشی لە لیوا بارق عەبدوڵلا کردووە لەپای کردەوەکانیدا.

لە دانیشتنی دادگا، داواکاری گشتی دوو بەڵگەنامەی تایبەت بە بارق خستەڕوو، یەکەمیان لە ئیستخباراتی عەسکەرییەوە بەرزکراوەتەوە بۆ جێگری فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان بەناونیشانی پێدانی زانیاری لە رۆژی ٢٧/٥/١٩٨٨، بەڵگەنامەکە بریتی بووە لە بەدواداچوون، لەناوەڕۆکی نوسراوەکەدا هاتووە «زانیاریمان هەیە کە بارق عەبدوڵلا فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی نەوت، هەستاوە بەگرتنی سێ پێشمەرگە لەپاش شەڕێکی سەخت لەگەڵیان، دواتر دەست و چاویان دەبەستێتەوەو لە فڕۆکەیەکی سەمتییەوە لە نزیک شارۆچکەی کۆیسنجاق (کۆیە) هەڵیان دەداتە خوارەوە، ئەگەرچی خەڵکی شارەکە دیمەنەکەیان بەچاوی خۆیان نەبینیوە، بەڵام هەواڵەکەیان پێگەیشتووە و دەنگوباسی زۆرە.

لەبەڵگەنامەیەکی تردا کە هی ساڵی ١٩٨٥ و لە هەمان دانیشتن خرایەڕوو، باس لەوە دەکات بارق لە ساڵی ١٩٨٥ لەشاری کەلار چەند کەسێکی کوشتووە و بەناو شارەکەدا رایکێشاون، بەئامانجی چاوترسێنکردنی خەڵک. لەبەرامبەر ئەمەدا سەدام حسێن دەستخۆشی لێکردووە و داوای کردووە نموونەی وەک بارق زیاد بێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئەمن و ئاسایش لە وڵاتدا بەرقەرار بێت.

## بارەگای بارزانی کیمیاباران کراوە

بەپێی یەکێک لەو بەڵگەنامانەی لەدۆسییەی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکانی عیراق خرایەڕوو، بۆمبارانکردنی بارەگای لایەنگرانی بارزانی بووە لە گوندی زێوەی ناوچەی بادینان.

واتە لە ئەنفالدا تەنیا بارەگاکانی یەکێتی و خودی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا نەکراوەتە ئامانج، بەڵکو بارەگای پارتیش بەئامانج گیراوە.

لە ٣٠ یەمین دانیشتنی دادگادا دەستەی داواکاری گشتی، چەند بەڵگەنامەیەکی پشتڕاستکردنەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە خستەڕوو.

دانیشتنەکە بەئامادەبوونی خودی سەدام حسێن و عەلی کیمیایی و تاوانبارانی تر بوو.

بەڵگەنامەی ژمارە ١١

نوسراوێکە لە قیادەی فەیلەقی پێنج-ەوە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، بەژمارە ( ٥٨٩٠ ) لە رۆژی ١١/٦/١٩٨٧ بەناونیشانی (لێدانی ئاسمانی)، نوسراوەکە بە شەخسی و نهێنی ئاڕاستەکراوە.

لەناوەڕۆکی نوسراوەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن بەسەرکەوتوویی بۆمبارانی چەند ناوچەیەک و چەند ئامانجێک کراوە بە (عتاد الخاص)، مەبەست چەکی کیمیاییە! بەتایبەتیش بارەگای لایەنگرانی بارزانی لە گوندی زێوەی سەر بە پارێزگای دهۆک، هەروەها بەهەمان شێوە بۆمبارانی بارەگای حزبی شیوعی عیراق کراوە بە (عتاد الخاص).

نوسراوەکە ئاماژە بەوە دەکات لەئاکامی بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکە، ٣١ کەس کوژراون و یەکێکیان سەرکردە بووە بەناوی ئەبو فوئاد و ١٠٠ سەد کەسی تریش بریندار بوون.

لە دانیشتنەکانی پێشووی دادگادا، یەکێک لە ژنە شایەتحاڵە سکاڵاکارەکان بەناوی د. کاترینا، بەوردی ئاماژەی بەم رووداوانە داوە کە لەم نوسراوەی قیادەی فەیلەقی پێنج-دا هاتووە.

## ئەنفالی بادینان و چۆنێتی رووکردنە تورکیا

باڵندەو پـەلـەوەری ناوچەکە هەموو مـردارบـوونـەوە، لەسەر کانییەکەش پێنج کـەس لە خێزانێک بەهۆی کیمیاییەوە گیانیان لەدەستدابوو.

ئەمە وتەی یەکێک لە شایەتحاڵەکانی ئەنفالی قۆناغی هەشتەمی بادینان بوو. رۆژی ٨/١١/٢٠٠٦ دادگای ئەنفال دەستی پێکردەوە، سـەدام کە بەر لە سێ رۆژ لەهەمان هۆڵ و لەدۆسیەی دوجێلدا سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، ئەم دانیشتنە یەکەم دانیشتنی دوای جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی بوو.

دادوەر وەک دانیشتنەکانی دیکە، بانگی سکاڵاکار و شایەتحاڵی یەکەمی کرد، دانیشتووی گوندی (برجنێی) سەر بە ناحیەی زاوێتەی پارێزگای دهۆک بوو بەناوی ئەیوب عەبدوڵڵا.

باسی لەوەکرد «رۆژی ٢٥/٨/١٩٨٨ هەشت فڕۆکەی جەنگی هاتوونەتە سەر گوندەکەمان و دەستیانکردووە بە بۆمباران، لەو کاتەدا هەستمانکرد دەنگی بۆمبەکان نزم یا کەم بوون، پاشان دووکەڵێکی سپی زەردباو بەرزبووەوە، بۆنێکی خۆشی وەک میوەی لێ دەهات، دواتر من تەنگەنەفس بووم، خەڵکی گوندەکەمانم هەموو ئاگادارکردەوە کە ئەوە چەکی کیمیاییەو پێشتر لەڕێگەی رادیۆوە

خەبەرمان بیستبوو کە ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و سلێمانی کیمیاباران کراون، هەڵەبجەش بەتەواوی کیمیاباران کراوە».

داوامان کرد هەر کەسەو پەڕۆی تەڕ بخاتەسەر دەم و لووتی، بۆ ئەوەی کیمیاییەکە کاریگەری نەکاتە سەریان، لەو کاتەدا چاومان سوور سوور بووەوەو ئاوی پێدا دەهاتەخوارەوە.

پەلەوەر و باڵندەی ناوچەکە هەموو مرداربوونەوە، بۆ ماوەی ٣٥ خولەک فڕۆکەکان بەو جۆرە بۆردوومانیان کردین، دواتر رووەمان کردە بەرزاییەکان، ئینجا دووکەڵەکە نزمبووەوە، بەشێک لەخەڵکەکە بەرەو کانی گوندەکە رایانکرد، ئێمەش بەشێک لە بریندارەکانمان بەرەو لای کانییەکە برد بۆ دەست و دەم و چاو شتن، کاتێک چووینە سەر کانییەکە، پێنج کەس لە خێزانێک لەسەر کانییەکە بەناوەکانی ( حەسەن ساڵح، کوردی حەسەن، حەکیم حەسەن، دژوار حامید، نالیە محەمەد عەلی) ژیانیان لە دەستدابوو، ئەو تەرمانەمان داپۆشی و رووەمانکردە سنوورەکانی تورکیا، لەو کاتەدا منیش برینداربووم. ئەو کاتەی بەڕێگاوە بووین بەرەو سنوور، چەند گوندمان بینی چۆڵکرابوون، یەکێک لەو گوندانە گوندی (کیکە) بوو، ٢٥ تەرممان تێیدا بینی، هەروەها گوندەکانی دیکەیش بەهۆی بۆمبارانی کیمیاییەوە خەڵکی تێدا مردبوو، تەرمێکم لەڕێگا ناسییەوە ناوی ئیسماعیل بوو خەڵکی زاخۆ، پاشان لەسەر سنووری تورکیا دوو رۆژ ماینەوە، دواتر گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان، بینیم گوندەکەمان کاول و وێرانکراوە و هیچی تێدا نەماوە، کاتێک بە رێگاوەبووین، کچەکەم (عایشە ئەیوب) کۆچی دواییکرد، هەژار محەمەد کە خزممە ئەویش

بەو هۆیەوە رۆحی سپارد. غەزاڵ محەمەد، کە کچی ئامۆزام بوو، ئەویش کیمیاوی کوشتی، هەروەها حاجی ئەمینی مامم ئەویش بەکیمیایی گیانی لەدەستدا.

شکایەتکار لیستێکی پێشکەشی دادگا کرد کە ناوی چەندین کەسی تێدا بوو، کە لە گوندەکەیان بەهۆی چەکی کیمیاییەوە گیانیان لەدەستدابوو، داواکاری گشتی لێی پرسی گوندەکانی دەوروبەرتان هەموو کورد بوون؟ وتی: بەڵێ کورد و مسوڵمان بوون.

لێیان پرسی: تۆ پێشمەرگە بوویت؟ وتی: بەڵێ، بەڵام خەڵکی گوندەکە مەدەنی و هاووڵاتی بوون، وەڵامی ئەوەشی دایەوە کە ناوچەکە ئێرانی لێ نەبووە.

سابر دووری لێی پرسی: ئەی بارەگای ئێرانی لەناوچەکە هەبوو؟

وتی: بارەگای هیچ وڵاتێکی لێنەبوو، ئەوکات شەڕی ئێران - عیراقیش کۆتایی هاتبوو.

شەڕی ئێران - عیراق بەفەرمی لە ٨/٨/١٩٨٨ کۆتایی هات.

## پارێزەری سابر دووری (عتاد خاص)ی سەلماند

لە دانیشتنی ژمارە ٥٦ دا پارێزەری بەرگریکار لە سابر دووری، هەموو قسەکانی بەو ئاڕاستەیە بوو کە ناوبراوو دەزگای ئیستخباراتی عەسکەری ئیشەکەی تیۆری بووە نەک جێبەجێکار، پێدانی زانیاری بووە بە سوپاو دەزگا ئەمنییەکان و رۆڵی مەیدانی نەبینیوە.

سەبارەت بە روونکردنەوەی بەڵگەنامەیەک کە نوسراوێکەو بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و پێشنیاری بەکارهێنانی (عتاد خاص)ی تێدا کراوە، پارێزەرەکە وتی: ئەو پێشنیارە بۆ بەکارهێنانی (عتاد خاص) پێشنیاری بەڕێوبەری ئیستخباراتی عەسکەری نەبووە، بەڵکو لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە پێشنیارکراوە، لەوانە ( تصنیع عسکری و صنفی کیمیایی و دائیرەی عەمەلیات و چەند دەزگایەکی تر بووە)، لە ناوهێنانی ئەو دوو دەزگایە (تصنیع عسکری و صنفی کیمیایی) بەتەواوی ئاشکرابوو کە عیتاد خاص مەبەست لە (کیمیایی) بووە.

وتی: لێرەدا هەڵەیەک روویداوە کە سابر دووری بەتەنیا نوسراوەکەی ئیمزاکردووە، دەبوو بە کۆنووس و لیژنە ئیمزا بکرایە، لەبەر ئەوەی سابر دووری تازە بووە لە پۆستەکەیدا، بۆیە ئەو هەڵەیەی بەسەردا تێپەڕیوە.

پارێزەرەکە داوای ئازادکردنی سابر دووری کردو وتی: کاتێک پارێزگاری کەربەلا بووە هەموو خەڵکی ئەو پارێزگایە لێی رازیبوون، بۆیە ئێستا داوای ئازادکردنیشی دەکەن و داواکە گەیشتووەتە دادگا. دواجار وتی: سابر دووری دژی هەموو جۆرە تاوانێکەو، بۆ قوربانیانی ئەنفال زۆری پێ ناخۆش بووە.

داوای لە دادگا کرد تۆمەتەکانی لەسەر لاببرێت وتی: بەو پێیەی هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکات و دانپیانان بەهەڵە چاکەیە.

## پشکنینی بیانییەکان لە کەمپەکانی دیاربەکر و ماردین

جگە لە شایەتحاڵە خاوەن قوربانییەکان لە دادگای ئەنفالدا، چەند پسپۆڕێکی بیانی بۆ پشتڕاستکردنەوەی رووداوەکـان بە تایبەتی بەکارهێنانی کیمیایی، شایەتییان دا.

لە دانیشتنی بیست و پێنجەمینی دادگا لە رۆژی ٢٩/١١/٢٠٠٦، کەسێک بـەنـاوی (دۆگـلاس سکـۆت) لـە دایکبووی ساڵی ١٩٤٨ هاووڵاتی ئەمریکایی، وەک شایەتحاڵ دەرکەوت، ناوبراو پسپۆڕی بواری ناسینەوەی جۆری چەک و تەقەمەنی بوو، خۆی بە دادگا ناساند کە خاوەنی بڕوانامەی پزیشکییە لە زانکۆی کۆلۆرادۆ، ماوەی سی ساڵ لە وەزارەتـی ناوخۆی ئەمریکا لە بـواری شوێنەوار و دادوەریی پزیشکی کاریکردووە.

هەر لەو دانیشتنەدا شایەتحاڵێکی تر دەرکـەوت بەناوی دکتۆر ئەسفەندیار ئەحمەد شکوری، هاووڵاتی ئەمریکی و بەڕەگەز کورد، لەبەردەم دادگـادا وتی: رێکخراوی پزیشکی لەپێناو مافی مرۆڤ داوایان لێکردم لەگەڵ دوو پزیشکی دیکە سەردانی کەمپی پەناهەندە کوردەکان بکەین لە تورکیا، کە بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە ئاوارە بوون، پشکنین بکەین و بزانین ئایا بەرکەوتەی چەکی کیمیایین یاخود چەکی کیمیایی لە دژیان بەکارهێنراوە.

ڕوونیکردەوە: لەمانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٨ چووین بۆ تورکیا بۆ ئەوەی دەست بەکارەکەمان بکەین، چەند ڕێوشوێنێکی زانستیمان گرتەبەر، لەوانە ئامادەکردنی فۆڕمێک لەشێوەی کتێبێکی بچووک زیاتر لە ١٠٠ پرسیاری لەخۆ گرتبوو، پرسیارەکان لە بەرکەوتووان دەکرا، ئایا لەکوێ بەرکەوتوو بوویت؟ نەخشەی گوندەکەتان چۆنە؟ شوێنی کەوتنە خوارەوەی بۆمبەکە کوێ بووە؟ دەنگی بۆمبەکە نزم یان بەرز بووە؟ ئاراستەی با لەو ڕۆژەدا چۆن بووە؟

چاوپێکەوتنەکان بەکامێرای ڤیدیۆ تۆمار دەکراو وێنەی فۆتۆش دەگیرا، لەناو ئەوانەی سەردانمان کردن ٢٦ کەسیان بەرکەوتەی کیمیایی بوون، ٢٢ کەسیان پشکنینی پزیشکیشیان بۆ کرا.

هاووڵاتی ئەمریکییە بەڕەگەز کوردەکە، باسی لەوە کرد لە سەردانەکەدا هەردوو کەمپی دیاربەکر و ماردین- یان بەسەرکردووەتەوە، کەمپی ماردین پێنج هەزار پەناهەندەی کوردی تێدابوو، کەمپی دیاربەکریش ١٣ هەزار پەناهەندەی کوردی لێ بووە، سێ کەمپی دیکەیش هەبوون، بەڵام ئەمان تەنیا ئەو دوو کەمپەیان بە سامپڵ وەرگرتووە، حکومەتی تورکیا ڕێگای نەدا بچینە کەمپەکانی دیکە، لەئەنجامی پشکنین بۆمان ڕوونبوەوە کە ٨٥٪ی قوربانییەکان چاویان سوور ببوەوەو ئاو بەدەم و لووتیاندا دەهاتە خوارەوە، هەروەها تووشی تەنگەنەفەسی بووبوو. قوربانییەکان دەیانگێڕایەوە کە دەنگی بۆمبەکان نزم بوونە، دووکەڵی زەردی مەیلەو سووری لێ بەرز بووەتەوە، بۆمبەکان کە تەقیون، بۆنی سیریی لێهاتووە، هەموو ئەوانە پشتڕاستی دەکردەوە کە بەگازی خەردەل تووشبوون

کە نازییەکانی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانیدا بەکاریان هێناوە.

د. ئەسفەندیار، چەندین وێنەی پیشانی دادگا دا، وێنەی ئەو قوربانییانەی بە گازی خەردەل تووشببوون، شوێنی برینەکەیان سووتابوو، یەکێک لەوانە وێنەی ژنێک بوو کە زمانی رەش بووبووەوە.

هەروەها وتی: یەکێک لە پزیشکە تورکەکان پێی راگەیاندم کە لە نەخۆشخانەی هەکاریی تورکیا زیاتر لە ٣٠ تووشبوویان بۆ هێناون، کە هەموویان بەچەکی کیمیایی بریندار بوون، هەندێکیان تەندروستییان زۆر خراپ بوو، لەئەنجامدا سێ کەسیان کۆچی دواییان کرد.

ئەسفەندیار درێژەی دەداتێ: پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان گەڕاینەوە ئەمریکاو، توێژینەوەمان لەسەر کرد، دواتر بۆمان دەرکەوت بەشێوەیەکی بەربڵاو گازی خەردەل لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەکارهێنراوە، بەڵام نەماندەتوانی هۆکاری مردنی خێرای ئاژەڵ و باڵندەکان روون بکەینەوە، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی توێژینەوەی وردتر بکەین، ئینجا بۆمان دەرکەوت کە تەنیا گازی خەردەل بەکارنەهاتووە، بەڵکو گازی زەرنیخ و سارین-یش بەکارهێنراوە. گازی خەردەل دوای ٣٠ خولەک خەڵک دەکوژێت، ئەوانی دیکە لەماوەی کەمتر لە پێنج خولەک خەڵک دەکوژێت، پاشان بەشێک لە بەڵگەو توێژینەوەکانمان برد بۆ تاقیگەیەک لەبەریتانیا،پاش شیکردنەوە دەرکەوت ٩٩٪ی بەکارهێنانی گازەکانی خەردەل و سارین، راستە، راپۆرتی کۆتاییشمان لە گۆڤارێکی زانستی ئەمریکیدا

بڵاوکردەوە. پێش بڵاوکردنەوەشی، ١٥ پسپۆڕی شارەزای بوارەکە بینیبوویان و رەزامەندیی بڵاوکردنەوەیان لەسەردا.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو دوو پزیشکەی دیکە کە لەگەڵم بوون لە گەڕانە مەیدانییەکەدا، (رۆبەرت دی کۆگن و دکتۆر هاوەت) بوون، هەردوکیان مامۆستای زانکۆن و پسپۆڕی بواری تووشبوونن بە چەکی کیمیایی و ئەندامی رێکخراوەکەن.

کەمپەکە ٩٨٪ ی کوردی عیراقی بوون و ئەوانی دیکەش ئاشووری و کلدان بوون، هەوڵماندا بەشێک لە تووشبووەکان ببەینە دەرەوەی تورکیا، بەڵام دەوڵەتی تورکیا بەهیچ شێوەیەک رێگەی نەدا، رێکخراوەکەشمان رێکخراوێکی ناحکومییەو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناسراوە.

## سەلاجەی مردوەکان توانای ئەو هەموو تەرمانەی نییە

لەم دۆسیەدا وتەو بەڵگەی وا هەن، مرۆڤ بە خوێندنەوەو بینینی تا ماوەیەک تووشی شۆک دەبێ.

هەر بەڕاستی ئیشکردن لەسەر ئەم کەیسە نیشتمانی و ئینسانییە هیچ ئاسان نییەو حەوسەڵەی گەورەی دەوێت.

ئەم ناونیشانی بابەتە دەربڕینی ناو بەڵگەنامەیەکە تایبەت بە مردووانی تۆپزاواو رەوانەکردنی بەشێکیان بۆ نەخۆشخانەی پزیشکی دادوەریی کەرکوک.

ئەم نوسراوە هی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی پارێزگای تأمیم-ە نوسینگەی بەڕێوبەری گشتی بەژمارە ۷۸۳ لە ۱۹۸۸/٦/٦ ئاڕاستەی پارێزگاری تأمیم کراوە، بابەتی نوسراوەکەش تەرمی مردووە.

تێیدا هاتووە «داوا دەکەین بەدواداچوون بکرێت لەسەر بابەتی تەرمی ئەو مردووانە، کە لە گرتووخانەکانی تۆپزاواو دوبز-ەوە ناردووتانە بۆ نەخۆشخانەی پزیشکی دادوەری».

لەنوسراوەکەدا داواکراوە بەڵگەو زانیاری لەگەڵ تەرمی مردووەکاندا بنێرن، ئەگینا ناچاردەبین تەرمەکان بنێرینەوە بۆ ئەو شوێنەی ناردووتانە.

بەڕێوبەرایەتی تەندروستی کەرکوک داوای کردووە بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکرێت، چونکە سەلاجەی مردووەکانمان توانای گرتنی ئەو هەموو تەرمانەی نییە!

ئەم بەڵگەیە بەیەکێک لە بەڵگە گرنگەکان هەژمار دەکرێت، دەرخەری قسەی ئەو شایەتحاڵانەیە کە دەڵێن لە برساناو لە نەخۆشی و گەرمادا چەندان کەس لەناو گرتووخانەی تۆپزاوا رۆژانە دەمردن و رژێم تەرمەکانیانی دەبرد.

بەڵگەنامەیەکی دیکە لەدانیشتنی ژمارە ٣٩ ی دادگادا لە رۆژی ٢٠٠٧//٢٩ خرایەڕوو جەخت لە راست و دروستی ئەو بابەتە دەکاتەوە. لێپرسراوی زیندانەکانی تۆپزاواو دوبز بۆ نەخۆشخانەی پزیشکی دادوەری نوسراویان کردووە، نوسراوەکەش بەناونیشانی ناوی مردووان، لەهەر نوسراوێکدا ناوی چەندین مردوو تۆمارکراوە.

ئەم نوسراوە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە رۆژانە چەندین کەس مردوون و بە لیست رەوانەی پزیشکی دادوەریی کراون، بەڵام هیچ یەکێک لە تەرمەکان نەدراونەتەوە خاوەنەکانیان، چونکە خاوەنەکانیشیان لە زینداندا بوون و رەوانەی نوگرەسەلمان کران.

## جاش لەدۆسیەی ئەنفالدا

دەیان فەوجی خەفیفەی جاشی کورد شانبەشانی سوپای عیراق بەشداریان کرد لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا. بەشێک لە مستەشارە جاشەکان قین لەدڵترو دڵڕەقتربوون لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخە دژوارو سەرگەردانیەی خەڵکی گوندەکانی سنوری جوگرافیای ئەنفال تێی کەوتبوون.

دادگای باڵای تاوانەکان لەدۆسیەی ئەنفالدا بەلیستێک داوای ٤٥٨ سەرۆک جاشی کرد، بهێنرێنە بەردەم دادگا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە.

بەشێک لە سکاڵاکارە شایەتحاڵەکانی ئەنفال ناوی بەشێک لەسەرۆک جاشەکانیان بۆ دادگا ئاشکرا کرد. کە بینیبویان بەشداریان کردوەو لەسەردەستی ئەوان گیراون و دواتر رادەستی سوپای عیراق کراون.

لەکاتی ئامادەبوونم لە دوو دانیشتنی دادگادا لە رۆژانی ١٠-٢٠٠٦/١٠/١ وەک میوانی چاودێر دوو کچی شایەتحاڵ ناوی دوو سەرۆک جاشیان هێنا.

کات لەبەر دەستدا بوو لە رێگەی دادگاوە، بەشێک لەو سەرۆک جاشانە ببنە یارمەتیدەری قوربانیەکان و خۆیان بچونایەتە بەردەم دادگا. بۆ شایەتیدان لەبەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفال و سەلماندنی تاوانەکە. ئەوانەی زانیارییەکی شاراوە، یان راستییەکی ئاشکرا

نەکراو پێشکەشی دادگا بکەن. لەهەر روویەکەوە بێت لەبارەی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال و؛ چۆنێتی کۆکردنەوەو راگواستن و لەناوبردنی ئەنفالکراوەکانەوە ئاشکرای بکەن. هەم وەک بەشێک لەئەستۆ پاکی و هەم دانتان بەهەڵەو تاوانەکەو قەرەبووکردنەوەی بە پێدانی زانیاری و پشتگیری کردنی دۆسیەی ئەنفال لەدادگا.

گونجاوترین دەرفەتیش بوو بۆ ئەو جاش و موستەشارانەی بەشدارییان لەقۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفالدا کردوە، وەک شایەتحاڵ و شکایەتکار لەسەر ئەو تاوانانە رووبەڕووی سەدام و داروەدەستەکەی ببنەوە لەدادگادا. ئەم هەنگاوە نەنراو، کەس هەڵوێستێکی کوردانەو مرۆڤانەی تۆمار نەکرد.

ئەگەر ئەوە بکرایە دەبوو بە بەشێک لە رێخۆشکردن بۆ لێبوردنێکی ویژدانی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەی بەشداریان تێدا کردوە. دڵنییام ررای گشتی کوردستانی بەگشتی و، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەکات و ساتی بەخشینیان پێیان بە رەوا دەبینی.

ئەو دۆسیەیە دوای دادگاو تا مێژوو ماوە بەکراوەیی دەمێنێتەوە. مێژوو رەحم بەهیچ کەس و تاوانبارێک ناکات. بەپێی خۆ رۆیشتن بۆ ناو دادگاو بەشداریکردن وەک کاراکتەرێکی سکاڵا کردوو، زۆر شەرەفمەندانە ترو باشترە لەوەی وەک کاراکتەرێکی شکات لێکراو راپێچی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بکرێتەوە لەهەر کات و زەمانێکی تردا.

خۆ ئەگەر هەندێک لەوانە لایان وابێ لەدوای راپەڕین ئەو لێبوردنەی بەرەی کوردستانی بۆ سەرۆک جاشەکانی دەرکرد بووەتە پەساپۆرتی بەرائەت و پاکبوونەوەیان، ئەوا بەهەڵەدا چوون.

هەمووان ئەو راستییە دەزانین ئەو دۆخەی؛ کەئامادەکاری کرا بۆ راپەڕین و خۆسازدان، دۆخێکی تەواو سیاسی بوو. واتە ئەگەر هەر کەسێک لەوانە بەپیری ئەو بانگەوازەی بەرەی کوردستانییەوە رۆیشتبێ، مانای ئەوە نییە پاکبوبێتەوە لەو تاوانانەی بەتایبەتی لەئەنفالدا ئەنجامی داوە.

هەرچەندە زۆرێک لەگەورە جاشە ئەنفالچییەکانیش رازی نەبوون بەو لێبوردنەو، لەگەڵ راوە دونانی بەعس و پاشماوەکانیاندا ساڵی ١٩٩١ لەبەشێکی کوردستان، ئەوانیش هەڵاتن و بۆی دەرچوون بەرەو بەغداو شارەکانی تری بن دەستی رژێمی سەدام. بەکوردی و کورتی ئەو لێبوردنەی بەرەی کوردستانی، لێبوردنێکی سیاسی هێزی یاسایی نەبوو. ئامانج و بەمەبەست لێی سەرخستنی بەرنامەی راپەڕین بوو لەکوردستاندا.

لەلایەکی ترەوە نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێت بەدەگمەنیش کەسێک لەو سەرۆک جاشانە نەهاتنە بەردەم رای گشتی و پەشیمان بونەوەی خۆیان بۆ تاوانەکانیان رابگەیەنن.

پێ ئەچێ وای دابنێن کە بەئەرکی خۆیان هەڵساون!

## ئەنفال و راگەیاندنەکانی بەعس

دەزگا راگەیاندنەکانی بەعس لەپاڵ دەزگاکانی تریدا هاوبەش و بەشدار بوون لە شاڵاوەکانی ئەنفال. لەشاڵاوە سەربازیی و ئیستخباراتیی و لۆجستیکیەکان زیاتر. ئەگەر رۆڵی چڕو پڕی راگەیاندنەکان بە ئاشکرا لەسەر ئەنفال و زەمینە بۆ خۆشکردنی نەڕەخساندبێ، ئەوا کەمتری نەکردوە.

واتە یەکێک لەو کەناڵە سەرەکیانەی بەوردی لەپاڵ لایەنەکانی تردا ئیشی لەسەر ئەو تاوانانە کردبێ، دەزگاکانی راگەیاندنی رژێمەکە بوو.

بەگەڕانەوە بۆ رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنەکانی ئەو سەردەمەو بەتایبەتی ساڵی ١٩٨٨ راستیەکە بەڕوونی دەبینرێ. لەوەشەوە تێدەگەین بەئاشکرایی و بەشێوەیەکی رەسمی دانیان بەهێرشەکانی ئەنفالدا ناوەو بانگەشەی رەوایەتی پێدانیان کردوە.

بەتایبەتیش بۆ هەر قۆناغێک لەو هەشت قۆناغەی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر کوردستان؛ بەیاننامە و راگەیەنراویان دەرکردووە. دامودەزگاکان و خەڵکیان لەئاکامی هێرش و بەرەو پێش چوونی هەڵمەتە سەربازییەکانیان ئاگادار کردۆتەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەو نوسراوانە لەکەناڵە بینراوو بیستراوو نوسراوەکانەوە، سەلمێنەری ئەو راستیەن کەرژێمەکە بێ سڵکردنەوە

لەهیچ دەزگاو ڕێکخراوێکی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی نێودەوڵەتی و یاساکانی پاراستنی مرۆڤ و مافەکانی، تەنانەت پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ ی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی نەتەوەیەکگرتووەکانیش، ئەو تاوانانەی لەژێر ناوی ئەنفالدا بەئەنجام گەیاندوە. ئەمەش بۆ خۆی نکوڵی نەکردن و دان پێدانانێکی پێش وەختە بوو، بۆ ئەنجامدەرانی شاڵاوەکانی ئەنفال.

بێگومان ئەو دۆکیۆمێنتانە لەدادگای باڵای تاوانەکان لە دۆسیەی ئەنفالدا بەڵگەیەکی کاریگەری بەهێزبوون و کاری لەسەر کرا. جگە لەو ساڵەش (هەشتاو هەشت) کە تاوانەکەی تیادا ڕوویدا.

لەوە بەدوا تا ڕووخاندنی رژێمی بەعس، ساڵانە کەرنەڤاڵی سەرکەوتن و یادی ئەنفالیان دەکردەوەو؛ وەک پاڵەوانێتیەک لەئەدەبیاتی بەعس و رژێمەکەدا رەنگی دابووەوەو خەڵاتی بەشداربوانیان دەکرد. ئەوەی راستی بێ، ئەنفال لەدیارترین دیاردەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت. رەنگدانەوەی ئەو تاوانانەش لەراگەیاندنەکانی رژێمدا بۆ دۆسیەکە هێزو کاریگەری یاسایی هەبوو. لەو رووەوە نمونەیەکی بەرجەستە لەو چەندەها بەڵگە راگەیەنراوابە لێرەدا بەرچاوخستنیان بەگرنگ دەزانم.

لەوانە بەیاننامەی ژمارە (٣٠٨٧) ە کەلەرۆژی ١٩٨٨/٣/١٩ لەهەموو دەزگاکانی راگەیاندنەوە خوێندرایەوەو بڵاوکرایەوە. کەباس لەکۆتایی قۆناغی یەکەمی ئەنفال دەکات.

هەرهەمان رۆژ بروسکەی پیرۆزبایی (سوڵتان هاشم) فەرماندەی هێرشەکانی ئەنفالی یەک، بۆ سەدام حسین بڵاوبوەوە. ئەم نوسراوانە

لە ١٩٨٨/٣/٣٠ ژمارە (٦٥٠٨) رۆژنامەی (الثورە) و ژمار (٩٥٩) رۆژنامەی هاوکاری، بڵاوبۆتەوە.

بەهەڵدانەوەی رۆژنامەکانی هاوکاری عێراق و جمهوریەو الثورە، لەگەڵ گۆڤارەکانی رۆشنبیری نوێ و رەنگین و ئەلف با،یش چەندەها کەرەستەی حاشا هەڵنەگرو سودمەند بەم دۆسیە دەست دەکەون. بەوەش زیاتر دەردەکەوێ چۆن رژێم میدیاکانیشی بەبەرنامەی رۆژنامەوانی و راگەیاندنی ئاراستەکراوەوە رووماڵی شاڵاوەکانی ئەنفالی کردوە.

## بەڵگەنامەیەکی هۆڵەندی لەناو دادگادا

یەکێک لە دانیشتنە گرنگەکانی دادگای ئەنفال دانیشتنی هەشتەم بوو، کاتێک یەکێک لە سکاڵاکارەکان بەناوی کاروان عەبدوڵڵا تۆفیق لەدایکبوی ١٩٦٠ قسەی لێوەرگیرا، بەم جۆرە باسی بەسەرهاتەکانی خۆی کرد.

وتی: دوای ٣/١٦ کە کیمیابارانی هەڵەبجە کران ناوچەکەمان بەجێهێشت و ڕوومانکردە شاناخسێ، لە ٢٠/٣ گەیشتینە ئەوێ. شاناخسێ پێشتر وێران کرابوو، کەسی تێدا نەدەژیا. دوای دوو ڕۆژ لە ١٩٨٨/٣/٢٢ دەمەو بەیانییەکەی چەند فڕۆکەیەکی جەنگی عیراقی هاتنە سەر ناوچەکانی قەیوان ماوەت و دەشتی تلێ و ئاوەکورتێ و قەشان، بۆمبارانی ناوچەکەیان کرد، دوای ماوەیەکی کەم زانیمان ناوچەکە کیمیاباران کراوە.

کـاروان عەبدوڵڵا باسی ئـەوەی کرد کە هاوڕێیەکی بەناوی ئاسۆ شێخ عـارف شەهید کـراوە، بۆ سەعات ١١:٣٠ دوو فڕۆکە هاتنەوە سەرمان و دوو باڵۆنیان فڕێدایە خـوارەوە، بووە مایەی گفتوگۆمان لەناو خۆماندا بۆمان دەرکەوت کە دەیانەوێ بەچەکی کیمیاوی بۆمبارانی ناوچەکە بکەن، ئەوەبوو پاشنیوەڕۆکەی چەند فڕۆکەیەکی جەنگی هێرشیان کردە سەرمان. لە پێشدا دەوروبەری

ئەو ناوچەیان بۆمباران کرد کە ئێمەی لێ بووین، پاشان بەچڕی ئەو شوێنەیان بۆمباران کرد کە ئێمەی لێ بووین، بۆمبێک کەوتە نێوان خەیمەکەی ئێمەو خەیمەیەکی تر کە سێ هاوڕێمی لێ بوو، شەش مەتر خێمەکەمان دوور بوو لەیەکەوە.

هەرسێکیان شەهید بوون بەناوەکانی (خاڵە شێخ عەزیزی شەدەڵە، د هادی، مامۆستا حەمە رەئوف).

دوای بۆمبارانەکە بەرەو بەرزاییەک رامکرد، کە بارەگایەکی خۆمانی لێبوو، من پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم، لە رێگا بەرەو بەرزاییەکە لاشەی چەندین منداڵ و ژن و پیرو گەنجم بینی، کە بەچەکی کیمیاوی لێیان درابوو.

من کەرەستەی فریاگوزاری و خۆپارێزیم پێبوو، لە رێگا دەرزییەکی ئەترۆبینم بەسەر جلەکانەوە لەخۆم دا، کە گەیشتمە ئەوێ خۆم شت و جلوبەرگێکی ترم لەبەرکرد، ئەو شوێنانەی لەشم کە بەدەرەوە بوون بە مەرهەمی پرۆماد چەورکرد، دواتر وردە وردە هەستم بە ئازارو کزانەوەی لەشم دەکرد، دەرشامەوەو چاوم سوورسوور ببوەوەو فرمێسکی پێدا دەهاتە خوارەوە.

پاش ماوەیەک لە هۆشی خۆم چووم، ئیتر نەمزانی چیم بەسەرهات، پاش دوو مانگ بەخەبەرهاتمەوە بینیم لە نەخۆشخانەی ئیمام خومەینیم لەئەسفەهان.

هاوڕێکانم پێیان وتم چەند جارێک هاتوون بۆ لام و ئاگام لێنەبووەو هۆشم نەبووە. ماوەی شەش مانگ لەنەخۆشخانە مامەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە چاوەکانم نەیدەبینی، هەتا ئێستاش بەدەست ئازارەوە دەناڵێنم.

ئێستا بەچاویلکە چاوم دەبینێ، کاتێ لەنەخۆشخانە بووین زانیم کە ٩٠ بریندارى چەکی کیمیاوی لێیە، ٢٠ کەسمان لەوێ شەهید بوون، چەند کەسێک لەو بریندارانە ماون لەوانە (دانای ئەحمەد مەجید، سەرهەنگ ئیسماعیل بەگ، مامە جەمال حەکیم ئاغا، سەید بەرزان تەمین و چەند کەسێکی تر).

لەڕێگای حزبەوە ئاسانکاریم بۆ کراو گەیشتمە هۆڵەندا، لەوێ بەناوێکی ترەوە «سەردار عەلی عەبدوڵڵا» داوای مافی پەنابەریم کرد، لە ترسی ئەوەی نەوەکو رژێمی سەدام لە سلێمانی تۆڵە لەکەسوکارەکەم بکاتەوە.

لەکەمپی (ئەلکەمار) راستەوخۆ کەوتمە ژێر چاودێری پزیشکەوە، لەوێ نەیانتوانی چارەسەری نەخۆشییەکەم بکەن، رەوانەیان کردم بۆ نەخۆشخانەیەکی تر، چونکە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هیچ نەخۆشێکی لەو شێوەیان نەبینیبوو.

ناردمیان بۆ نەخۆشخانەی ئەکادیمی لایدن، دوای ئەوەی پشکنینی تەواویان بۆم کرد، بۆیان دەرکەوت بەچەکی کیمیاوی تووشبوم و ناردمیان بۆ نەخۆشخانەی ئەکادیمی میدسن سێندترۆم و لەنەخۆشخانەکە چەند راپۆرتێکی پزیشکیان پێدام بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی کە جەخت لەوە دەکاتەوە بەچەکی کیمیاوی تووش بووم و بەرکەوتەم. بۆ چارەسەر سەردانی روسیاو ئەڵمانیاو ئیسپانیام کردووە، تائێستاش بەدوای چارەسەردا دەگەڕێم، بەردەوام ئازارم هەیەو حەساسییەتم هەیە، بەتایبەتی بەرامبەر بە رووناکی و گەرما، ئەگەر گەرمام بێت جەستەم دەسووتێتەوەو سوور دەبێتەوە.

لەساڵی ٢٠٠٥ زانیم یەکێک لە بەشەکانی جەستەم لەدەستداوە.

ئەویش دوای ئـەوەی وێنەیەکی تیشکیان بۆ گرتم دەرکـەوت بەهۆی کیمیاییەوە بەشێک لە سییەکانم لەدەستداوە.

لەساڵی ٢٠٠٣ یەکێک لەبازرگانە گەورەکانی سویسرا کە لە هۆڵەندا دادەنیشت بەناوی (فرانس ڤان ئەنرات) دادگایی کرا بەتۆمەتی فرۆشتنی سەدان تۆن لەچەکی کیمیایی بە عیراق، من یەکێک بووم لە شکایەتکارەکان لە دژی فرانس ڤان ئەنرات، یەکەم دادگاییکردنی لەمانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٥ دەستپێیکردو بەشداری دانیشتنەکانم کرد تا ٢٣ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥، دواتر دادگای لاهای بڕیاری زیندانیکردنی دا بۆ مـاوەی ١٥ سـاڵ، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە رژێم چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە. ئەم دسدگایەش لە رێگای راگەیاندن و میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە. ئەگەر دەتانەوێ زانیاری وەرگرن بڕۆن ئەرشیفی دادگاکە کەناڵەکانی راگەیاندن بگەڕێن بەڵگەنامەتان دەستدەکەوێت.

شکایەتکار لە دوایین قسەکانیدا وتی: من شکاتم لە سـەدام و عەریف عەلی هەیە، داواکـارم دادگایەکی عادیلانە بکرێن و من داوای مافی کەسی خۆم دەکەم کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە بەدەست ئازارەوە دەناڵێنم، داوای قەرەبووکردنەوە دەکەم بۆ چارەسـەری نەخۆشییەکەم.

ئەم دۆسیەیە بە یەکێک لە ئیفادە گرنگەکانی دانیشتنەکانی دادگا دەبینم، سکاڵاکار بە زمانێکی زانستی و پاراوو جیاواز لە رەهەندی نێودەوڵەتییەوە وتەکانی پێشکەشکر، بەتایبەتی تێکەڵکردنی دۆسیەی سەدام و فرانس ڤان ئەنرات.

پاش ئەوە پارێزەر مستەفا عەسکەری کە یەکێک بوو لە پارێزەرە چالاکەکانی دۆسیەی ئەنفال لە دادگا، خۆی خەڵکی عەسکەری گەرمیانەو گوندەکەی ئەوانیش بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووەو خاوەن قوربانیشە.

مستەفا عەسکەری بەڵگەیەکی خستەڕوو کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی عیراقییەوە پێشکەش بە دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری ئەوسا کراوە لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٣/١٥ تێیدا داوای ڕێگەپێدان کراوە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، کە بە (معدات الخاصە) ناوی هاتووە.

ڕەزامەندییەکەش لە١٩٨٧/٣/٩ دا وەرگیراوەتەوە. دۆکیۆمێنتەکە ئاماژە بەوە دەکات دوای ڕەزامەندییەکە ٢٠ جار تۆپبارانی ئاسایی کراوە، ٢٤ جاریش ناوچەکە بە چەکی کیمیایی بۆمباران کراوە.

پارێزەری تاوانباران ڕەخنەی ئەوەی گرت مادام پاسپۆرتی هۆڵەندی هەیە و ساختەیەو بەناوی راستەقینەی خۆیەوە نییە.

ئینجا پرسیاریان لێکرد چۆن دەزانێت کیمیاوییەکە غازی خەردەل بووە، لە وڵامدا وتی: ئەوەندە چەکی کیمیاوی لەدژمان بەکارهات، جۆرەکانمان ناسییەوە.

ئینجا وتی: غازی خەردەل سوتێنەرەو راپۆرتە پزیشکییەکان سەلماندوویانە.

پرسیاری ئەوەشیان لێکرد ئێستا ڕەگەزنامەی عیراقی هەیە یان هۆڵەندی؟ لەوەڵامدا وتی: هەردووکی، چونکە وڵاتی هۆڵەندا بەپێی یاسا ڕێگا بە دوو ڕەگەزنامەیی دەدات.

سوڵتان هاشم لێی پرسی: ئەوکاتە ماوەت لەژێر دەستی چ لایەکدا بووە، ئێران یاخود عیراق؟ لە وڵامدا وتی: دەوروبەری ماوەت لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگە بووەو ناو ماوەتیش لەبن دەستی رژێمی عیراق بووە، هیچ سوپایەکی ئێرانیش لەناوچەکەدا نەبووە.

عەلی کیمیاوی پرسیاری لێکرد ئایا ئێران یان عیراق بەچەکی کیمیاوی لێی دان؟

شکایەتکارەکە وەڵامی دایەوە سوپای عیراقی بوو، ئەگەر ئێران بووایە ئەوا چارەسەری نەدەکردین، عیراق لێی داین و ئێران چارەسەری کردین.

سەدام کەوتە قسەکردن لەبارەی ناسنامەی عیراقییەوە، وتی: بەپێی یاسای عیراقی نابێ هیچ کەسێک رەگەزنامەیەکی تری هەبێت، ئەگەر هەر کەسێک هەبێت ئەوا پێویستە سزا بدرێت.

وتی: بەپێی قسەکانی شکایەتکار، واتە عیراقی نییە، چونکە رەگەزنامەی تری هەیە. دادوەر وتی: ئەم بابەتە پەیوەندی بە دادگاو دادوەرەوە هەیە نەک تۆمەتباران.

کاروان عەبدوڵڵا تۆفیق توانی زۆر بە وردی و دیقەتەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی تاوانباران و پارێزەرەکانیان بداتەوە.

هەشتەمین دانیشتنی دادگا چەندین بەڵگەی دیکەی خستەسەر حەوت دانیشتنەکەی تر.

## چارەنووسی خێزانی سەربازە عیراقییەکە

سەربازێکی عیراقی دوای ئەوەی بەشداری جەنگی عیراق- ئێران دەکات و بەدیل دەگیرێت و بەهۆی پرۆسەی ئەنفالەوە ناتوانێت خێزانەکەی ببینێتەوە، ٢٠٢٢/٥/٧ گیانی لە دەستدا.

عاسی مستەفا ئەحمەد، خەڵکی چەمچەماڵ و لەدایک بوی (١٩٥٢)، وەکو سەربازێکی عیراقی بەشداری جەنگی عیراق- ئێرانی کردووەو دوای ماوەیەک و لەساڵی (١٩٨٢) لەلایەن ئێرانەوە بەدیل دەگیرێت.

دوای هەشت ساڵ زیندانی (١٩٩٠) لە ئێرانەوە دەگەڕێتەوە چەمچەماڵ و دەچێتە ئەوماڵەی تێیدا ژیاوە، بەڵام چاوی بە خێزانەکەی ناکەوێت.

خەڵکی دەوروبەری پێیان راگەیاندووە ژن و منداڵەکانی عاسی لەلایەن سوپای عێراقەوە گیراون و بێسەروشوێن کراون.

عاسی نامەیەک دەنوسێت و ئاڕاستەی سەدام حسێن، سەرۆکی ئەوکاتەی عیراق دەکات و هەواڵی ئەندامانی خێزانەکەی دەپرسێت و دەیەوێت چارەنووسیان بزانێت.

دوای سێ هەفتە، دیوانی سەرۆک کۆماری عیراق وەڵامی نامەکەی دەدەنەوە و دەڵێن: بەڕێز عاسی مستەفا ئەحمەد، ژنەکەت و منداڵەکانت لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا لەناوبراون.

ئەمەش دەقی نامەکەی عاسی و وەڵامەکەی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارە.

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.

سەرۆک و سەرکردەی سەروەر، بەڕێز سەدام حوسێن (خوا بیپارێزێ)، سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش:

هەڤاڵی تێکۆشەر سڵاوت لێدەکەم و وەک هاووڵاتییەکی دڵسۆز خۆمت پێدەناسێنم.

بە ناوی دادپەروەری بەعسەوە لێت دەپاڕێمەوە گوێ لە کێشەکەم بگریت، چونکە شەوو ڕۆژ خەوی لێزڕاندووم، لەبەر ئەوەی هیچ هیوایەکم نەماوە و لەئێوە بەولاوە کەسی ترم نییە پەنای بۆ ببەم، وا ئەم کێشەیەم دەخەمە بەردەمتان بە ئۆمێدی ئەوەی بایەخێکی پێبدەن.

من عاسی مستەفا ئەحمەد، کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە، لە ٢٤ی ئابی ١٩٩٠ دا وەک دیلێکی جەنگ گەڕاومەتەوە، سەربازێکی ئیحتیاتم لە ساڵی ١٩٥٥ دا لەدایک بووم، لە شەڕی قادسیەی سەدامی شکۆداردا لە کەرتی شەش بەشداریم کرد و لە ٢٧ی مارتی ١٩٨٢ دا بەدیل گیرام، تا ئەو ڕۆژەی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکانی جەنگ دەرچوو، بە دیلییەتی مامەوە.

پاشان گەڕامەوە بۆ نیشتیمان و خاکی نیشتیمانی دایکی خۆشەویستم ماچ کرد و لەبەردەم وێنەی سەرکردەی سەرکەوتوومان‌دا سەرۆک سەدام حوسێن کڕنوشم برد، لە دڵی خۆشمدا هەستم بە پەرۆشییەکی بێ پایان دەکرد بگەڕێمەوە ناو خێزانەکەم، ئەوان دڵخۆش دەبن بە بینینم و منیش خۆشحاڵ دەبووم بە دیداریان و

هەمoومان نوقمی خۆشی و شادییەک دەبووین ئەوسەری نەبێتەوەو لە باسکردن نەیات.

بەهەرحاڵ گەڕامەوە ناو ماڵی چۆڵ و هۆڵا، ژنەکەم و منداڵەکانم لەوێ نەبوون، ئای لەم کارەساتە دڵتەزێنە! ئای کە چ زوخاوێکە! پێیان وتم تەواوی خێزانەکەم لە عەمەلیاتی ئەنفالدا کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئەنفال، کە لەناوچەی باکووردا، بە فەرماندەیی هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجید ئەنجامدرا، من هیچ شتێک دەربارەی چارەنووسیان نازانم و کەسانی خێزانەکەم ئەمانەن:

١/ عەزیمە عەلی ئەحمەد لەدایکبووی ١٩٥٥ خێزانمە.

٢/ چرۆ عاسی مستەفا لەدایکبووی ١٩٧٩ کچمە.

٣/ فەرەیدون عاسی مستەفا لەدایکبووی ١٩٨١ کوڕمە.

٤/ رووخۆش عاسی مستەفا لەدایکبووی ١٩٨٢ کچمە.

بەم شێوەیە ئەم سکاڵایە دەخەمە بەردەستت، ئومێد دەکەم بەزەییەکت پێمدا بێتەوەو چارەنوسیانم پێڕابگەیەنیت.

خوا سەرتان بخات و بتانپارێزێت

سوپاس و ڕێزمان

ئیمزا

دیلی جارانی جەنگ، سەربازی ئیحتیات

عاسی مستەفا ئەحمەد

پارێزگای سلێمانی/چەمچەماڵ

گەڕەکی بێکەس/ مزگەوتی حاجی برایم

٤ی تشرینی ١٩٩٠

## دەقی وەڵامی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان
کۆماری عێراق
دیوانی سەرۆکایەتی
ژمارە: ش ع/ب/٤/١٦٥٦٥
ڕۆژ: ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠

بەڕێز/ عاسی مستەفا ئەحمەد
پارێزگای سلێمانی/ قەزای چەمچەماڵ/گەڕەکی بێکەس/ مزگەوتی حاجی برایم

سەبارەت بە سکاڵانامەکەت لە ٤ی تشرینی یەکەمدا، ژنەکەت و مناڵەکانت لە ماوەی عەمەلیاتی ئەنفالدا، کەوا ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی باکووردا ئەنجامدرا، بزربوون.

دڵسۆزتان
ئیمزا
سەعدون عەلوان مصلح
سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار
٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠

## وشەی کاکە سەدامی هێنایە قسە

هەندێک جار سەرۆکی دادگا کە پرسیارێکی ئاراستەی شکایەتکارە پیاوەکان بکردایە، وشەی (کاکە)ی بەکار دەهێنا.

وەک چۆن لە ئەدەبیاتی دەربڕینی زارەکی عەرەبی عیراقدا کە قسە لەگەڵ کوردێک دەکەن دەڵێن کاکە، بەتایبەتی کە ناوی نەزانن. کاکە لە کوردەواریدا دەربڕینێکی ڕێزدارانەیە و بەمانای برا گەورەش دێت.

لە دوای ئەو دانیشتنەی دادگا، کە سەرۆکی دادگا دەستەواژەی (سید الرئیس)ی لە پارێزەران قەدەغەکرد کاتێک ناوی سەدامیان دەهێنا، پێی وتن بە (موکلی) ناوی ببەن.

ئەمە وای کرد سەدام ڕەخنە لە سەرۆکی دادگا بگرێت بە لایەنگیری بۆ شکایەتکارەکان، سەدام وتی: «من تۆزێک لە کوردی تێدەگەم و زاراوەکان دەناسمەوە. بە سەرۆکی دادگای وت: « تۆ کاتێ بە سکاڵاکەرەکان دەڵێی کاکە، ئەمە بەمانای (أخی) دێت، کە پێیان دەڵێی براکەم، ئەمە لایەنگیرییە بۆیان، دەربڕینێکی نایاساییەو پێچەوانەی رەوتی دادگایە، پێویستە زاراوەی بێلایەنانە بەکاربهێنیت.

سەدام بەم قسانەی هەم خۆی لە دۆسییەکە نەبان دەکرد، هەم دەیویست رەوتی دادگاییەکە بەئاڕاستەیەکی دیکە ببات. سەرۆکی دادگاش لە وەڵامدا وتی:» ئەو دەربڕینە هیچ لایەنداریيەکی تێدا

نییە و هەموو کەسێک لەناو دادگادا بەهەموو پێکهێنەرەکانییەوە ڕێزلێگیراون لە چوارچێوەی یاسا، مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هەموان بەیەکسانی دەکرێت.

جارێکی تریش لەسەر ناوی پێشمەرگە مشتومڕ دروستبوو، کاتێک پارێزەری تاوانباران ناوی پێشمەرگەیان بە (متمردین) هێنا.

ئەم دەربڕینەیان لە دانیشتنی پێشوو لەسەدامەوە وەرگرت، بەڵام ئەمجارە شایەتحاڵەکە وتی:» پێشمەرگە هی گەل بووە و ئازادیخواز بوونە«.

## حەجاجی بەعس

تۆقینەرترین و بارگرانترین ناوی جەللاد لای ئەو کەسانەی لەئەنفالدا برابوونە نوگرەسەلمان، ناوی ((حەجاج))ە، حەجاج بەرپرسی گرتوخانەی نوگرە سەلمان بووە، رەفتاری لەگەڵ خەڵکەکەدا لەوپەڕی دڕندەیی و بێبەزەییدا بووە.

لەدانیشتنی یەکەمی رۆژی دووەمی ئامادەبوونی ئێمە لەهۆڵی دادگادا، یەکێک لەپاکیزە

شایەتحاڵەکان، گوزەرانی خۆی لەو ماوەیەی لەوێ بوو بۆ دادگا دەگێڕایەوە، زیاد لەجارێک کەناوی حەجاجی دەهێنا، لەگەڵیا ئاهێکی قوڵیشی هەڵدەکێشا، هەر کە هاتە سەر گێڕانەوەی ئەو دەستدرێژییانەی کراوەتەسەری، دادوەر دەستی خستەسەر سویچە سوورەکەی بەردەستی؛ بۆ ئەوەی دەنگ و رەنگی دانیشتنەکە نەگوێزرێتەوە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن.

لەوێوە کچەکە باسی ئەوەی کرد؛ کە چۆن شەوانە حەجاج و یەک دوو کەس لەپاسەوانەکانی هاتوون و، لەجوانترین کچەکانیان هەڵبژاردوەو؛ بردوویانە بۆ لای خۆیان، بەدەم گریانەوە وتی: منیش بەو دەردە برام و زۆر دڕندانە سووکایەتیان پێکردووم و بێ شەرمانە ئارەزووەکانیان بەتاڵکردۆتەوە.

لەو گێڕانەوەیەدا هۆڵی دادگا پڕ بوو لەبێدەنگی، خودی محەمەد عوریبی عارەق بەناو چاوانیدا دەهاتە خوارەوەو ملی خۆی پێ رانەدەگیرا؛ لەحەسرەت و شەرمدا بەدەستە راستی ئارەقی ناوچاوانی دەسڕی، دوای چەند دەقیقەیەکی تر بەهەردوو دەست. داوەرەکەی تری دەستەچەپی محەمەد عوریبی لەژێر عەینەکەکەیەوە فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو زوو زوو دەیسڕی.

شێوازی گێڕانەوەی شایەتحاڵەکە زۆر کاریگەر بوو، بەتایبەتیش بەعەرەبی ئیفادەی دەداو زمانەکەی زۆر پاراو بوو، بە جۆرێک دەتوانم بڵێم عەرەبییەکەی لەباشترین عەرەبیزانەکان بوو.

کچەکە جگە لەزانینی زمانی عەرەبی بەباشی، پێدەچوو ئاگاییەکی باشیشی لەئەدەبیاتدا هەبووبێ، چونکە بەزمانێکی پاراوی ئەدەبییش گوزارشتی لەمەینەتییەکان دەکرد.

ئەمە وایکرد لەڕووی دەروونی و ویژدانییەوە کاربکاتە سەر سۆزی ئامادەبووانی هۆڵەکەو خەمگینییەکی قووڵ هەمووانی داگرت.

شایەتحاڵەکە لەیەکێک لەقسەکانیشدا وتی: هەندێ جار ناوی (حەجاج) یان بە (ئەبو یوسف) یش بردو، وتی خەڵکی دیوانیە بوو.. دیارە حەجاج بەمانای رەشەبا، یان باوتۆز دێت.

جگە لەوەش لەیەکێک لەدانیشتنەکانی تردا، شایەتحاڵ عەبدوڵلا سەعید ئەحمەد، کە خەڵکی گۆپتەپە بوو، باسی لەوەکرد لە نوگرە سەلمان لەبەر هەلاکەت و خراپی ژیان و گوزەرانیان، وتی: رۆیشووینەتە لای حەجاج باسی ئەوەمان بۆی کردووە کە ژیانمان لەبەر نەخۆشی و نەبوونی خواردن و پیسی، بەتەواوی

لەمەترسیدایەو وابڕوا هەمووومان دەمرین. وتی: حەجاج لەوەڵامدا پێی وتین: ئێوە بۆ ئەوە هێنراونەتە ئێرە کە بمرن، ئێوە بۆ ژیان نەهێنراونەتە نوگرە سەلمان.

## کوردستانی نوێ و عەبدوڵڵا کەریم مەحمود لەهۆڵی دادگادا

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، یەکێک بوو لەئەندامانی وەفدەکەی ئێمە، کە میوانداری کرابووین بۆ چاودێری ڕەوتی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لە دۆسیەی ئەنفالدا.

وەکو نوسەرێکی کورد زۆربەی بەرهەمەکانی لەسەر ئەنفال و کیمیابارانن، خاوەنی کتێبی (ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال)ە، لە بواری نوسین لەسەر جینۆسایدی گەلەکەی خزمەتێکی باشی کردووە.

لە دانیشتنی پانزەهەمینی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١١دا دادوەر محەمەد عورێبی بانگهێشتی شکایەتکاری یەکەمی کرد بۆ ئیفادەدان بەناوی عەبدولخالق قادر عەزیز، موالیدی ١٩٥٦ خەڵکی گوندی واران-ی ناوچەی نەوجول لەقەزای دوبز.

سەرەتا وتی: لە ١٩٨٨/٤/٤ خۆم و خێزانەکەم لە گوندی واران بووین، حکومەتی عیراقی بە تۆپ و فڕۆکە هێرشی کردە سەر گوندەکەمان، تۆپبارانەکە زۆر خەست بوو، خەڵکی گوندەکە ناچاربوون رابکەن بەرەو ناوچەی خۆرنەوازان، لەوێشەوە بەرەو ناوچەی زەنگەنە رامان کرد، چوینە گوندی قولیجانی سەرحەد، خەڵکێکی زۆری گوندەکانی دیکەیش لەوێ کۆببوونەوە، دەتوانم بڵێم نیوەی خەڵکی ناوچەی داودەو زەنگەنە لەوێبوون. بەهۆی بەردەوامی و زۆری تۆپبارانی ناوچەکە، خەڵکەکە ناچار بوون خۆیان تەسلیمی

هێزەکانی حکومەت بکەن.

وتی: باوکم عەزیز قادرو خوشکەکەم عیسمەت قادرو براکەم کەریم قادر، لەگوندی مله سووره خۆیان تەسلیمی هێزەکانی حکومەت کردەوە، بەڵام من خۆم تەسلیم نەکردەوە، چونکە پێشمەرگە بووم.

بەڵام لەمانگی نۆ دوای لێبوردنە گشتییەکە خۆم تەسلیم کردەوە، کاتێک گەڕامەوە تەنیا باوکم بینییەوە لە خورماتوو لەماڵی خوشکێکی ترم، وتم ئەی خوشکەکەم و براکەم، وتی دوای خۆتەسلیمکردن، براون بۆ نوگرە سەلمان، شەش مانگ لەوێ بووە.

لەبەر ئەوەی خۆی پیر بووە، ئازادکراوە.

باوکم وتی کە خۆمان تەسلیم کردەوە، لە گوندی مله‌سووره رەوانـــەی قۆرەتـوویـان کـردیـن، لـەوێـشـەوە بـۆ تـۆپـزاوا، لـەوێ گەنجەکانیان لێ جیاکردینەوەو بردیانن، لەوکاتەوە تائێستا هیچ هەواڵێکیان نازانین.

عەبدولخالق قادر لەقسەکانی بەردەوام بوو، باسی ئەوەی کرد کە دوای ئەوەی بەبڕیاری ٧٣٦-٧٣٧ گیرام، بە سربازو رەوانەی عەمارە کرام، برایەکی تریشم بەناوی ئیبراهیم قادر پێش من خۆی تەسلیم کـردەوەو رەوانـەی ئەمنی بەعقوبە کـرا، تائێستاش چارەنووسی نازانین.

پاشان شکایەتکار بەڵگەنامەیەکی خستەڕوو کە ناوی ١٨ کچی تێدا بـوو، حکومەتی عیراقی رەوانـەی وڵاتـی میسری کردبوون، بەڵگەنامەکە لە دائیـرەی موخابەراتی کـەرکوک دەرکـرابـوو بۆ بەڕێوبەرایەتی موخابەراتی گشتی.

شکایەتکار وتی: بۆ یەکەم جار بەڵگەنامەکەم لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ خوێندووەتەوەو عەبدوڵڵا کەریم مەحمود بڵاویکردووەتەوە، کە ناوی خوشکێکی تێدایەو بەپێی ئەو نوسراوە، هەژدە کچی کوردی ئەنفالکراو لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە فرۆشراون بە وڵاتی میسر.

لەناو ئیفادەکەیدا داوایکرد چارەنووسی خوشکەکەی دیاری بکەن و، لەو بەڵگەنامەیە بکۆڵنەوە.

پاش ئەوەی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید لەشایەتحاڵەکەی پرسی ئەو بەڵگەنامەیەت چۆن دەستکەوتووە، لە وەڵامدا وتی لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بینیویەتی و خوێندویەتییەوە.

شکایەتکارەکە لە وەڵامی پرسیاری دەستەی داکۆکیکار لە مافی کەسی ئەنفالکراوان کە پرسییان لەو ١٨ کچە کەسیان دەناسی؟ وتی بەڵێ ١٤ ناویان دەناسم خەڵکی گوندەکەی خۆمانن.

پارێزەری تاوانباران پرسییان، گەڕاوی بەدوای خوشکەکەتدا بیدۆزیتەوە؟ لەوەڵامدا وتی سەفەرم نەکردووە بۆ میسر، بەڵام لە رێگەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە هەوڵمداوە بەدواداچوونی بۆ بکەم، بەڕێز سەرۆک مام جەلال خۆی ئەو مەسەلەی بۆ سەرۆکی میسر حوسنی مبارەک روونکردۆتەوە، ئەویش لەوڵامدا وتوویەتی ئەوانە لە میسر نین، بەڵێنی داوە بەدوایاندا بگەڕێن.

تائێرە گێڕانەوەی ئەو گفتوگۆیانەی شایەتحاڵ و تۆمەتبار بوو، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بوو، ناوهێنانی بەرهەمێکی نووسەر عەبدوڵڵا کەریم مەحمود بوو، بەتایبەتی خۆی زۆری

پێخۆشبوو کە یەکێک لەهەوڵ و بەرهەمەکانی بووەتە بەڵگە لەناو دادگادا، جگە لەڕووی بەشداریکردنی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ پاڵپشتی شایەتحاڵەکان و، ئاماژەدان بە رۆژنامەکەو چوونە نێو دۆسیەی ئەنفالەوە، شانازییە بۆ رۆژنامەکە. ئەمەش دەرفەتێکە کە نەک لەڕابردوودا، بەڵکو بۆ داهاتووش بایەخی کوردستانی نوێ، بەتایبەتی گرنگیدانی بە دۆسیەکانی پەیوەست بە جینۆساید بەگشتی و بەئەنفال و بەتایبەتیش دانیشتنەکانی دادگا، جێی نرخاندنن.

بڕیارم دابوو هەموو دانیشتنەکانی دادگا لە دۆسیەی ئەنفال ببینم، هەر واشم کرد، جار جارە ئەگەر بەهۆی سەرقاڵییەوە نەمتوانیانیە هەموو دانیشتنەکان لەتەلەفزیونەوە ببینم، باشترین سەرچاوە کوردستانی نوێ بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو لەدەستچوونە، چونکە بۆ رۆژی دواتر بەنوسین بەشێکی بڵاودەکردەوە، ئەمەش لەهیچ رۆژنامەیەکی کوردی و عەرەبیدا بەدی نەدەکرا.

بۆ مێژوو ئەم گرنگیدانەی کوردستانی نوێ بە دۆسیەی ئەنفال، هەم وەک بابەتێکی زیندوو، هەم وەک ئەرشیفێکی نووسراو جێیەکی باش دەگرێ.

کوردستانی نوێ سەرچاوەیەکی گرنگی دۆسیەکەی دادگا بوو، بۆ خۆم لەدوای دانیشتنەکانی دادگا ستوونە وتارەکانم لەسەر دادگاکە بۆیان دەناردو زوو بڵاویان دەکردەوە.

لەو دانیشتنەی ژمارە پانزەدا عەبدوڵڵا کەریم مەحمود خۆشحاڵی زۆری پێوە دیار بوو، بەو ساتەوەختەی ناوی هێنراو دواتریش هەستی کرد جێدەستی دیار بووە لەدادگادا، زۆرتریش لەبەرئەوەی خۆیشی لەناو دادگاکە ئامادەیی هەبوو.

سەبارەت بە نووسینەکانی منیش لەسەر رەوتی دادگاکە، دواتر نوسینەوەی بەشێک لە باسەکان، بۆ دیقەتی زیاتر، هەوڵم داوە سوود لە کوردستانی نوێ وەرگرم، کەواتە کوردستانی نوێ سەرچاوەیەکی کوردیی باش بوو بۆ دۆسیەی ئەنفال لەدادگادا.

## سەدام و شەرەف

لەو پەڕاوەی داواکاری گشتی مونقز ئالفرعەون لەیەکەم دانیشتنی دادگادا خستیە روو؛ سەبارەت بەناساندنی تاوانەکانی ئەنفال. ئەو تاوانانەو لێکەوتەکانی لەو چوارچێوەیەدا روویداوە. سەرەتایەک بوو، تیایدا هەموو تاوانبارانی بەتەواوی هێنایە شۆک و شڵەژان. چونکە بەوردی ئاماژەیدا بەهەریەکە لەتاوانەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی شەڕو تاوانی قڕکردنی رەگەزی. ئەو پەڕاوە سەرەتایەکی گرنگ بوو کەیسەکە وەک جینۆساید بسەلمێنرێت. کەبەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەمەترسیداترین تاوانەکان دەژمێردرێن، سەدام حسین وەک هەمیشە لەبەرامبەر ناوەڕۆکی قانونی پەڕاوەکە خۆی کڕکرد. تەنیا لەسەر یەک تاوان هاتە وەڵام، ئەویش دەستدرێژی سێکسی بوو بۆ سەر کچان و ژنانی ئەنفالکراوو. حاشای کرد کەتاوانی لەو جۆرە لەسایەی دەسەڵاتی ئەودا رووی دابێ. بێدەنگی ئەو لەبەرامبەر ئەنفالکردن و گوندو رەزو باخ سوتاندن و، لەگەڵ ئەوەشدا زیندە بەچاڵکردنی منداڵ و ژن و گەورەو بچوکی کورد، لەرووکەش و ناخیشدا بەمەسەلەیەکی ئاسایی داناو نکۆڵی لێنەکرد. بەڵام تەنیا لە رووکەشدا وای پیشاندا (اغتصابی) پێ هەزم ناکرێت. چونکە دادگاییەکە راستەوخۆ لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە پەخش دەکرا. کاتێکیش لەیانزەهەمین و دوانزەهەمین

دانیشتنی پێش نیوەڕۆو دوای نیوەڕۆی دادگادا، دوان لەشکایەتکارو شایەتحاڵەکان باسیان لەشێوازی مامەڵەکردنی ئەفسەرو پیاوانی رژێمەکەی دەکرد لەگەڵیان لەگرتوخانەکانی دوبزو تۆپزاوەو نوگرەسەلمان. باسیان لەوە دەکرد کە چۆن و بەچ شێوازێکی نامرۆڤانە ویستویانە پاکیزەییان لەکەدار بکەن. دواتت چۆنچۆنی دەستدرێژیان کردۆتە سەریان و بەبەرچاوی سەربازو گیراوەکانی ترەوەو بردونیانن لەناوەختە شەودا بۆ ژووره تاریک و تایبەتەکانی خۆیان بەمەبەستی دەستدرێژی کردنە سەریان. شایەتحاڵی یەکەم کاتێک باسی لەو سوکایەتیانە دەکرد کەپێی کراوەو دوای لەدەستدانی خوشک و براو مردنی دایکی بەبەرچاوی خۆیەوەو دابڕینی باوکی لێیان بەبەردەوامی تەعدای لێدەکراو هەموو ساتێ لەپای ئەو نالەباریانە خۆزگەی مەرگی دەخواست.

لەدەرئەنجانی ئەو مامەڵە نامرۆڤانەی بەعسیەکان، سەدام حسێن و عەلی کیمیاوی و هاوەڵەکانی نەک هەر نقەیان لێوە نەدەهات و هیچ یاساوو قسەو وەڵامێکیان بۆ گێڕانەوەی ئەو راستیانە نەبوو، کەشایەتحاڵەکان بێ پەردە قسەیان لەبارەوە دەکرد؛ بەڵکو خودی سەدام لەو ساتە وەختەدا ئەو قورئانەی کەبەدەستیەوە بوو، کەتەنیا بۆ بەردەوامیدان بەهەڵخەڵەتاندنی رای گشتی، لەگەڵ خۆیدا هێنابویە هۆڵەکەوە، دەقی قورئانەکەی کردەوە، بۆ ماوەی زیاتر لەچارەکە سەعاتێک چاوی لەسەر لاپەڕەیەکی قورئانەکە بوو، دیار بوو کەهەر بۆ خۆ دزینەوە بوو لەو باسە ویژدان هەژێنانەی ئەو پاکیزە کوردەی؛ کەبەوپەڕی سادەیی خۆیەوەو بەکاریگەریەکی دەروونی

ناخ سوتاندنەوە ئەو تاوانانەی دەرهەقی کراوە دەگێڕایەوە. خۆ کەڕکردن لەئاست ئەو حەقیقەتە تاڵانە، ئەو هاتنە گۆیەی دانیشتنی یەکەمیشی دەم بەست کرد، کاتێک داواکاری گشتی لەناو لائیحەکەیدا باسی لەئەتککردنی کیژۆڵەی کورد کرد بەدەستی بەعسیەکان. هەر لەهەمان دانیشتندا دوای ئەوەی دادوەر داوای کرد شکایەتکارێکی تر بێتە هۆڵەکەوەو ئیفادەی خۆی بدات. شۆڕە ژنێکی تر بەجل و بەرگی کوردیەوە رووی کردە دادوەرو، دەستی کردە گێڕانەوەی ئەو زوڵم

و تاوانانەی دەرهـەق بەخێزان و هاوزمان و هاوگوندیەکانی کراوە. پاشان باسی لەگواستنەوەیان بۆ قەڵای قۆرەتوو، پاشتر بۆ دوبزو؛ ئینجا نوگرەسەلمان کرد. لەباسکردنی ئەو دەستدرێژیانەی کراوەتە سەری هەمدیس صدام، لەگەڵ ئـەوەی ژنە کورد کەوتە باسی ئەو بێ ئابڕوییەی دارودەستەکەی صدام دەرهەقیانی کردوە، ئەمیش یەکسەر لەسەر کورسیەکەی خۆی لەناو قەفەسەکەوە بەدانیشتنەوە بەلای دەستەچەپیدا وەرگەڕاو دەستی کردە نوێژکردن بەو جۆرە خۆی خەریک کردو زیاتر لەهەشت دەقیقەی پێ چوو. گوایە نوێژ دەکات. بەبێ ئەوەی دادوەریش ئاگاداری بکاتەوە لەوەی؛ کەپێویستە نوێژەکەی دوابخات و گوێ بۆ ئەو چەرمەسەریانە رادێرێ، کەبەسەر کوردیاندا هێناوەو نوێژەکەی دوابخات بۆ کاتی پشوو. لەو دانیشتنانەدا زۆرترو زیاتر روون بووەوە کەسەرانی ئەو ڕژێمە چەند بستە زمان و دەستە وەستان بوون لەبەردەم سایدەیی گوفتارو ئیفادەی پاکیزەکانی کوردستان. لەناویشیاندا سـەدام کەلەوان زیاتر خۆی بەشەرەفمەند دەزانـێ و، بێدەنگی و خۆکەڕکردنی هەڵبژارد.

بەمەستم ئەوەیە بە زنجیرە دانیشتنەکان هەموو هەڵچوون و خۆسورکردنەوەکانی سەدام و هاوەڵەکانی بەتاڵ کردەوە. بەتایبەتی کاتێک چەند کچێک هاتنە بەردەم دادگاو باسی لەدەستدانی پاکیزەیی خۆیان کرد بە زۆرو لەچوارچێوەی تاوانەکانی ئەنفالدا.

## بایکۆتی پارێزەرانی داکۆکیکار لە تاوانباران

بابەتی مامەڵەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ خودی سەدام حسێن لەلایەن دادوەرەکانەوە ئاسان نەبوو. چونکە سەدام وریا بوو لە گۆڕینی ئاراستەی بەڕێوەچوونی دادگاییەکە. هەمیشە بەئاگا بوو چۆن هەل و کات دەدۆزێتەوە بۆ موداخەلەو لە چ کاتێکدا خۆی نەبان ئەکات لە دۆسیەکان، یا خۆی بێدەنگ دەکات.

بەو جۆرە لە موداخەلەیەکدا سەبارەت بە دیکتاتۆر بوون و نەبوونی، دادوەری لێکۆڵینەوەی بە ئاراستەیەکدا برد کە پێی بڵێ تۆ ( دیکتاتۆر نەبویت)!

لە بابەتێکی پێشوتری ئەم کتێبەدا وردتر ئاماژەم پێکردوە.

لەسەر ئەم دەربڕینەی دادوەر عەبدڵا عامری تووشی رەخنەی زۆر بوو.

ئەمجام بەبڕیاری دەستەی باڵای دادگاو حکومەتی عیراقی؛ داوەر عەبدوللا عامری لەبەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی دادگاییەکە لابرا.

پارێزەرانی داکۆکیکار لەتاوانباران ئەم بڕیارەیان قۆستەوەو هەڵایەکی ئیعلامیان لەسەری دروست کرد، ئینجا بەبیانووی دەستوەردانی حکومەتی عیراقی لەڕێوشێنەکانی بەڕێوەچوونی دادگاییەکە. بەهەموویانەوە بڕیاریاندا هۆڵی دادگا بەجێ بهێڵن و

بایکۆتی دانیشتنەکانی داهاتوو بکەن. هەرچەندە لەواقیعدا ئەوەی لەڕێی شەفافیی و راستەوخۆیی بینینی دانیشتنەکانەوە دەبینرا لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، هیچ فشارو دەستێوەردان و رێگرییەک لەقسەکردن و بەشداریکردنی تۆمەتباران و پارێزەرەکانیان لەماف و حەقی خۆیان بەدی نەئەکرا. ئەمە جگەلەوەی تۆمەتباران و پارێزەرەکانیان سوودێکی زۆریان لەو رەوشە ئازادە وەرگرت، کەلە دادگادا هەبوو. سەرباری ئەمانەش دەربڕین و موداخلەکردنی خودی پارێزەرانی داکۆکیکار بەشێکی زۆریان دووربوون لەبابەتی بوون و لەبەجێ هێنانی پیشەو مەهامی پارێزەریی. هەندێ هەڵسوکەوت و دەربڕینیان ئیستفزازی بوو. وەکو ناوهێنانی سەدام حسێن بە(سەید الرئیس) و سوکایەتیکردن بەقوربانیان و دەرچوون لەو بابەتانەی پەیوەندی بە سکاڵای شایەتحاڵەکانەوە هەبوو. جگەلەوەی بەردەوام ئەوانیش هەوڵیان دەدا بۆ دورخستنەوەی رەوتی بابەتی دادگاییەکە بەئاقارێکی تردا. لەرێگەی پرسیاری ناجۆرەوە. هەرچەندە دادوەر چەند جارێک لەو هەڵسوکەوتە ئاگاداری دەکردنەوە؛ کە پێویستە وەکو یاساناس و پارێزەر پیشەیانە مامەڵە بکەن و، هەوڵ بدەن پرسیارو تێبنیەکانیان لەچوارچێوەیەکی یاساییدا پێشکەش بکەن. بەڵام ئەوان گوێیان بەم لایەنە نەدەدا، بەڵکو وەکو پەروەردەکراوێکی قوتابخانەی بەعسیزم و شۆڤێنیانە دوور لەپیشەی یاساپارێزیی بەجۆرێک دەیانویست واقیعەکە بشێوێنن کەقوربانیەکانی ئەنفال تاوانبار بوونەو، ئەنجامدەرانی ئەنفالیش بێتاوان.

لەئاکامیشدا لەبەر ئەوەی نەیانتوانی لەبەرامبەر یاسایی بوون

و دادپــەروەری دۆسیەکە دادوەر لـەرووی یاسایی و پاراستنی سەربەخۆیی پێگەکەیەوە لەبەڕێوەبردنی دانیشتنەکاندا، هەروەها بەجێهێنانی ئەرکە یاساییەکان لەلایەن دەستەی داواکاریی گشتییەوە رووبەڕوو ببنەوە. ناچاربوون هۆڵی دادگا بەجێ بهێڵن. بەمەبەستی دروست کردنی فشار، بەڵام ئاکام دادوەر ئەوەی راگەیاند کەئەگەر تادوا هەوڵ پارێزەران سوربوون لەسەر بایکۆتکردن، ئەوا خودی دادگا لەتوانایدایە پارێزەری داکۆکیکار بۆ تۆمەتبارن پەیدا بکات و لەناو هۆڵی دادگادا ئامادەیان بکات. تا بەرگری بکەن لەموەکیلەکانیان.

پارێزەرانی بەرگری لـەسـەدام هەموو هەوڵێکیان دواخستنی دانیشتنەکانی دادگـا بـوو. هەموو دانیشتنێک داوای دواخستنی دانیشتنەکەیان دەکرد.

جارێک خەلیل دلێمی داوای لە دادوەر کرد ٩٠ رۆژ دانیشتنەکان دوا بخات بەبیانوی پیاچوونەوە بە دۆسیەو فایلەکانداو وتی زۆر زۆرن بەڵگەکان! دادوەر وەڵامـی دایـەوە کە پێشتر کاتی زۆرتـان دراوەتێ و فایلەکانتان لەبەر دەستبوە دیارە نەتخوێندۆتەوە وتی بەڵێ نەمخوێندۆتەوە.

یان هەموو دانیشتنێک رەخنەیان لە شـەرعیەتی دادگاکە دەگرت بۆ نانەوەی پشێوی دانیشتنەکان.

## ڕێککەوتنی تورکیاو عیراق لەزاری تارق عەزیز-ەوە

تارق عەزیز یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی بەعس وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆک وەزیران بووە، وەک شایەتحاڵێکی داکۆکیکار لە ڕژێمی پێشوو لەبەردەم دادگادا ئامادەبوو، پاساوی بۆ ئەنفال هێنایەوەو باسی لەوەشکرد کیمیابارانی هەڵەبجە ئێران کردوویەتی، باسی لەوەشکرد ساڵی ١٩٩١ لە دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق، لایەنی کوردی بەهیچ شێوەیەک باسی ئەم قوربانییانەی ئەنفالیان نەکردووە.

ڕۆژی ٥/٣/٢٠٠٧ دانیشتنی ژمارە ٤٨ ی دادگا بەڕێوەچوو، سەرۆکی دادگا محەمەد عوریبی بانگی شایەتحاڵی یەکەمی کرد بەناونیشانی داکۆکیار لە تۆمەتباران.

بەم جۆرە قسەکانی دەستپێکرد: من بەرگری لەکەسێکی دیاریکراو ناکەم، بەڵکو هاتووم وەکو بەرپرسێکی حکومی لەو سەردەمە هەندێک ڕاستیی بخەمەڕوو.

گوتی: لە ساڵی ١٩٨٤ وەزیری دەرەوەی تورکیا هاتووە بۆ عیراق و داوایان کرد لەگەڵ عیراق ڕێککەوتنامەیەک ئیمزا بکەن، داوایان دەکرد عیراق ڕێگەیان بدات بیست (٢٠) کیلۆمەتر بێنە ناو خاکەکەمانەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان ( P K K)، ئەو ڕێککەوتننامەیەمان بەرزکردەوە بۆ

سەرۆکایەتی و ڕەزامەندی لەسەردرا، بەڵام مەرجی عیراقیش ئەوەبوو بە هەمان شێو،ە تورکیا ڕێگە بگرێت لە یاخیبووان لەسەر سنوورەکان و رادەستکردنەوەیان بە حکومەتی عیراق. ئەو ڕێککەوتنامەیە بە واژۆی هەردوو وەزیری دەرەوەی تورکیا و عیراق بووە، هەردوولا بەتەواوی پێوەی پابەندبوونە، هەروەها ساڵانە نوێدەکرایەوە. دواترلە ساڵی ١٩٨٩ تورکیا نوێی نەکردەوە.

تارق عەزیز گوتی: ئەو گازەی لە هەڵەبجە بەکارهاتووە گازی خەردەل نەبووە، بەڵکو (سیانید) بووە، عیراق لەو کاتەدا لەو جۆرە گازەی نەبووە، واتە ئێران بەکاری هێناوە.

دەستەی داواکاری گشتی لەسەر قسەکانی تارق عەزیز هاتنە دەنگ، گوایە بەناوی داکۆکیکردن لە تۆمەتبارەکان هاتووە قسە بکات، بەڵام هەموو قسەکانی گشتین و داکۆکین لە ڕژێمی پێشوو.

تارق عەزیز یەکێک بوو لەو ٥٦ داواکراوەکەی ڕژێم، تەنیا کەس بوو لە ئاستی نێودەوڵەتی چەند وڵاتێک هاتبوونە سەرهێڵ و داوای ئازادکردنیان دەکرد، بەتایبەتی پاپای ڤاتیکان و رووسیا، لەبەر ئەوەی هەم مەسیحی و هەم لەبەر ئەوەی لە بواری دیبلۆماسی و لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردبوو، نوێنەرایەتی عیراقی کردبوو، پەیوەندییەکی کەسیی بەرفراوانی نێودەوڵەتیی هەبوو.

## بڕیاری ١٦٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دانانی عەلی حەسەن ئەلمەجید بە بەرپرسیاری ناوچەی باکوری حزبی بەعس، بەیەکێک لەهەنگاوە کرداریەکانی پیلانی بەعس بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال دادەنرێت. بڕیاری ژمارە (١٦٠) ئەو بڕیارەیە لەهەر باسکردنێکی شاڵاوەکانی ئەنفالدا پێویستە لەگەڵ بڕیاری ژمارە (٤٠٠٨) دا باس بکرێن و ناوەڕۆکەکەی روون بکرێتەوە.

ئەم دەقی وەرگێڕدراوی بڕیارەکەیە وەکو خۆی:-

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەل

بڕیاری ژمارە (١٦٠)

٢٩/٣/١٩٨٧

بڕیار

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی شەشەم لەمادەی ٤٢

هەروەها بڕگەی شەشەم لەمادەی ٤٣ی دەستور، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی ناوچەکانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دراوە لە ١٨/٣/١٩٨٧ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا لە ڕۆژی ٢٩/٣/١٩٨٧ بڕیاریدا کە:-

یەکەم:- ڕەفیق عەلی حەسەن مەجید ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس دەبێتە نوێنەری سەرکردایەتی ناوچەیی حزب و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ جیبەجێکردنی سیاسەتەکانی حزب لەهەموو ناوچەکانی حزب لەباکور. لەناویاندا ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی. بە ئامانجی پارێزگاری لە ئاسایش و چەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەدەڤەرەکەدا.

دووەم:- بەمەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە، ڕەفیق عەلی حەسەن مەجید تەواوی دەسەڵاتی لە دەست دەبێ لەهەموو دەزگاکانی سەربازی و مەدەنی و ئەمنیەکاندا.

بەهەموو ئەو دەسەڵاتانەی پێی دراوە.

سێیەم:- ئەم لایەنانەی خوارەوە بەهەموو شێوەیەک پەیوەندیان بە ڕەفیق عەلی حەسەن ئەلمەجیدەوە دەبێت. پابەمد دەبن بە هەموو بڕیارو ڕێنماییەک کە دەریان دەکات و لەسەریانە جێبەجێی بکەن.

*ئەنجومەنی جیبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

*پارێزگاری پارێزگاکانی باکورو سەرۆکی یەکە ئیداریەکان سەربە حوکمی ناوچەیی.

*دەزگاکانی موخابەرات، ئاسایشی ناوخۆ، هەواڵگری سەربازی.

*هەموو سەرکردەکانی جەیشی شەعبی.

چوارەم:- سەرکردەو پلەدارە سەربازیەکان پابەند دەبن بە بەبڕیای ڕەفیق عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس

*بۆ هەر شتێک پەیوەندی بە خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارەوە هەبێت.

پێنجەم:- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت، هەتا کاتێکی نادیار.

هەموو ئەحکامە پێچەوانەکانی ئەم بڕیارە کاری پێناکرێت و رادەگیرێت.

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

١٩٨٧/٣/٢٩

## فرمێسکەکانی کەمارا لەهۆڵی دادگادا

لەدانیشتنی سیانزەهەمینی دادگادا، دوای ئەوەی دادوەر داوای کرد شکایەتکاری چوارەم بێتە هۆڵەکەوە، شکایەتکار ئامادە بوو، کەوتە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانەی لەمانگی چواری ساڵی هەشتاو هەشتدا لەلایەن سوپای عێراقەوە بەسەر خۆی و کەسوکارو گوندکەی و خەڵکەکەیدا هێنراوە؛. بەشێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش و تەقەڵ دوور رووداوەکانی تەتەڵە دەکرد، جگە لەو هەموو دەردەسەرییەو وێرانکردنی گوندو راپێچکردنیان بەرەو گرتووخانەکانی دوبزو؛ تۆپزاوەو؛ دابڕینی لەکەس و کارەکەی و برسێتی و نەخۆشی و، مردنی مناڵ و گەورە و بچوک لەبەرچاوی خۆی.

جەلادەکانی بەعس بەوەشەوە نەوەستان، تادەستدرێژی سێکسی بکەنە سەریان و بەزۆر و جەور پاکیزەییەیان لەبارودۆخێکی تەواو تەواو شێواودا لەکەدار بکەن.

شایەتحاڵ بەجۆرێک ئەو رووداوانـەی بەسەریدا هێنراو، ئەو کردە بێزراوانەی بەچاوی خۆی بینیبوونی لەهاوخوشکەکانی کراوە دەگێڕایەوە، خودی دادوەر محەمەد عورێبی پەساپەسا لەناڕەحەتی و نیگەرانیدا بەدەستەسڕە کاغەزییەکەی بەردەستی، ئارەقی ناوچاوانی و سیمای دەسڕی. دیاربوو جگە لەحاڵەتە ئینسانی و کاریگەرییەکانی، وەکو عەرەبێکیش شەرمی لەخۆی و نیگەرانی لەو

تاوانانەی هەست بکەی ناڕاستەوخۆ لێی بەرپرسیارەو کاراکتەریەتی دەکرد، ئەوە بەلای منەوە لەهەموو دیمەنەکان سەرنجراکێشتر بوو، لەو کاتەدا کە کچە شایەتحاڵەکە بەسەرهاتەکانی خۆی دەگێڕایەوە.

کەمارا، ژنێکی ئەمریکی بالاّبەرزی سپی پێستی قژ زەردی تەمەن دەوروبەر ٤٠ ساڵان بوو، هەموو بەیانیەک لەبەردەم تەلاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیدا چاوەڕێی دەکردین و ئەو سەرپەرشتی بردن و گەڕانەوەی ئەو کەسانەی دەکرد، وەک میوان بەشداریان دەکرد لەبینینی رەوشی دادگاییەکەو، دەیبردین؛ لەگەڵمان بوو تاکاتی گەڕانەوەش.

خاتوو کەمارا لەناو ئەو هۆڵەی ئێمەی تیادا دادەنیشتی هەر لەگەڵمانا بوو، بۆ هەر یەکێک لەمیوانەکان جیهازی (هێت فۆن) دابەشدەکرا، ئەو جیهازە بۆ وەرگێڕانی قسەو شکایەت و گفتوگۆکانی ناو دادگاییەکە بوو، کە بەچەند زمانێک وەردەگێڕدرا.

جیهازەکە چوار کەناڵی هەبوو (کەناڵی سفر – بۆ دەنگی عامی ناو هۆڵەکە بوو – کەناڵی یەک وەرگێرانی گفتوگۆکان بوو بۆ زمانی کوردی – کەناڵی دوو بۆ زمانی عەرەبی و کەناڵی سێ بۆ زمانی ئینگلیزی بوو).

کەماراش لەگەڵ ئێمەداو، لەکورسییەکانی دواوە دادەنیشت، وەک هەمووان هیتفۆنەکەی لەگوێ دەکرد، شایەتحاڵەکە لەگەرمەی گێڕانەوەی ئەو رووداوە بینراوانە بوو کە بەسەریدا هاتبوو، لەپڕدا ئاوڕێکم دایەوە بۆ دواوە، بینیم کەمارا فرمێسک بەچاوەکانیدا بەخوڕ دێنەخوارەوەو لوت و گۆناکانی سوورسوور هەڵگەڕابوون.

ئەم دیمەنە منیشی خستە حاڵەتێکی هێندەی تر نائارامەوەو، دڵم پڕ پڕو ئەندێشەشم پڕ پرسیار، ئەو کاریگەرییە ئینسانییەی کاری کردبووە سەر دەروونی ئەو ژنە بیانییە دەبێ ببێتە پرسیار بۆ ئەو ژینگەو کەلتوورەی ئەوی پەروەردە کردووە.

ئەمە لەکاتێکدا تەنیا تاوانبارەکان بوون نەک هەر ئەو گێڕانەوانە کاریگەری نەدەخستە دەروون و ویژدانی مردوویانەوە، بەڵکو گوێی خۆیان لەو قسانە کەڕ کردبوو، نەشیان دەویست گوێ بۆ گێڕانەوەی رووداوێکی لەو جۆرە بگرن کەخۆیان و داروەدەستەکەیان بکەری بوون.

کەمارا هەر لەدوورەوە کە دەمانبینی بەدەم و لەبزی پڕ لەپێکەنین و بزەوە پێشوازی لێ دەکردین و لەگەڵماندا لەپاسی داخراو (مصفحە) کەدا سەردەکەوت تا دەگەیشتینە دادگاو لەوێشەوە لەکاتی پشووی نانخواردن و گەڕانەوەش، ئەو ژنە بزێو بوو هەموو گیانی لەجووڵەو بزەو خەندە ئاڵابوو، لەگەڵ ئەوانەشدا بەوڕادەیە هەستێکی مرۆڤانەی تراژیدیا قوڵ و کارتێکردوو کە خوڕخوڕ فرمێسک لەچاوەشینەکانی دەبارێ ئاوا کاری تێبکات.. سوپاس و ئەمەک بۆ ماندوبوونی کەمارا لەگەڵمان، وەفاو پێزانین بۆ فرمێسکە گەرمەکانی.

ئێمە کوردەکان حەوت کەس بووین، لەگەڵ نۆ میوانی دیکەی بیانی، دوو بۆ سێ کەس نەبێ هەمووان لەگەڵ قسەکانی کچە ئەنفالدیدەکەدا فرمێسک بەچاویاندا دەهاتە خوارەوە.

## گومان لەبوونی نوگرە سەلمان

صابر ئەلدوری سەرۆکی ئیستخباراتی رژێمی بەعس لەیەکێک لەدانیشتنەکانی دادگای ئەنفالدا ئەم قسەیەی کردو وتی: بەگومانم لەهەبوونی گرتوخانەی نوگرە سەلمان.

کچە کوردێکی شایەتحاڵ باسی لەخراپی گوزەرانی خۆیان و ئەو بارودۆخەی تێی کەوتبوون لەگرتووخانەی نوگرە سەلمان دەکرد. ئەو پەتاو نەخۆشی و مردنەی بەسەر گیراوەکان دەهات و، ئەو تەعداو زوڵمەی لەدەستدێژی لەسەر کچان و ژنان دەکرا بەوردی دەگێڕایەوە.

شایەتحاڵەکە بەسادەیی خۆیەوە؛ وێنەی رووداوەکانی دەدایە بەرگوێی ئامادەبوانی ناو هۆڵی دادگاکە.

کچەکە وتی: ژیانمان وەک جەهەنم وابوو. هەر رۆژەو مردنی هێواشی چەندین ئازیزی خۆمانمان بەبەرچاوی خۆمانەوە دەدی. لەوەش خراپترو ناخۆشتر لەدەرەوەی قاعەکان لاشەی مردوەکان دەخرانە ژێر لم، ئینجا سەگەڕەش و سەگگەلی تر لاشەکانیان دەردەهێناو دەیان خواردو؛ دەیان شێواندن.

دوای ئەوەی شایەتحاڵ لەقسەکانی بووەوە دادوەر محەمەد ئەلعرێبی رووی کردە تۆمەتباران و پێی راگەیاندن پرسیارو تێبینیەکانی خۆیان رووبەروو شایەتحاڵ و شکایەتکار بکەنەوە.

لەنێو قسەی تۆمەتباراندا ئەوەی پەیوەندی بەخودی ناوو بوونی نوگرەسەلمانەوە هەبوو وەکو

گرتووخانە، لەیەکێک لەدەربڕینەکانیدا صابر ئەلدوری وتی: لەراستیدا من گومانم هەیە کەبینایەک یان سەربازگەو گرتوخانەیەک هەبێت بەناوی نوگرە سەلمانەوە!. لەبەر ئەوەش باوەڕ بەو قسانە ناکەم کەدەوترێت.

هەر لەو ساتەوختەدا یەکێک لەئەندامانی دەستەی داواکاری گشتی داوای لەدادگا کرد بەپێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون و ساغکردنەوەی بوون و نەبوونی بینای نوگرە سەلمان. دادوەریش دەستبەجێ بڕیاریدا بەپێکهێنانی لیژنەکەو داوای کرد بڕیارەکە تۆمار بکرێت. ئەو شێوازی مامەڵەکردن و کۆڵەواریەی تاوانباران بەرامبەر وتەی شایەتحاڵەکان بەشپرزەییەوە لەماوەی موداخەلەکردنیاندا دەیان نواند. حەق وایە بڵاو بکرێتەوەو بەبەردەوامی پیشان بدرێت. نازانم بۆچی میدیای کوردی ئەوەندە خەمسارد و بێباکە بەرامبەر بەم دۆسیەیە. لە راستیدا خودی صابر ئەلدوری و تۆمەتبارانی تر؛ لەئامادەبووانی هۆڵی دادگاکە باشتر دەیانزانی ئەو گرتووخانەیە هەبوەو لەکوێیەو بەچ شێوازێک هەزاران کوردی ئەنفالکراویشی تیادا کوژراو ئەتکراو کرانە ژێر لمەوەو نەگەڕانەوە. تۆمەتباران بۆ لەخشتەبردن و شێواندنی راستیەکان چەندین هەوڵی چەواشەکاریان دەدا بۆ خۆ دەربازکردن لەو شەرمەزاریەی لەچوارچێوەی ئەو قەفەس و رووبەڕووبوو نەوەیەی کێژانی زوڵم لێکراودا تێی کەوتبوون. بەڵام ئازادی و حوکمی یاسا تائەوپەڕی پێدانی ماف

مامەڵەی لەگەڵ هەمووواندا دەکرد، تاوەکو بگەنە دوا راستی و دوا بڕیارو ئەمجام بیانوو بڕین.

لەبەر ئەوە جگە لەو هەموو شایەتحاڵەی باسیان لەنوگرە سەلمان و نەهامەتیەکانی رۆژگاری بەکۆمەڵ زیندانی تێیداو ئەوەی بەسەریاندا هێنرا دەکرد، کەلە دەیان کەس زیاتر بوون. بۆ باشتر دەرخستنی رووی راستییەکان دادوەرو دەستەی داواکاری گشتی بەهێمنی هەوڵیان دەدا لەگەڵ ئەو رەوشەدا بڕۆن، تا دەگەنە دوا ئەنجام.

ئەگینا شایەتیدانی چەند شکایەتکارێک لەسەر بوون و ژان و زامەکانی ناو نوگرەسەلمان بۆ خۆی نەک هەر حاشا هەڵنەگر بوو، بەڵکو پیشاندان و دەرخستنی رووی نامرۆڤانەی صابر ئەلدوری و هاو قەفەسیەکانی دەگەیاندە ئەوجی راستی.

## رێکەوتنی تورکیاو عیراق لەزاری تارق عەزیزەوە

تارق عەزیز یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی بەعس وەزیری دەرەوەو جێگری سەرۆک وەزیران بووە. وەک شایەتحاڵێکی داکۆکیکار لە رژێمی پێشوو لەبەردەم دادگادا ئامادەبوو. پاساوی بۆ ئەنفال هێنایەوەو، باسی لەوەش کرد کیمیابارانی هەڵەبجە ئێران کردویەتی. باسی لەوەش کرد ساڵی ١٩٩١ لە دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عیراق لایەنی کوردی بەهیچ شێوەیەک باسی ئەم قوربانیانەی ئەنفالیان نەکردوە.

رۆژی ٢٠٠٧/٣/٥ دانیشتنی ژمارە ٤٨ ی دادگا بەڕێوە چوو. سەرۆکی دادگا محەمەد عرێبی بانگی شایەتحاڵی یەکەمی کرد، بەناونیشانی داکۆکیار لە تۆمەتباران.

بەم جۆرە قسەکانی دەستپێکرد: من بەرگری لەکەسێکی دیاریکراو ناکەم بەڵکو هاتووم وەکو بەرپرسێکی حکومی لەو سەردەمە هەندێک راستی بخەمە روو.

وتی لە ساڵی ١٩٨٤ وەزیری دەرەوەی تورکیا هاتووە بۆ عیراق و داوایان کرد لەگەڵ عیراق رێکەوتنامەیەک ئیمزا بکەن. داوایان دەکرد عیراق رێگەیان بدات بیست ٢٠ کیلۆمەتر بێنە ناو خاکەکەمانەوە، بۆ رووبەڕوو بونەوەی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەو رێکەوتنامەیەمان بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی و رەزامەندی

لەسەر درا. بەڵاممەرجی عیراقیش ئەوە بوو بەهەمان شێوە تورکیا ڕێگە بگرێت لە یاخیبوان لەسەر سنورەکان و تەسلیمکردنەوەیان بە حکومەتی عیراقی. ئەو ڕێکەوتنامەیە بە واژۆی هەردوو وەزیری دەرەوەی تورکیاو عیراق بووە. هەردوولا پێوەی پابەند بوونە بەتەواوی. لایەنی عیراقی بەتەواوی پابەندبوون پێوەی ڕێکەوتنەکە ساڵانە نویٚ ئەکرایەوە.

بەڵام ساڵی ١٩٨٩ ئیتر تورکیا نوێی نەکردەوە.

تارق عەزیز وتی ئەو گازەی لە هەڵەبجە بەکارهاتووە گازی خەردەل نەبوە سیانید بووە عیراق لەو کاتە ئەو جۆرە گازەی نەبوە واتە ئێران بەکاری هێناوە.

پرسیارێک لێرەدا جێی خۆیەتی باس بکرێت ئەگەر ئێران هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، بۆچی عیراق بێدەنگی لێکردو هەرای نێودەوڵەتی لەسەر نەکرد؟

بۆچی لەسەر ئاستی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش سکاڵای دژی ئێران نەجووڵان؟ خۆ ئەو کاتە خودی تارق عەزیز وەزیری دەرەوە بووەو دەیتوانی بەسود وەرگرتن لەو ڕاپۆرتە ئەمریکیەی کە دەزگای بەرگری ئەمریکی باسیان کردوە بکردایەتە بنەمای سکاڵاکەی. کە ئەمەیان نەکرد ڕژێمی سەدام، لەبەرامبەردا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژنامەنووسی بیانیان بردە شوێنەکەو هەڵایەکی نێودەوڵەتیان لەسەر هەڵەبجە دروست کرد.

دەستەی داواکاری گشتی هاتنە دەنگ لەسەر قسەکانی تارق عەزیز گوایە بەناوی داکۆکیکردن لە تۆمەتبارەکان هاتوە قسە بکات

بەڵام هەموو قسەکانی گشتین و داکۆکین لە رژێمی پێشوو.

تارق عەزیز یەکێک بوو لە پەنجاو شەش داواکراوەکەی رژێم. دەستگیرکرا. تەنیا کەس بوو لە ئاستی نێودەوڵەتی چەند وڵاتێک هاتبوونە سەر خەت و داوایان کردبوو ئازاد بکرێت. بەتایبەتی پاپای ڤاتیکان و رووسیا.

چونکە هەم مەسیحی بوو، هەم لەبەر ئەوەی لە بواری دیبلۆماسی دەرەوەو نەتەوە یەکگرتوەکان کاری کردبوو نوێنەرایەتی عیراقی کردبوو، پەیوەندیەکی کەسی نێودەوڵەتی هەبوو.

## عەلی کیمیایی لەبەردەم چەندان پرسیار و وەڵامدا

بڕیاری ژمارە ١٦٠ی مەجلس قیادەی سەورە، هەموو دەسەڵاتێکی دا بە عەلی حەسەن مەجید بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بەعس وەکو لە نووسراوەکەدا هاتووە «جێبەجێکردنی سیاسەتەکەمان لەباکوری عیراق» بووە پرسیار لای دادوەری دادگاکە.

لە ٤٠ هەمین دانیشتنی دادگادا، پرسیار و وەڵامێکی زۆر لەنێوان دادوەر و عەلی کیمیایی و داواکاری گشتیدا دروستبوو، دادوەر سەرەتا پرسی مەبەست چی بووە لە جێبەجێکردنی سیاستەکەتان لە بڕیاری ١٦٠ دا؟

عەلی کیمیاوی بەم جۆرە وەڵامی دایەوە:

قیادەی حزب کۆمەڵێ سیاسەت و ئامانجی هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە باکوری عیراق، منیش بەرپرسی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە بووم و مەجلیسی قیادەی سەورە منیان راسپاردووە بە بەرپرسیارییەتی جێبەجێکردنی.

**دادوەر: باوەڕت بەو کارانە هەیە کە لەو چوارچێوەیە بەئەنجامت گەیاندووە؟**

عەلی کیمیاوی: بەڵێ بەتەواوی باوەڕم پێیان هەبووە، بەهیچ جۆرێک پەشیمان نیم لەو بڕیارانەی لەو چوارچێوەیەدا داومە، چونکە بارودۆخی ئەوکاتەی وڵاتەکەم ئەوەی ویستووە بیکەم،

ئەگەر ئێستاش هەمان دۆخ بگەڕێتەوە هەمان کار دەکەم، خۆ ئەگەر هەر کەسێک بەهۆی ئەو بڕیار و کارانەوە زیانی بەر کەوتووە، ئەوا داوای لێبوردنی لێدەکەم.

**دادوەر: بەچەند قۆناغ گوندەکانی کوردستان راگوێزران و رووخێنران؟**

عەلی کیمیاوی: پێویستە ئەوە بزانرێ کە راگواستن نەبوو، بەڵکو کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکان بوو، دواتر نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگای عەسریدا، بەدوو قۆناغ پرۆسەکە دەستپێکرد، قۆناغی یەکەم: لە گوندە سنوورییەکانەوە دەستپێکرد، راگواستن و کۆکردنەوەی گوندەکانی پشتێنەی سنووری.

قۆناغی دووەم: گوندە قەدەغەکراوەکان بوو، لە راستیدا قۆناغی دەستپێکی پرۆسەی راگواستنی گوندەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥ لەو کاتەوە بەردەوام بووە، مەبەستیش لەوکارە کۆتایی پێهێنانی شەڕ و کوژاندنەوەی ئاگری ئاژاوە بووە لە باکووری عیراق.

دادوەر: چۆن گوندێک دەڕووخێنن دەیان کیلۆمەتر لە سنوورەوە دوورە؟

**عەلی کیمیاوی: ئەو گوندانە دەکەوتنە ناوچە قەدەغەکراوەکانەوە.**

**دادوەر: مەبەستت چیە لە ئەفواجی دیفاع وەتەنی؟**

عەلی کیمیاوی: ئەم فەوجانە لە کۆمەڵێک کوردی خۆبەخش پێکهاتبوون، کە ئارەزوومەندانە و بەویستی خۆیان پەیوەندییان پێمانەوە کردبوو، راستەوخۆ لەژێر فەرمانی سوپادا بوون، بەتایبەتیش فەیلەقەکانی دوو، پێنج.

**دادوەر: لە تۆمارە دەنگییەکەتدا باسی ئەوە دەکەیت کە بەکیمیایی لێیان دەدەم، لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟**

عەلی کیمیاوی: راستە ئەو قسەیە من وام وتـووە، بـەڵام من هیچ کات مەبەستم نەبووە بەشێوەی کرداری جێبەجێی بکەم و بە چەکی کیمیایی لێیان بدەم، بەهیچ شێوەیەکیش بەکارم نەهێناوە، ئەو قسانەشم تەنیا بۆ ترساندنیان بووە وەک جنگێکی دەروونی، کەچی دوایی نازناوی عەلی کیمیایی یان بەسەردا دابڕیم.

**دادوەر: تۆ زانیاریت لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەیە؟ بەتایبەتی ئەوەی لەناوچەی حەزەر لەموسڵ و لەنوگرەسەلمان لە سەماوە دۆزراونەتەوە؟**

عەلی کیمیاوی: نا نەخێر، بەهیج جۆرێک من ئاگاداری گۆڕی بەکۆمەڵ نیم و نازانم.

**دادوەر: لەتۆمارە دەنگییەکەتدا کە لەدادگا پێشکەشکرا، تۆ دەڵێی هەموویان دەنێرم بۆ مـەرگ، دواییش لە راستیدا هەموویان لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بێسەروشوێن کران، ئینجا لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە، تۆ لەم بارەوە قسەت چییە؟**

عەلی کیمیاوی: ئاگادار نیم.

**دادوەر: چۆن ئاگادار نیت؟ خۆ ئەگەر کەسێکی یاخی لەوسەر یان ئەمسەری وڵات بوایە پێتان دەزانی، چۆن بەو گۆڕە بەکۆمەڵانەت نەزانیوە؟**

**دادوەر: تۆ لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا گوتووتە من ئاگاداری ئەنفال نیم، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە سوپاو سەرۆکی هێزە**

**چەکدارەکانی عیراقەوە هەیە، ئایا ئەم قسەیە راستە؟**

عەلی کیمیاوی: بەڵێ راستە.

من بەهیچ جۆرێک ئاگاداری ئەنفال نیم، بەڵکو راستەوخۆ پەیوەندی بە سوپاوە هەبووە.

**دادوەر: باشە شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن کێوە ئەنجامدراوە؟**

عەلی کیمیاوی: شاڵاوەکانی ئەنفال بەگشتی دوو فەیلەق ئەنجامیداوە، سەرەتا ئەنفالی یەک لەناوچەی سلێمانی لەلایەن فەیلەقی یەکەوە بەسەرپەرشتی سوڵتان هاشم ئەنجامدراوە، ئەنفالی ناوچەکانی کەرکوکیش بەهەمان شێوە لەلایەن فەیلەقی یەکەوە ئەنجامدراوە.

بەڵام ئەنفالەکانی ناوچەی هەولێر و دهۆک و موسڵ لەلایەن فەیلەقی پێنجەوە ئەنجامدراوە.

**دادوەر: نوسراوی ژمارە ٤٠٠٨ لە ١٩٨٧/٦/٢ ناوەڕۆکەکەی باسی ئەوە دەکات هەر کەسێک تەمەنی لە نێوان ١٥ ٧٠ ساڵیدا بێت دەکوژرێت، ئایا تۆ ئەو بڕیار و نووسراوەت دەرکردووە؟**

عەلی کیمیاوی: بەڵێ من دەرمکردووە، لێشی پەشیمان نیم، ئەگەر دووبارە بێتەوە ئەوا ئامادەم هەمان بڕیار دەربکەم.

**دادوەر: ئایا ئەو بڕیارەتان جێبەجێکرد؟**

عەلی کیمیاوی: بێگومان بەڵێ جێبەجێکرا.

**دادوەر: ئایا ئەو کەسانە بەپێی یاسا دادگایی کران و سزادران؟**

عەلی کیمیاوی: نا نەخێر دادگایی نەکران، بەپێی حاڵەتی کتوپڕ و یاسای تەواڕی هەرکەسێک تاوانەکەی بەسەردا بچەسپایە راستەوخۆ

جێبەجێ دەکرا بەبێ ئەوەی بگەڕێنرێتەوە بۆ دادگا.

**دادوەر: کێ بە کاری جێبەجێکردنەکە هەڵدەستا؟**

عەلی کیمیاوی: من تەنیا فەرمانی جێبەجیکردنم دەرکردووە، ئیتر نازانم لەلایەن کێ و چۆن جێبەجێکراوە، ئەوە کاری من نەبوو، من تەنیا بڕیارەکەم دەرکردووە.

**دادوەر: سوڵتان هاشم لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کاتێک وتەی لێ وەرگیراوە وتویەتی: لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا ئەرکی سوپا تەنیا بریتیبووە لە دەستگیرکردنی خەڵک و گواستنەوەیان، دوای ئەوە رادەستی لیژنە ئەمنییەکانی سەر بە مەکتەبی رێکخستەکانی باکوور کراوە، ئایا ئەم قسانە راستن؟**

عەلی کیمیاوی: سوڵتان هاشم بەر لەوەی ئەو پۆستەی هەبێت، من ئەو فەرمانەم دەرکردبوو، ئەگەر سوپا هەر کەسێک لە ناوچە قەدەغەکراوەکان بگرێت، ئەوا پێویستە رادەستی لیژنە ئەمنییەکانی بکات، ئەوانیش لێکۆڵینەوە لەگەڵ خەڵکەکە دەکەن، ئەگەر هاتوو هیچ شتێکیان لەسەر ساغ نەبووەوە دژی حکومەت، ئەوا رەوانەی ئۆردوگاکان دەکرێن، ئەگەریش دەرکەوت هاوکاریی تێکدەرانیان کردووە، ئەوا لە دائیرەکانی ئەمن دەمێننەوەو سزای خۆیان وەردەگرن.

**دادوەر: کێ فەرمانی دەکرد گوندەکان بڕوخێنن؟**

عەلی کیمیاوی: فەرمانەکان لە بیرۆی باکوورەوە دەردەکران کە من بەرپرسی بووم، واتە بڕیارەکان راستەوخۆ من دەرمکردووە.

دادوەر: بۆچی ئەو فەرمانەت دەرکردووە؟ لەکاتێکدا هەزاران

هاووڵاتی کوردی بێتاوان لەو گوندانەدا ژیاون.

عەلی کیمیاوی: هیچ یەکێک لەوانە لەژێر سایەی دەوڵـەت و حکومەتی عیراقیدا نەبوون.

**دادوەر: بەڵام لەناو ئەو خەڵکەدا هـەزاران منداڵ هەبوون هەر نازانن مانای دەوڵەت و حکومەت چییە؟**

عەلی کیمیاوی: وەک چۆن ئەمریکا ناچار بووە بۆردومانی گەڕەکی حەیفای شاری بەغدا بکات و لێی بدات، کە پڕبوو لە هاووڵاتی و خەڵکی مەدەنی بێتاوان، ئێمەش بەهەمان شێوە ناچاربووین ئەو کارە بکەین.

**دادوەر: ئەمریکییەکان بێگانە بوون بەخەڵکی عیراق کارێکی لەو جۆرەیان کردووە، بەڵام ئێوە عیراقی بوون و ئەوانیش هاونیشتمانیی ئەم وڵاتە بوون.**

**دادوەر: ئایا تەنیا سوپا بەو کارە هەڵدەستا یاخود دەزگاکانی دیکەی دەوڵەتیش بەشدار بوون؟**

عەلی کیمیاوی: هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەشدارییان تێداکردووە، تەنانەت دامـەزراوەکـانی پلاندانان و ئەندازیاری و نیشتەجێکردن و گواستنەوەش.

**دادوەر: تاهیر تۆفیق ئەلعانی کە سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور بووە، هیچ پەیوەندییەکی بە شاڵاوەکانی ئەنفالەوە هەبووە؟**

عەلی کیمیایی: نازانم، ئەو پەیوەندییەکی لاوەکی بە ئێمەوە هەبوو.

**دادوەر: لـە زۆرێـک لـە بـەڵگـەنـامـەکاندا بـاسـی کوشـتـن و گوللەبارانکردنی هاووڵاتیان دەکرێت و لەلایەن ئیستخباراتەوە**

**وێنەیەک لە نوسراوەکان رەوانـەی تۆ کراوە، لە نوسراوێکی تردا تۆ دەڵێی لاریمان نییە لەسەربڕینی تێکدەران، بەڵام وا باشتر بوو رەوانەی دائیرەی ئەمن بکرێن، بۆ ئەوەی زانیارییان لێ وەربگیرێت، ئایا تۆ ئاگاداری ئەم نووسراوانەی؟**

عەلی کیمیاوی: لەیادم نییە، رەنگە راست بێ و رەنگە راستیش نەبێ.

**دادوەر: لە وتەی تۆمەتبارەکان کە پێکەوەن ئێستا، زۆربەیان دەڵێن عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی یەکەم بووە، ئایا ئەمە راستە؟**

عەلی کیمیاوی: بەپێی بڕیاری ژمـارە ١٦٠ی مەجلسی قیادە سەورە، من هەموو دەسەڵاتێکم پێدراوە.

هەروەها بەردەوام بوو وتی: من نامەوێ بەرگری لە خۆم بکەم، یاخود لەو کارانە هەڵبێم کە ئەنجامم داوە، هەر کارێکم کردبێ دانی پێدا دەنێم، بەڵام هەر کارێکی تر لەلایەنی ترەوە کرابێ من ئاگام لێ نەبووە.

**دادوەر: لـەبـەرواری ١٩٨٨/٦/١٠ بەڕێوبەرایەتی ئیستخبارات نوسراوێکیان کـردووە بۆ بیرۆی بـاکووری حزبی بەعس باس لەبەکارهێنانی عیتادی خاس دەکات لەناوچەکانی دهۆک، ئایا دەتوانی روونکردنەوە بدەی سەبارەت بەو نووسراوە؟**

عەلی کیمیایی: بیرۆی باکوور پەیوەندی بە ئیستخباراتی هەردوو مەنزومەی شەرقی و شیمالییەوە هەبووە، ئاگاداری نووسراوێکی لەو جۆرە نیم کە رەوانەمان کرابێت، تەنانەت من ئاگاداری ئەو نووسراوەش نیم.

**دادوەر: لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە وتووتە ئەو ژمارەیەی کە ئاماژەی پێدەکەن ۱۸۲هـەزار گوایە ئەنفال کرابێت راست نییە، تەنها دوو هەزار کەس دەبێت، دەتوانی روونکردنەوەمان بدەیتێ لەم بارەیەوە؟**

عەلی کیمیایی: بەهیچ شێوەیەک و لەهیچ شوێنێک ئاماژەم بە ژمارە نەکردووە.

**دادوەر: مەبەستتان لە عیتادی خاس چییە؟**

عەلی کیمیاوی: ئەو ئامانجانەیە کە دەستنیشان دەکرێت لێی بدرێ، لێدانی فراوان ناگرێتەوە، هەروەها مەبەستیش لەلێدانی کیمیاوی نییە.

**دادوەر: تۆ دەڵێی من بەهیچ شێوەیەک کیمیاییم بەکارنەهێناوە، ئەی کێ فەرمانی بەکارهێنانی کیمیایی دەرکردووە؟**

عەلی کیمیایی: من ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نیم، خۆ ئەگەر ئاگاداریش بوومایە بە راشکاوی پێم دەوتیت، سەدجار پێم دەوتیت.

لەم گفتووگۆ و پرسیارو وەڵامەی سەرۆکی دادگا و عەلی کیمیاویدا، دانپێدانانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تێدایە، لەبەر ئەوەی نکوڵی ناکات لە هەڕەشەی بەکارهێنانی کیمیایی، کاتێک دەڵێ بەمەبەستی ترساندنی خەڵک ئەو قسەیەم کردووە، خۆ قسەکە لە راگەیاندن و لەبەردەم رای گشتیدا نەیکردووە، بەڵکو لە کۆبوونەوەیەکی حزبی و بۆ بەرپرسانی حزبی بەعس کردوویەتی و لەکەناڵەکانی راگەیاندنیش ئەو کۆبوونەوەو قسانە پەخش نەکراوە و بڵاونەبووەتەوە.

لە وتەکانیاندا، تاوانبارەکانی دیکە ئۆباڵی هەموو کردەوەکان دەخەنە ئەستۆی بیرۆی باکوور کە عەلی کیمیایی بەپێی بڕیاری ژمارە ١٦٠ سەرکردایەتی کردوو. کاتێک عەلی کیمیایی بەو ژن و منداڵە گوازراوانە دەڵێ: دوژمنی دەوڵەت بوون یان بە پیرەژن و ژنی دووگیان دەڵێت: دوژمنی دەوڵەت بوون، ئەمە راست نییەو بەهانەی لەناوبردنی بەکۆمەڵە. عەلی کیمیاوی بڕیاری ئیعدام و گوللەبارانکردنی خەڵکی دەرکردووە بەبێ لێکۆڵینەوە و بڕیاری دادگا.

ئەو گوندانەی عەلی کیمیاوی باسی دەکات کە رووخێنراون بەهۆی پشتێنەی ئەمنی، دەیان و سەدان کیلۆمەتر لەسەر سنوورکانەوە دوور بوون، بۆ نمونە گوندەکەی ئێمە (وڕێڵە) لەناوجەرگەی گەرمیان، کە سەر بەقەزای کەلار بووە، سەد کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوورە، کەچی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت و رووخێنرا، لەگەڵ هەزاران گوندی دیکە لە سنووری پارێزگاکانی کەرکوک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک، داواکاری گشتی لەناو دادگادا بۆ بەدرۆخستنەوەی قسەکانی عەلی کیمیاوی، لیست و نەخشەی ئەو گوندانەی خستەڕوو کە چەندان کیلۆمەتر لە سنوورەکانەوە دوربوون و رووخێنراون و خەڵکەکەی راگوێزراون.

هەر بەبڕیاری بیرۆی باکووری حزبی بەعس، سوپاو بەتایبەت جاشەکان بۆیان هەبووە موڵک و ماڵ و کەلوپەل و مەڕومالاتی ئەو گوندانە بۆ خۆیان تالان بکەن، لەسەر بنەمای سەر بۆ عەلی کیمیاوی و ماڵیش بۆ جاش و سوپا.

سوڵتان هاشم لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ د عەلی ئەلسەعدی، کە ساڵی ٢٠٢٢لە زیندانەوە لەگەڵیدا سازیداوە، وەک کتێب چاوپێکەوتنەکە بڵاوبووەتەوە لەژێر ناوی ‹سلطان هاشم ذاکره الحروب وأسرارها›، لەلاپەڕە ٣٢ و ٣٣ ی کتێبەکەدا باسی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات، لە وەڵامی پرسیارەکانیدا باسی شاڵاوەکانی ئەنفال دەکات و رەتی ناکاتەوە لەوەی کیمیایی بەکارهێنراوە، هەروەها پشتڕاستیشی ناکاتەوە. دەڵێ: من هیچ فەرمانێکم نەکردووە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، چونکە لەژێر فەرمانی مندا نەبووە، بەکارهێنانی لەژێر فەرمانی دەسەڵاتی باڵاتردا وبوە، لەگەڵ تەسنیع عەسکەری بەدیاریکراوی. سەبارەت بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نە دەتوانم بیسەلمێنم نە دەتوانم نەفی بکەم. باس لەوە دەکات هەڵەبجە لەژێر فەرمانی من و سنووری بەرپرسیارییەتی من نەبووە، بەڵکو لەژێر فەرمانی کامل ساجت عەزیز بووە، تەنیا بیستوومە چەکی کیمیایی لەو ناوچەیە بەکارهاتووە.

سەبارەت بەئەنفال، رۆژنامەنووسەکە پرسیاری لێ دەکات و دەڵێ ئەنفال چییە وا تۆ حوکمی لەسێدارەدانت لەسەری بۆ دەرکرا؟

لەوەڵامدا دەڵێ: چالاکییەکی سەربازی بووە لە ناوچەیەک کە خەڵکی مەدەنی لێ نەبووە! یان هیچ خەڵک و گوند و گروپێکی مەدەنی یا هاووڵاتی لێنەبووە، کە شەڕەکە روویداوە تەنیا پێشمەرگە لەو ناوچەیە بووە، کە هاوکاریی ئێرانیان کردووە، ناوچەکە لەڕووی سەربازییەوە بەناوچەی مردوو ناسراوە (منطقە الموت).

لەو چاوپێکەوتنەدا قسەیەکی سەرنجڕاکێش دەکات و دەڵێ: هەمیشە بۆچوونم وابووەو ئێستاش بەهەمان شێوە، کە سەرباز هەمیشە دەبێتە قوربانیی سیاسەت یان سیاسییەکان، ئەم قسەیە کاتی خۆی بکرایە مەترسییەکی گەورە بوو.

## سوڵتان هاشم و بەخشینی "نوط الشجاعە" بەنهێنی

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەدادگادا خرانە روو، بەگەڕانەوەش بۆ رووپەڕی رۆژنامەو راگەیاندنەکانی رژێمی بەعس لەساڵی هەشتاو هەشت، دەردەکەوێت فەیلەقی یەک کەسوڵتان هاشم فەرماندەی بووە، سەرەکیترین رۆڵی لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا هەبووە. هەر بەپەلاماردان و بەگرتن و راگواستن و سوتاندن و کیمیابارانکردنەوە.

خودی سوڵتان هاشم لەدوای عەلی کیمیایی زۆرترین فەرمانەکانی مجلسی قیادەی سەورەو سەرۆکایەتی ئەرکانی جەیش بەشێوەیەک کەبەدڵی ئەوان بێت جێبەجێ کردوە.

بۆیە نەک بەر لەتەواو بوونی قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال، بەڵکو لەناوەڕاستی قۆناغەکاندا؛ واتە لەئەنفالی سێ، بڕیاری پێدانی (نوط الشجاعە)ی لەلایەن سەرکردایەتی بەعسەوە بۆ دەدرێت. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی بەشێوەیەکی نهێنی تەکریم و خەڵات دەکرێت؟

وەکو لەو نوسراوەدا دەردەکەوێت کەلەمەکتەبی ئەمانەتی نهێنی هێزە چەکدارەکانەوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی نێردراوە لە ١٩٨٨/٤/٥ کەتیایدا فەرمانی پێدانی (نوط الشجاعە) دەدرێتە سوڵتان هاشم وەک خەڵات، لەپای ئەنجامدانی ئەرکەکانی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی شاڵاوی ئەنفال؛ بەو پەڕی سەرکەوتووییەوە.

ئەم بەڵگەنامەیە لەسی و سێیەمین دانیشتنی دادگادا خرایە روو. هەر لەودانیشتنەدا سوڵتان هاشم نکۆڵی لەراستی و دروستی ئەو بەڵگەنامەیە نەکرد. لەو بارەیەوە وڵامی دادگای دایەوەو

وتی: من شانازی دەکەم خەڵات کراوم، راستیشە بەو شێوەیە تەکریم کراوم.. لەسەرەتادا دەبینین بەنەهێنی و دوور لەچاوی کامیراو راگەیاندنەکان خەڵاتی بەشداربووانی شاڵاوەکانی ئەنفال کراوە. بەڵام دواترو پاش کۆتایی هاتنی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال بەهۆی بێدەنگی دونیاو رێکخراوەکانی مرۆڤدۆست و دەوڵەتان؛ بەلێشاو ئەفسەران و پلەدارانی سوپاو سەربازو موستەشارو سەرۆک جاشەکان لەدیوانی سەرۆکایەتی کۆمار ریزدەکران و؛ بەدەستی سەدام حسین خۆی خەڵاتی (شەرەف) دەکران.

سوڵتان هاشم بەپێی دۆکیۆمێنتەکان سەرکردایەتی شاڵاوەکانی قۆناغی ئەنفالی یەک و ئەنفالی سێ و ئەنفالی چوارو ئەنفالی هەشتی کردوەو، خودی خۆی راستەوخۆ بەشداری شاڵاوەکانی کردوە.

## سوڵتان هاشم هاشم کێیە؟

سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد تائی، لەدایکبوی موسڵ ١٩٤٥، ماوەیەک وەزیری بەرگری بوە، ساڵی ١٩٩٤ پارێزگاری موسڵ بوە. لەماوەی سەربازیدا ئامری فەیلەقی چوارو فەیلەقی یەک و فەیلەقی پێنج بوە.

لە ٢٠٠٧/٧/٢٣ دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکرد بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاوانی کۆمەڵکوژی

و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا. ساڵی ٢٠١٨ بەهەوڵی سونەکانی عیراق خەریکبوو لە ڕێگەی سەرۆکی پەرلەمانی عیراق سەلیم جبوریەوە لێبوردنی گشتی بۆ دەربکرێت، بەڵام لە عیراق و کوردستان هەڵمەتێکی لە دژ کراو لێبوردنەکە دەرنەکرا. لە ساڵی ٢٠٢٠ لە گرتوخانەی مەرکەزی شاری ناسریە جەڵتەی دڵ لێی دەدات و لە ڕێگای گەیاندنی بەنەخۆشخانە کۆچی دوایی کردوە. لە گۆڕستانی وادی عکاب لە موسڵ بەخاک سپێردراوە.

## هەوڵی ئازادکردنی سوڵتان هاشم

لەدوای سزادانی تاوانبارانی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکان لە عێراق، چەند هەوڵێک هاتنە ئاراوە بۆ جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا بەسەر تاوانباراندا.

یەکێک لەوانە سوڵتان هاشم بوو، ئەم کابرایە لەناو عەشیرەتەکانی سونەو کارەکتەرە سیاسیەکانی سونە تەقالای بۆ دەدرا نەک سزاکەی بەسەردا جێبەجێ نەبێت. بەڵکو لەپەرلەمانی عێراقەوە لێبوردنی گشتی بۆ دەربکرێت یان لێبوردنی گشتی بیگرێتەوە.

سەرۆکی پەرلەمان سەلیم جبوری بەم ئەرکە راسپێردرابوو. دوای ئەوەی زانرا هەوڵێکی لەو جۆرە هاتۆتە ئاراوە. لەچەند لایەکەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی دژ بەو نیازە لەلایەن رێکخراوەکانی داکۆکی لەمافی قوربانیانی جینۆسایدو نوسەرانی بواری جینۆسایدو کەسوکاری قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال کرا. لەگەرمیان و لە مۆنۆمێنتی دیبنە بەشدار بوم لە کۆبۆبونەوەیەک و تێیدا یاداشتی نارەزایی بۆ رای گشتی لە رێگەی میدیاکانەوە خوێنرایەوە.

دواتر دەقی یاداشتەکەم کردە نوسراوی فەرمی لەپەرلەمانی کوردستان و ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانم کرد. ئەمەش دەقی یاداشت و نوسراوەکەیە:-

## بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
## بابەت/ هەوڵی ئازادکردنی تاوانبار سوڵتان هاشم

دەنگۆی ئازادکردنی سوڵتان هاشم لە ناوەندە جیاجیاکانی میدیای عێراق و کوردستاندا نیگەرانی رای گشتی کوردستانی و کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید بەتاتبەتی لێ کەوتۆتەوە.رۆژی ٢٠٦/١١/٤ لەگەرمیان و هەڵەبجە گردبوونەوە رێکخرا بۆ دەربڕینی ئەو نیگەرانیانەو ئاگادارکردنەوەی ناوەندە فەرمیەکانی عێراق و کوردستان لەمەترسیەکانی راست دەرچوونی ئەو دەنگۆیانە. سوڵتان هاشم لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لە دانیشتنی ژمارە ( ٦١) لە ٢٠٠٧/٦/٤ بڕیاری لەسەر دراوە بە سزای لەسێدارەدان.

لەم دادگایە چەندین سزای بۆ دەرچووە لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی لە ئەنفال و تاوانەکانی تر دەرهەق بەگەلی کوردستان و خەڵکی عێراق ئەنجامی داوە، لەوانە:

١- چوار سزای لەسێدارەدان

٢- دوو سزای بەندکردنی هەتاهەتایی.

٣- یەک سزای (١٥) ساڵ زیندانیکردن.

٤-دوو سزای (٧) ساڵ زیندانی کردن.

هەر هەوڵێک لەژێر ناوی ( المصالحة الوطنية ) بۆ ئازادکردنی ئەم تاوانبارر دژی بڕیاری دادگاو سەروەری یاسا ناوخۆیی و یاساو پێوەرە نێودەوڵەتیەکانە. سوڵتان هاشم کە یەکێکە لە (٥٦)داواکراوە سەرەکیەکەی بەردەم دادگاو لەشاڵاوەکانی ئەنفالدافەرماندەی

فەیلەقی یەک بووە. تا رۆژی رووخانی رژێمیبەعس وەزیری بەرری بووە.لەبەردەم دادگی باڵای تاوانەکاندا خۆی ئیعترافی مەترسیداری کردوەو دەڵێ: (بەڵێ من نەک تەنیا بەشدارت شاڵاوەکانی ئەنفالم کردوە، بەڵکو سەرکردایەتی چەند قۆناغێکی ئەنفالیشم کردوە.من بڕیاری سەرکردایەتی و سەرووی خۆم جێبەجێکردوە.ئێستاش ئەو رۆژگارە بێتەوەو فەرمانم پێ بدرێ دووبارە سەرکردایەتی و بەشدای ئەنفال دەکەمەوە).هەر هەوڵێک

بۆ ئازادکردنی ئەو تاوانبارە بەبەشێک لەگەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ ناو پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەزانین.

لە رێگەی ئەم نوسراوە داوا لەپەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، بەرچاو روون بێت لەم مەسەلەیەو لایەنەکان و دەزگا فەرمیەکانی عێراق لەم مەترسیەو ئاسەوارەکانی ئاگادار بکاتەوە. لەبنەڕەتدا هەوڵێکی لەم جۆرە دژی ئاشتەوایی نیشتمانیەو خزمەت بەسەروەری یاساو پێکەوەژیانی ئاشتیانەی گەلانی عێراق ناکات.

بەپێویستی دەزانم داخوازی ئەم رێکخراوابەی تایبەت بە جینۆسایدو ئەنفال ئاماژە پ بدەم کە سەبارەت بەم مەسەلەیە بانگەوازیان راگەیاندوە:-

١- کۆمەڵەی داکۆکیکرشن لەمافی قوربانیانی ئەنفالکراوانی گەرمیان.

٢-کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە.

٣-رێکخراوی چاودێری کوردۆساید ( چاک).

٤- تۆڕی ئایکان- کوردستان ٥٣ ڕێکخراو.

٥- ڕێکخراوی ١٤/٤

٦- ڕێکخراوی ڤەژین بۆ کەسوکاری قوربانیانی جینۆسایدی بارزان.

٧- تۆڕی هاوپەیمانی ڕێکخراوە کوردستانیەکان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (٢٤٠) ڕێکخراو.

٨- ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید.

٩- ستافی گۆڤاری ئەنفالستان.

١٠- ستافی گۆڤاری جینۆساید.

دەزگای لێکۆڵینەوەی جینۆسایدو ئەنفال.

لەگەڵ ڕێزدا

سالار مەحمود

سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

لەپەرلەمانی کوردستان

٢٠١٥/١١/٨

## سەرباز وەک قوربانی سیاسیەکان

سوڵتان هاشم لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ د عەلی ئەلسەعدی کە لە زیندانەوە لەگەڵیدا سازی داوە لە ساڵی ٢٠٢٢ وەک کتێب چاوپێکەوتنەکە بڵاوبۆتەوە لە ژێرناوی ‹سلطان هاشم ذاكرة الحروب وأسرارها›

لەلاپەڕە ٣٢ و ٣٣ ی کتێبەکەدا باسی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات. لە وڵامی پرسیارەکانیدا، باسی شاڵاوەکانی ئەنفال دەکات و رەتی ناکاتەوە لەوەی کیمیایی بەکارهێنراوە. هەروەها پشتڕاستی ناکاتەوە. ئەڵێ من هیچ فەرمانێکم نەکردوە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. چونکە لە ژێر فەرمانی مندا نەبوە بەکارهێنانی لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتی باڵاتردا بوە، لەگەڵ تەسنیع عەسکەری بەدیاریکراوی. سەبارەت بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نە ئەتوانم بیسەلمێنم نە ئەتوانم نەفی بکەم. باس لەوە دەکات هەڵەبجە لە ژێر فەرمانی من و سنوری بەرپرسیارێتی من نەبوە بەڵکو لە ژێر فەرمانی کامل ساجت عزیز بووە. تەنیا بیستومە چەکی کیمیایی لەو ناوچەیە بەکارهاتووە.

سەبارەت بەئەنفال رۆژنامەنووسەکە پرسیاری لێ دەکات و ئەڵێ ئەنفال چیە وا تۆ لەسەری حوکمی لەسێدارەدانت لەسەری بۆ دەرکرا؟

ئەڵێ چالاکیەکی سەربازی بوە لە ناوچەیەک کە خەڵکی مەدەنی لێ نەبووە! یا هیچ خەڵک و گوند و گروپێکی مەدەنی یا هاوڵاتی لێ نەبوە. کە شەڕەکە روویداوە تەنیا پێشمەرگە لەناوچەیە بووە. کە هاوکاری ئێرانیان کردوە. ناوچەکە لە رووی سەربازیەوە بەناوچەی مردوو ناسراوە منطقة (موت).

لەو چاوپێکەوتنەدا قسەیەکی سەرنج راکێش دەکات و دەڵێ: هەمیشە بۆچوونم وابوەو ئێستاش بەهەمان شێوە، کە سەرباز هەمیشە دەبێتە قوربانی سیاسەت یان سیاسیەکان. ئەم قسەیە کاتی خۆی بکرایە مەترسیەکی گەورە بوو.

## لەدوای خۆی تیمەکەی سەدام بەرگرییان لەکێ دەکرد؟

تا ئەو کاتەی سەدام لەناو قەفەزی دادگادا لەگەڵ هاوڕێکانیدا بوو، خۆی بەرپرسیارییەتی هەموو کردەوەکانی لەئەستۆ دەگرت، زۆر جار سەدام بەرگری لە هاوڕێکانی دەکرد، هەر تۆمەتێک رووبەڕووی ئەوانی دیکە بکرایەتەوە، ئەم لەبەرژەوەندی هاوڕێکانی دەستێوەردانی دەکرد و ئۆباڵەکەی دەخستە ئەستۆی خۆی.

دوای ئەوەی سەدام لەسەر دۆسیەی دوجێل بڕیاری لەسێدارەدانەکەی بەسەردا جێبەجێکرا، ئیدی لە١/٧/ ٢٠٠ ەوە ئاراستەی بەرگریکردن و وتەی هاوڕێکانی سەدام گۆڕا، هەر یەکەیان دەیویست ئەستۆپاکی خۆی و دەزگاکەی کە لێی بەرپرس بووە، بسەلمێنێت.

سابر دووری سەرۆکی هەواڵگریی سەربازی، لە دانیشتنی ژمارە ٣٩ دا گوتی: بەپێی چەند نووسراوێک کە دادگاش خستیەڕوو، دەردەکەوێت هەر کارێک هەواڵگریی سەربازی کردوویەتی، لەسەر داوای وەزارەتی بەرگری و سەرۆکایەتی کۆمار بووە.

لە بەڵگەنامەیەکدا هاتووە، وەزیری بەرگری داوای لەهێزی ئاسمانی کردووە بە فڕۆکە هەستن بەلێدانی گوندەکان، هەروەها داوا لە هەواڵگریی سەربازی کراوە زانیاری لەسەر ئەو شوێنانە پێشکەش بکات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کاری ئێمە تەنیا ناردنی

زانیاری بووە، ئەویش لەسەر داوای بەرپرسە باڵاکان و سەرووی خۆمان.

سوڵتان هاشم خۆی بێبەری دەکات لە گرتنی خەڵکی مەدەنی

لەهەمان دانیشتندا کە سابر دووری پاکانەی بۆ خۆی و دەزگاکەی دەکرد، بەهەمان شێوە سوڵتان هاشم باسی لەوەکرد، ئیدارەی ناوخۆیی پارێزگاکان و مەرکەزەکان لەساڵی ١٩٨٧ پرۆسەی گەمارۆدانی گوندەکانیان دەستپێکردووە، ئینجا گرتن و راگواستنیان ئەنجامداوە، ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ روویداوە و سوپا بەشداری تێدا کردووە، بەڵام پرۆسەی گرتن و راگواستنی خەڵکی سڤیل، سەرباز و سوپا نەیکردووە. سوپا هیچ پەیوەندی بە گرتنی خەڵکی بێتاوانەوە نەبووە.

هەروەها گوتی: فەیلەقەکان پەیوەست بوون بە بڕیاری وەزارەتی بەرگرییەوە، لەبەر ئەوە لە ئەنفالدا وەزارەتی بەرگری فەرمانی پێکردووین و ئێمەش وەک سەرباز پابەندبووین بەبڕیاری سەرووی خۆمانەوە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا.

لەهەمان دانیشتنی دادگادا بە ریتمێکی جیاوازتر لە دانیشتنەکانی پێشووی دادگا، تاوانباران هەموو هەوڵیان بەرگری بوو لەخودی خۆیان.

فەرحان جبوری سەبارەت بە پرۆسەی راگواستنی گوندەکان، قسەی کردو گوتی: مەنزومەکان هیچ پەیوەندیان بەم کارەوە نییە و لەلایەن لیژنە ئەمنییەکانەوە ئەنجامدراوە.

هەرچەندە داواکاری گشتی قسەی پێبڕی و روونیکردەوە کە لە بەڵگەنامەکاندا ناوی دەزگاکەی هاتووەو ئەوانیش بەشێک بوونە

لەو پرۆسەیە، جارێکی دیکەو بەڵام ئەمجارە جیاوازتر و روونتر، فەرحان جبوری قسەی کرد و گوتی: من بەرگری لە خۆم دەکەم نەک دەزگاکەو مەنزومەکە، داوا لە هەر کوردێک دەکەم ئەگەر لەکاتی ئەنفالدا رێی کەوتبێتە مەنزومەکە، بێت شایەتی بدات ئەوا من بەرپرسم لەو کارانە.

لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە، کە بە مەرسوومی کۆماری (نوط الشجاعه) دراوە بەهەموو ئەوانەی بەشدارییان لە پرۆسەی ئەنفالدا کردووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کەسێک لەمەنزومە کاریان کردووە پێیان نەدراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەنزوومە هیچ پەیوەندی بەئەنفالەوە نەبووە. فەرحان جبوری وتیشی: کاتێک تۆمەت دەدرێتە پاڵم کە بڕیاری لەسێدارەدانی خەڵکم جێبەجێکردووە، ئەمە لە کەسایەتیم کەمدەکاتەوەو کاریگەری بۆسەر پێگەی کۆمەڵایەتیم دەبێت، چونکە من خاوەنی خێزان و عەشیرەتم.

مەبەستم لەو ئیفادانەی تاوانباران لە دوای نەمانی سەدام حسێن، بۆ ئەوەیە کە ئاڕاستەی گفتوگۆکان لەدادگای ئەنفال گۆڕانکاریی بەسەردا هات، لەوەش گرنگتر هەموو پاساوو بیانووەکانی خۆدزینەوە لە تاوانی ئەنفال و شاردنەوەی راستییەکان بۆ تاوانباران، تا دەهات کەمتر دەبووەوە. بەڵگەنامەکان هەموو بەرپرسیارییەتی لایەنەکانی بەشداری ناو شاڵاوەکانی ئەنفال-ی وەکو چۆن هەبووە روونەدەکردەوە.

## دۆسیەی ئەنفال بەبێ ئامادەبوونی سەدام

دوای ئەوەی رۆژی ٢٠٠٦/٢/٣٠ لەبەرەبەیانی جەژندا، سەدام حسێن لەسێدارە درا، لەکاتێکی نەگونجاودا، دیمەنی پیشاندانی بەو جۆرە بەهوتافی مەزهەبییەوە نادروست بوو، سەدام لەسەر تاوانی دوجێل کە ١٤٨ کەس لە ساڵی ١٩٨٢ کوژرابوون، حوکمەکەی لەسەر جێبەجێکرا.

رۆژی ٢٠٠٧/١/٨ دانیشتنی ٣٤ هەمینی دادگا لەسەر دۆسیەی ئەنفال بەڕێوەچوو، کورسییەکەی سەدام چۆڵ بوو، یاوەرەکانی زۆر خەمبارو خامۆش بوون.

دادوەر محەمەد عورێبی بەیاننامەیەکی دادگای خوێندەوە، کە تایبەت بوو بەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی سەدام حسێن کراوە لەسەر دۆسیەی ئەنفال، رایگەیاند: ئەو بابەتە کۆتایی هاتووە، بەو پێیەی تاوانبار سزای رەوای خۆی وەرگرت و، کۆتایی بە ژیانی هێنا. ئەم بەیاننامەیە دەرخەری ئەوەبوو کە لەسێدارە دانی سەدام حسێن، پێش کۆتایی هاتنی دۆسیەی ئەنفال، لێدان و کەمبایەخکردنی سەنگی دۆسیەکە بوو، دەبوو سەدام بمابایە تا دۆسیەی ئەنفالیش تەواو دەبوو، لەبەر ئەوەی زیاتر لەنیوەی دانیشتنەکان سەدام ئامادەیی هەبوو، هێشتا بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسییەکە، مانەوەو ئامادەبوونی سەدام پێویست بوو، بەڵام دەستەبژێری شیعەی حوکمڕان، پەلەیان بوو بە کۆتایی هێنان بە ژیانی سەدام حسێن.

لەو دانیشتنەدا کە دانیشتنی ژمارە ٣٤ بوو، عەلی حەسەن مەجید وتی: ئیتر من لەمەودوا بێدەنگ دەبم و هیچ قسەیەک ناکەم، تا ئەوکاتەی حوکمەکەم دەردەچێت. بیانووی ئەوە بوو کە دادگاکە دەستی سیاسی تێدایە.

سزادانی سەدام لەبەرەبەیانی جەژندا، سۆزی شۆڤێنییە عەرەبەکانی خەڵکی چەند وڵاتێکی بەلای تاوانباردا راکێشا، بەتایبەتی بەو میکانیزمەی کە لەتەلەفزیۆنەوە پیشاندراو دروشمی مەزهەبی لەکاتی جێبەجێکردنی سزاکەیدا دەوترایەوە، خودی سەدام وەک لە شاشەوە بینرا نەیهێشت پەڕۆ بکرێتە سەرو دەموچاوییەوەو بە ئاسایی چووە بەردەم پەتی سێدارە.

## سزای لەسێدارەدانی سەدام چۆن دەرکرا؟

لە دوایین دانیشتنی دادگادا لەسەر دۆسیەی دوجێل، بڕیاری مێژوویی درا، دادوەر ڕەئوف ڕەشید عەبدولرەحمان لە ٤١ هەمین دانیشتنی دادگادا، حوکمی لەسێدارەدانی سەدام حسێن و بەرزان تکریتی و عەواد بەندەر-ی دەرکرد.

دۆسیەی دوجێل لە ٢٠٠٥/١٠/١٩ دەستی پێکرد و ٤١ دانیشتنی ئاشکرای دادگا بۆ ئەو کەیسە بەڕێوەچوو، ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٦/١١/٥ دوا دانیشتن کرا و بڕیاردرا، لەم دۆسیەدا چەندان شاهیدو سکاڵاکار ئامادە بوون.

لەدۆسیەی دوجێل ١٤٨ هاوڵاتی سڤیل دەستگیرکراون و لەلایەن دادگای بەعسەوە حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و جێبەجێکراوە، تاوانەکە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناسێنرا، حوکمی سەدام بەپێی مادەی ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عیراقی و یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، درا.

مام جەلال ئەو ڕۆژە لە فەرەنسا بوو، ئاژانسی ئەسۆشێتدپرێس پرسیاری حوکمی ئیعدامەکەی سەدامی لێکرد، ئەویش بە یاساییانە وەڵامی دایەوە، کە ڕێز لە سەربەخۆیی دادگا دەگرێت و ئەو بڕیارە قۆناغی یەکەمی دادگایی کردنەکە بوو، قۆناغی تریش ماوە. هەروەها وتی: لێدوانی من بەباش و خراپ کاریگەری لەسەر بڕیاری دادگا و

دادوەر دروست دەکات، بەپێی دەستووریش ڕێگەم نەدراوە لێدوان بدەم لەسەر ئەو بڕیارانەی لەلایەن دادگاوە دەدرێن.

لەکاتی تەواوبوونی سەفەرەکەی فەرەنسای مام جەلال، بۆ میدیاکان قسەی کردو وتی: سەدام شایستەی سزای لەو جۆرەیە و ناپاکی نیشتمانیی کردووە و ماڵوێرانیی زۆری بەسەر عیراقییەکاندا هێناوە، بەڵام هەر پابەندم بە ئیمزای خۆمەوە لەسەر لەسێدارەدان.

بەڵام مام جەلال لەدەستپێکی دانیشتنەکانی دۆسیەی ئەنفالدا وتی: ئەگەر دادگا داوام لێ بکات وەک شاهیدحاڵ لەسەر ئەنفال، ئامادە دەبم.

نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی عیراق، وەک کاردانەوەیەک ڕایگەیاند: سەدام وەک هیتلەر و مۆسۆلینی، چووە ناو مێژووەوە.

وتی: ڕازی نابین سەدام لەسەر هیچ تایەفەیەک پۆلێن بکرێت، چونکە تاوانەکانی هەموو پێکهاتەکانی عیراقی گرتەوەو کەسی نەبوارد.

حاکم ڕەئوف پێش خوێندنەوەی بڕیاری دادگا، سەدامی ناچارکرد بەپێوە بووەستێ، کە بڕیاری دادگای خوێندەوە، سەدام بەدەنگی بەرز دەستیکرد بە هوتاف کێشان، بەڵام دادوەرەکە هەر بەردەوام بوو لەسەر تەواوی ماددەکانی بڕیارەکە.

بەپێی جۆری دروشمەکانی، دیاربوو سەدام بڕیارەکەی بەلاوە چاوەڕواننەکراو بوو.

بڕیارەکەی دادگا سەرەتای قۆناغێکی تر دەبێ لە عیراق و کاریگەری دادەنێت لەسەر رەوشی ئاسایش و سیاسییش، لەدۆخێکدا بڕیاری سزای لە سێدارەدان دەرچوو، هێشتا دۆخی عیراق لەڕووی ئەمنی و سیاسییەوە ناسەقامگیر و شڵەژاو بوو، بەعسییەکان لەژێر ناوی مقاوەمە هەموو رۆژێ چالاکییان دژی حکومەتی نوێ و ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانی ئەنجامدەدا.

بەم بڕیارە زۆرتر هیوابڕاو بوون بە هاتنە دەرەوە، یان هێنانەدەرەوەی سەدام و رزگارکردنی.

دووەم ئاماژەی قۆناغێکی نوێی حوکمڕانی بوو، تەنها عیراقییەکان لە جەبەرووت و ملهوڕیی سەدام تێدەگەیشتن، کە دادگا و یاسا هەر خۆی بوو قسەکانی دەبوون بە بڕیار و دەستوور و لەمسەری عیراقەوە بۆ ئەوسەری، کاری پێدەکرا.

بینینی سەدام لەناو قەفەسی تاوانداو، خوێندنەوەی سزای کۆتایی هێنان بە ژیانی، گورزێکی کەمەرشکێن بوو لە نەزعەی دیکتاتۆرییەت لە عیراق و بەرەو چەسپاندنی حوکمی یاسا لە عیراقی نوێ بەسەر هەموو کەسێکدا.

سەدام لە کاتێکدا سزای بۆ دەرکرا، خودی ئەو زۆنەی دادگاکەی لێبوو نائارام بوو، رۆژانە هاوەنباران دەکرا، ئەمریکاییەکان سەرپەرشتی هاتوچۆو ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەیان دەکرد.

## سەدام حسێن
## ئەو تاوانبارەی لە ترسا لەسێدارە درا

لەبەرەبەیانی جەژندا، گەورە «دیکتاتۆری نێودەوڵەتی سەدام» لەسێدارە درا، دیکتاتۆری نێودەوڵەتی بەو مانایەی چەندین تاوانی نێودەوڵەتی لەسەردەمی حوکمڕانییەکەیدا ئەنجامدراوە، رووداوی سزاکەی لەسیاقی خۆیدا گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵێ سەدام شایستەی سزادان بوو، بەڵام لە کاتێکی نەگونجاوی یاسایی و عورفیدا جێبەجێ کرا. پیشاندانی دیمەنی ژووری هەڵواسینەکە، بەهوتافی مەزهەبییەوە لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٠٠٦/٢/٣٠ نەشیاو بوو. تاوانی دوجێل لە ساڵی ١٩٨٢ کە لەئەنجامی هەوڵی تیرۆری سەدام حسێن بوو، ١٤٨ کەسی تێدا گولەباران کران و لەسێدارەدران، لەسەر ئەو تاوانە حوکمەکەی لەسەر جێبەجێکرا.

لەرۆژی ٢٠٠٧/١/٨ دوای نۆ رۆژ لە لەسێدارەدانی سەدام، دانیشتنی ٣٤ هەمینی دادگا لەسەر دۆسیەی ئەنفال بەڕێوەچوو، کورسییەکەی سەدام چۆڵ بوو، یاوەرەکانی زۆر خەمبارو خامۆش خۆیان پیشان دەدا، راستییەکەشی ئەوەبوو سەدام لەناو قەفەسی دادگاشدا هاوەڵەکانی بەسەرۆک و گەورەی خۆیانیان دەزانی.

دادوەر محەمەد عورێبی بەیاننامەیەکی دادگای خوێندەوە، کە تایبەت بوو بەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەدام حسێن کراوە لەسەر

دۆسیەی ئەنفال، رایگەیاند: ئەو بابەتە کۆتایی هاتووە، بەو پێیەی تاوانبار سزای رەوای خۆی وەرگرت و، کۆتایی بە ژیانی هێنرا. ئەم بەیاننامەیە دەرخەری ئەوەبوو کە ئیعدامکردنی سەدام حسێن، پێش کۆتایی هاتنی دۆسیەی ئەنفال و زۆر پرسی قوڵتر کەم بایەخکردنی سەنگی دۆسیەی ئەنفال و کیمیاباران و مەلەفەکانی دیکەیش بوو، دەبوو بەلای کەمەوە سەدام بمابایە تاوەکو دۆسیەی ئەنفال و دۆسییەکانی دیکەیش تەواو دەبوون، چونکە سەدام لە نیوەی دانیشتنەکانی دادگای ئەنفالیش ئامادەیی هەبوو، هێشتا بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسییەکە مانەوەو ئامادەبوونی پێویست بوو، بەڵام دەستەبژێری شیعەی حوکمڕان، پەلەیان بوو بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی سەدام حسێن.

لەو دانیشتنەدا کە دانیشتنی ژمارە ٣٤ بوو، عەلی حەسەن مەجید وتی: ئیتر من لەمەودوا بێدەنگ دەبم و هیچ قسەیەک ناکەم، تا ئەو کاتەی حوکمەکەم دەردەچێت. بیانووی ئەوە بوو کە دادگاکە دەستی سیاسی تێدایە.

لەسێدارەدانی سەدام حسێن لەبەرەبەیانی جەژندا، سۆزی شۆڤێنییە عەرەبەکان و خەڵکی چەند وڵاتێکی عەرەبی بەلای تاوانباردا راکێشا، بەتایبەتی بەو میکانیزمەی کە لەتەلەفزیۆنەوە پیشاندراو دروشمی مەزهەبی لەکاتی جێبەجێکردنی سزاکەیدا دەگوترایەو، خودی سەدام وەک لە شاشەوە بینرا نەیهێشت پەڕۆ بکرێتە سەرو دەموچاوییەوەو چووە بەردەم پەتی سێدارە.

سەدام خوێنڕێژێکی دەگمەن بوو، ئەو سزایە لەڕووی ویژدانی و یاساییەوە شایستەی بوو، چونکە عیراقی لەماوەی ٣٥ساڵدا

کردبووە شەڕگەی گەورە، بەسەدان هەزار مرۆڤی بەبێ حوکمی دادگا گوللەباران کرد، هەزارانی زیندە بەچاڵ و بێگۆڕ و بێناونیشان کرد، هەزارانی لەسێدارەدا، ترس و تۆقاندنی لەهەموو بستێکی وڵاتەکەدا چاندبوو، بەڵام لەبەردەم ئەمریکاییەکاندا زەلیل و لاواز دەرکەوت.

سەدام تا دواساتەکانی ژیانی، بڕوای نەبوو سزای لەسێدارەدانەکەی جێبەجێ دەکرێت، چەندین جار لەناو دادگاوە باسی بێمنەتیی خۆی لە جێبەجێکردنی سزاکەی کرد، کاتێک چووە بەردەم پەتی سێدارەش زمانی لە گۆکردن نەکەوت، ئەمەش بەپێی هەندێ خوێندنەوەی دەروونی کەمترین ترسی لەو جۆرە مردنە بوو.

سەدام تاوانی زۆر گەورەی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجامدا، بەڵام لەسەر دۆسیەیەکی بچووکتر لەتاوانە هەرە دەگمەنەکان لەسێدارە درا.

لەناوبردنی سەدام بە سیاسی کرا، چونکە هەموو بڕیارێکی لەسێدارەدان پێش جێبەجێکردنی، پێویستە ماوەی تەمیزییەکەی کە ٣٠ رۆژە، تەواو بکات، حکومەتی شیعە نەیهێشت دە رۆژ بەسەر ئەو ماوە یاساییەدا بڕوات، حوکمەکەیان جێبەجێکرد.

بەشێک لە سیاسییەکانی عیراق بڕوای تەواویان بە گۆڕانکارییەکانی پرۆسەی ئازادیی عیراق نەبوو، متمانەیان بە ئەمریکاییەکانیش نەبوو، بەعسییەکانیش رۆژانە کردەوەی تیرۆریستی و خۆکوژییان لەناو بەغداو دەوروبەری ئەنجامدەدا، جار جارە مەحکەمەکەشیان هاوەنباران دەکرد.

شیعەکان بەتایبەتی ترسی هەڵگەڕانەوەی مێژی بارودۆخەکەیان هەبوو، بۆیە پەلەیان بوو بۆ لەناوبردنی سەدام.

ئێستاش رام وایە دەبوو سەدام حسێن لە دادگایەکی نێودەوڵەتی دادگایی بکرایە، بۆ ئەوەی دۆسیەی تاوانەکان بەنێودەوڵەتی ببونایە، گەرچی سزای دادگای نێودەوڵەتی لەسێدارەدانی تێدا نەبوو، بەڵام گرەنتی چارەنووسی بۆ کورد و ئایندەی کوردستان لەئاستی نێودەوڵەتی مسۆگەر دەکرد.

پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەوە نەکرا؟ بۆ هەوڵی جدی هەست پێنەکرا، سەدام لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێت، پرسیارێکە هەوڵدەدەم لە کتێبی «دۆسیەی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکانی عیراق»دا کە لە ئایندەدا بڵاودەبێتەوە، وڵامی بۆ بدۆزمەوە.

## ڕەنگدانەوەی سیاسی بەدۆسیەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە

گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوەکان بونە بەڵگەو کارتێکی بەهێزتر، لەپاڵ ئەو هەموو بەڵگەی تاوانانەی لەدۆسیەی ئەنفالدا تاوانبارانی ئەنفالیان پێ ڕووبەڕوو کرانەوە. وەکو چۆن لەدەستپێکی دادگاییەکەدا ئاماژەدان بەگۆڕەکەی (حەزەر)ی لای موسڵ و؛ ئەوانەی موسەنای باشوری عیراقیش، بەشێکبوون لەخاڵە بەهێزەکانی ئەو پەڕاوە سەرەتایەی داواکاری گشتی لەبەردەم دادگادا پێشکەشی کرد. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی نیشاندانی دۆسیەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئەو پشکنینانە بوو، کەشارەزایانی نێودەوڵەتی لەبواری ناسینەوەی ئێسک و پروسک و مێژووی لەناوبردنی قوربانیەکانی ئەو گۆڕانە بوو هەڵیاندابوەوە. قوربانیەکانی ناو گۆڕەکان دوای پشکنین ناسراوەنەتەوە کەکوردن و لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا تیاچوون. ئەو تیمەی سەرپەرشتی هەڵدانەوەو دەرهێنانی ئێسک و پروسکی قوربانیان دەکرد بەخۆیان و بەڵگەکانیانەوە چوونە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەو لەبەردەم دادگادا وتەیان لێ وەرگیرا. بەبەشداری کردنی تیمی بیانی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەدەر لە هێزی یاسایی دۆسیەکە بەڵگەیەکی جیهانی زانستی بیانوو بڕبوو.

لە دوای ڕوخانی ڕژێم و دیارنەبوونی ونبوانی ئەنفال لە گرتوخانەکاندا، بوونی دەنگوباسی بەکۆمەڵکوشتن و

زیندەبەچاڵکردنیان ئەو نوزە هیوایەی لای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بوو بۆ گەڕانەوەیان بە زیندوویی ئیتر نەماو بەتەواوی هیوابڕاو بوون.

بەڵام تا دەستپێکردنی پرۆسەی دادگاییکردنەکەش هەر هەبوون بەو هیوایەوە دەژیان چارەنوسێکی تر ببیستن. بەڵام لەناو پرۆسەی دادگایی کردنی تاوانبارانداو خستنە رووی بەڵگەکانی زیندەبەچاڵکردنی قوربانیانی ئەنفال، ئەوەش نەما.

ئەوەی دەمێنێتەوە باس بکرێ و بەردەوامی شایانی باسکرشن بێت ئەوەیە، کەسوکاری ئەنفالەکان لەدوای دەستپێکردنی داداگاکردنی بەشێک لەتاوانبارانی ئەنفال، تا ئێستا چاوەڕوانیەکەیان گۆڕاوە بۆ فۆرمێکی تر. چاوەڕوانی هێنانەوەی ئێسک و پروسکی ئازیزە لەدەست چووەکانیان، بەتایبەتیش پاش ئەوەی ئەوان و هەمووولایەکیش تێگەیشتن، کەتەنیا کەسێک لەو سەدان هەزار کەسە بەزیندوویی لەسەر ئەرزدا نەماون و زیندە بەچاڵ کران.

سەرباری ئەو راستیە تاڵ و جەرگبڕانە، جگە لەسزادانی تاوانباران بەهیوای شادبوونەوەن بەجل و ئێسک و پروسکەکان، تاوەکو چیتر گۆڕ غەریب نەبن و لەئامێزی نیشتمانی دایکدا بەڕێوڕەسم و بەدیار کەسوکارەکانیانەوە بەخاک بسپێردرێن. ئەوەی تێبینی دەکرێ هیچ لایەنێک بەتاسەو جدیەتەوە لەدووی میکانیزمێکی عەمەلی و گونجاودا ناگەڕێن، بۆ رەواندنەوەی ئەو خەمەی کەسوکاری ئەنفالەکان. لەپاڵ ئەو کۆستە نیشتمانیە گەورەدا ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. ئەمە جگە لەوەی تاکاتی نووسینی

ئەم بابەتەش، رۆژانە لێرەو لەوێ لەهەواڵی رۆژنامەو کەناڵەکانی تری راگەیاندنەوە دەبیستین و دەبینین لەنزیک فلان شارۆچکەی باشوری عیراق و لەفیسار سەحرای عەرەبستاندا گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوە. زۆرینەی ئەو گۆڕانەش بەجلوبەرگی کوردی بەکفن بوویاندا دەناسرێنەوە کەلە کوردە ئەنفالکراوەکانن.

دووبارەو چەند بارەبوونەوەی لەم جۆرە هەواڵانە لەشوێن و بەشێوازی جیاجیا، نەجوڵان و نەبزوانی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بۆ بەپیرەوە چوون و دانانی رێوشوێنی پێویست بۆ هێنانەوەیان وای لەخەڵک و کەسوکاری ئەنفالەکان کردووە زۆر نیگەران بن لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

لەسەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ رێکخراوی تایبەت بەهێنانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەلایەن وەزارەتی ئاوارەو ئەنفالەوە دامەزرا. دواتریش وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دروستکرا.

بەڵام ئەوەندەی سەرقاڵ بوون بە پێدانی مووچەو زەوی بەکەسوکاری قوربانیان ئەوەندە بابەتی گۆڕی بەکۆمەڵ نەبوە ئەجندایەکی ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە(١٨٢) هەزار مرۆڤی گۆڕ غەریبی ئەنفالکراو تا ئێستا چەن قوربانی هێنراوەتەوە ژمارەکە ئەوەندە کەمە مرۆ لە شوێنی خۆیەوە شەرم دەیگرێ و ئارەقی شەرم دەردەدات.

هێشتا پێنج هەزار قوربانی لە ١٨٢٠٠٠ قوربانی نەهێنراوەتەوە!

هێشتا زیاتر لە ٢٧٠ گۆڕی بەکۆمەڵ چاوەڕوانی ئەنجامدانی

پشکنین و هەڵدانەوەو هێنانەوەن.

ئەو ژمارە کەمەش هێنراوەتەوە پشکنینی دی ئێن ئەیان بۆ نەکرا تا بناسرێنەوە.

ئەم پرسە خراوەتە ناو بۆتەی سیاسەتەوە لەعێراق هەوڵ دەدرێت ئەرکە یاساییەکان بەپێی یاسای گۆڕە بەکۆمەڵەکان جێبەجێ نەکرێت. لەلایەک شەرم دەیانگرێ کە ئەو هەزاران مرۆڤە لە وڵاتدا زیندە بەچاڵکراون. نمونەش بۆ ئەمە پارێزگاری سەماوە بوو لە دانیشتنێکدا رووی دەمی کردە خۆم بەبەرچاوی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالەوە لەناو ژووری خۆی لەدیوانی پارێزگای سەماوە وتی: گوناحی ئێمە چیە لەسەر خاکی پیرۆزی سەماوە ئەم هەموو کوردە بێ گوناحە زیندە بەچاڵکراون بەعس تا هەبوو زوڵمی لێکردین و ئێستا نەماوە کردەوەکانی تووشی شەرمی کردوین!

لە هەرێمی کوردستانیش سیاسەتی گشتی هەرێم جیاوازی دەکات لە دروستکردنی مۆنۆمێنتی شایستە یان هێنانەوەی ئێسک و پروسکەکان. لەکاتێکدا قوربانیەکان هەر قوربانی کوردستانن و شەهیدی دەستی یەک رژێمێکی دڕندەن.

## لەچاوەڕوانی ئێسك و پروسکی ئەنفالکراوەکاندا

خـاک و خـەڵک، داوای هێنانەوەی ئێسک و پروسکی ئازیزە گـۆڕ غەریبەکانیان دەکـەن. کـەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، دواجـار بەڕووخاندنی رژێمەکەی بەعس پڕ بەدونیایەک خەنی بوون، لەلایەک بۆ ڕەوینەوەو لەناوچوونی سەرچاوەی زوڵـم و ترس و ستەم، لەلایەکی دیکەش بۆ هیوای دڵشادبوونەوەیان بـەو کەسوکارانەی چەندین سـاڵ بـوو لێیان دزرابــوون و نـادیـار بــوون، نـە بـەزیـندوویی و نـە بـەمـردوویـی چارەنوسییان نەدەزانرا.. هەرچەندە لەگەڵ ئاشکرابوونی زۆر نهێنی دیکەدا ئەوەش ئاشکرابوو کە ئەنفالکراوەکان لەسەر ئەرزدا نەماون و هەموویان بە زیندوویی ژێرخاک خراون، ئەمەش حەقیقەت و واقیعێکی تاڵ بوو بۆ ئەوان، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا هیوابڕاو نەبوون بە شادبوونەوە (ئەگەر بەئێسک و پروسکەکانیشیان بێت).

بەداخەوە رۆژ بەرۆژ واخەریکە ئەو خەنیبوونەیان وردە وردە روو لەکزی دەکات و کردووە، لەکاتێکدا کە دەبینین و تێدەگەن کە کەس و لایەنێک بەجددی و بە تاسەوە لەدووی میکانیزمێکی عەمەلی دا ناگەڕێ، بۆ ئەوەی بەئەرکی نیشتمانیی و ئەخلاقی خۆیان هەستن و ئەوانیان پێ دڵشاد بکەنەوە. تەنیا ئەوە نەبێ لەهەواڵی رۆژنامەو کەناڵەکانی تری راگەیاندنەوە دەبیستین و دەبینین؛ رۆژێک لەنزیک

فلان شارۆچکەی باشووری عیراق و؛ رۆژێک لەدەشتایی و بیابانێکی عەرەبستاندا، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوەو بەجلوبەرگی بەکفن بوویاندا ناسراونەتەوە کە لە کوردە ئەنفالکراوەکانن.

درێژبوونەوەو چەندبارە بوونەوەی لەم جۆرە هەواڵانە لەشوێن و بەشێوازی جیاجیاو بێدەنگبوونی دەزگاکانی حکومەت و بەتایبەتی وەزارەتی ئاوارەو ئەنفال بۆ بەپیرەوە چوونی دانانی رێوشوێنی هێنانەوەیان، وای لەخەڵک کرد کە بەرەبەرە ئەو هیوایەشیان لەلا کزببێ کە دەسەڵات مشورێکی جدی بۆ سەبوری ژان و کۆستیان بخوات و نەختێ ئارامی بەحاڵی بێ حاڵیاندا ببەخشێ.

هەرچەندە لەژێر ناوی هێنانەوەی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکاندا، رێکخراوو تیمی جیاجیا دروستکران و چەندین کەس نێردرایە دەرەوەی وڵات بۆخول بینین لەبارەی چۆنییەتی دەرهێنانی ئێسک و پروسک، یان دەستنیشانکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دۆزینەوەیان، بەڵام هیچ لەو رێوشوێنانە نەچوونە چوارچێوەی کردارەوە، تەنیا ئەوە نەبێ لەم درەنگ وەختەدا تەرمی (٥١٢) قوربانی لەبارزانییەکان هێنرانەوە کوردستان، ئەویش لەڕێگەی سەرکردە بارزانییەکانەوە، کە مشووری عەشیرەتەکەی خۆیان خواردووەو کارێکی باشیان کردووە، بەڵام وەکو رۆژنامەنوس (عارف قوربانی) و کەسانی تریش؛ لەچاوەڕوانی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکاندا، زیاد لەجارێک ئاماژەیان پێداوەو ئەم مەسەلەیە بیرهێنراوەتەوە. وەکو کەسێکیش کە موتابەعەی ئەو بابەت و مەسەلانە دەکەم، هێشتا هیچ ئاوڕدانەوەو بەدواداچوونێک بۆ ئەو خەم و کۆستە نیشتمانی

و نەتەوەییە لەلایەن دەسەڵاتەوە نەکراوە. بۆیە پرسیاری جددی ئەمەیە دەبێ کێ لەخەمی ئێسک و پروسکی (١٨٢) هەزار مروڤی گۆڕ غەریبدا بێت؟ لەکاتێکدا چاوەڕوانی بووە تەوقی گەردنی مناڵ و دەزگیراندار و ژن و کەسوکارەکانیان. کێ ئەوە بەبیرخۆیدا دێنێتەوە کە ئەوان بەو مەراقەوە بەشێکی زۆریان بێ ئومێدانە سەریان نایەوە.

هێنانەوەی ئێسک و پروسکەکانیش بەشێکە لەگیانی وەفادارییی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەئەنفال و بەردەوامیدانە بەئاگابوون لە کەسوکاری شەهیدان و ڕێبازەکەشیان.

کەواتە جێی خۆیەتی بپرسین ئەو پلان و بەرنامەیەی کە وەزارەتی ئەنفال، ئەو خەرج و مەسرەفەی لەدروستکردنی ڕێکخراوی هێنانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا کرا، بەچی گەیشت و ئاکامەکەی چی لێ سەوز بوو؟ لەبەراییدا هێنانەوەی گلکۆی ئەنفالکراوەکان دەبێ ببێتە خەمی هەمووولایەک و بەتایبەتیش نوێنەرانی کورد لەحکومەتی مەرکەزی عیراقدا، بۆ ئەوەی لەبۆتەی (گۆڕی بەکۆمەڵ)دا بەیەکجاریی وون نەبن و نەبنە تانەی هەتا هەتایی دەسەڵاتەکانی دوای ئەو ڕژێمەی کە ئەنفال و تاوانەکانی تری ئەنجامدا. نیشتمان بەخاک و خەڵکەوە چاوەڕوانی هێنانەوەی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکانە، ئێوەش ئەرکتانە بیانهێننەوە نیشتمانی خۆیان.

## لەکوردستان جاش و لەهۆڵەنداش فرانس ڤان ئانرات

دوای ئەوەی رێکخراوی چاک، بەدواداچوونی تەواوی کرد لەسەر ئەو هاوڵاتییە هۆڵەندییەی کە یارمەتی رژێمی سەدام حسینی دا بوو لەدابینکردنی گازی ژەهراوی و بەتایبەتی لەو جۆرەی کە لەساڵی هەشتاو هەشتدا بەسەر شاری هەڵەبجەدا رژێنراو لە دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان و قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفالدا بەکارهێنرا، کیمیاباران بووە مایەی کوژرانی هەزاران هاوڵاتی، بووە مایەی سوتاندنی رەزو باخ و مردارکردنەوەی هەزاران مەڕو ماڵات.

هەرچەندە لەدرەنگ وەختدا راستیی دەست تێوەگلانی هاوولاتییەکی هۆڵەندی بەناوی (فرانس ڤان ئانرات) پێزانرا لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی هۆڵەندی و بەتایبەتیش دادگای هۆڵەندی لەو تاوانە، بەڵام بۆ (سزای ویژدانی خۆیان)، خۆیان هەستان بەلێکۆڵینەوە لەجۆری تێوەگلانەکە. دواجار ئەو فایلە خرایە بەردەم دادگای وڵاتەکەو ئەوەش زانرا کە رۆژنامەو میدیاکانی هۆڵەندا رەخنەی توندیان ئاراستەی ئەو تاکە کەسەی کۆمەڵگاکەی خۆیان کردووە و بە یەکێک لەتاوانبارە سەرسەختەکانیان لەقەڵەمدا.

وەک بینرا کۆمەڵگای هۆڵەندی و حکومەتی هۆڵەندا جگە لەوەی لەڕووی ویژدانی و مرۆڤایەتییەوە، دوای ئاشنابوون و ناسینی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال وەک خۆی، نەیانتوانی لەو کردارەی

هاووڵاتییەکەی خۆیان بێدەنگی هەڵبژێرن، بەڵکو لەڕێگەی دادگاوە ئەو تاوانبارە سزای یاسایی خۆی وەرگرت.

ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێ وەکو دەرسێکی مێژوویی بێ بۆ هەر تاک و گروپێک یان کۆمپانیایەک، بیەوێ بازرگانی ناڕەواو ناکۆک لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتیی لەو جۆرە بکات، رەوشە ویژدانی و مرۆڤایەتییەکان لەبەرچاو نەگرێت و ئەخلاقیاتی کۆمەڵگایەک کە بانگەشەی پاراستنی مافی مرۆڤ و بەرهەمی دوور لەتوندو تیژی و کوشتار نەزرێنێت.

ئەوە وڵاتی هۆڵەندا کە گەلی ئەو نەبوو ئەنفال و کیمیاباران کرا، پرسیار لێرەدا دروست دەبێ؛ ئایا ئەو گەلەی کەئەنفالکراو کیمیاباران کرا، پۆلێن و خوێندنەوەی

هەبووە بۆ ئەو کۆستە گەورانەی بەسەریدا هات؟ ئایا تەواوی کارەکتەرە بکەرەکانی ئەنجامدەری ئەو تاوانانەی دەستنیشانکردووەو ناساندوە؟

ئایا لەو هەزاران کەسەی کە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشدارییان کرد لە لەناوبردنی سەدان هەزار لەهاوڵاتی بێ گوناە، هیچیان بەو تۆمەتە درانە دادگا بۆ لێکۆڵینەوە؟ ئایا هیچ یەکێک لەو سەرۆک جاشانە ناچار کران داوای لێبوردن لە نەتەوەکەیان و، کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان بکەن؟ بێ شک هیچ یەکێک لەوەڵامەکانی ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری تری لەو بابەتەش نەخێرن. بۆ خۆی چەندین دەلالاتی پێناسە ئاسای بێباکی و نەخوێندنەوەی مێژوومان بۆ دەردەخات، نەتەوەیەک خاوەن جینۆسایدو کۆستی

ئەوەندە گەورەو، هەڕەشەو مەترسی لەناوبردنی گەورە بێت، لەبەرامبەریشدا بچووکترین هەژان و هەڵوەستەی جددی نەبێت بۆ ناسین و دەستنیشانکردنی کرمە خۆییەکان و ئەوانەی لەهەر گۆڕانێکی تری دۆخەکەدا بەئاڕاستەی نالەباربوونەوەی ڕەوتی ژیان، هیچ گومانی تێدا نییە بۆیان بلوێ لەجاران خراپترو لەئەوسا سوورتر بەرلەشکری دوژمن دەکەون.

ئەم پرسە تازە نییەو دەیان ساڵە لەناو کۆمەڵگەی سیاسیی کورددا ماکی نۆکەری ڕەگی داکوتاوە، بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان پێویستە مامەڵە بکرێت بۆ لەڕەگەوە دەرهێنانی ماکی دوژمن ویستی و خاک و خەڵکی خۆ نەویستی.

ناونیشانی ئەم وتارە بۆ وەبیرهێناوەیەو جیاوازی کۆمەڵگەکانە

لەم پرسەدا ئەمەیە جیاوازی نێوان دوو کەلتورو دوو کۆمەڵگا. لەو نمونەیەی هۆڵەندای خاوەن یەک فرانس ڤان ئانرات و کوردستانی خاوەن هەزارەها ------؟.

لە دانیشتنی ٣١هەمینی دادگادا بەڵگەیەک خرایەڕوو کە پشتڕاستی تاوانەکانی فرانس ڤان ئانرات دەکات. نوسراوەکە بە ژمارە ٢١٦٢ لە ڕۆژی١٩٨٨/٤/١٤ بۆ سکرتێری دیوانی سەرۆکایەتی ئاڕاستەکراوەو تایبەتە بە فرانس ڤان ئانرات.

لەناو نوسراوەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە سەرۆک کۆمار سەدام حسێن ڕەزامەندی لەسەر نوسراوەکانی موخابەراتی گشتی دەربڕیوە، کە پێشتر ڕەوانەیان کردووە. نوسراوەکە ئیمزای حامد حەمادی، سکرتێری سەرۆکایەتی پێوەیە.

هەروەها لە نوسراوێکی تردا بە ژمارە ١١٦٠ نهێنی و تایبەت، داواکـاری گشتی خستییەڕوو بۆ سەرۆکایەتی هیئەی تەسنیعی عەسکەری رەوانە کراوە، لە نوسراوەکەدا ناوی فرانس ڤان ئانرات هاتووە کە ناوبراو هاوکارییەکی زۆری کردووە لە دابینکردنی مادەی کیمیایی لەکاتی جەنگی عیراق ئێراندا، ئێستا لەلایەن موخابەراتی ئەمریکییەوە ئاشکراکراوەو چاودێری دەکەن، لە عیراق نیشتەجێیەو پێویستی بە وەرگرتنی رەگەزنامە هەیە، هەروەها هاوکاری بکرێت بە کڕینی خانوو بۆ ناوبراوو پێدانی مانگانە ١٠٠٠ دینار و منداڵەکانی بخرێتە قوتابخانەی تایبەت.

نوسراوەکە ئیمزای بەڕێوبەری مخابەراتی عامەی پێوە بوو.

فرانس ڤان ئانرات بەپێی بەڵگەنامەکانی خودی رژێمی پێشوو سەلمێنرا کە تاوانی کردووە.

## کارتی کورد لەدادگایی کردنی جەللاددا

دەرکـەوتـنـی سـەرانـی رژێمـی لـەنـاوچـووی بەعس لـەبـەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی عیراقیدا، لەهەر رەهەندێکەوە تێی بڕوانرێ ئەوا هیچ بایەخی کەمتر نییە لەڕۆژی رووخاندنی خودی رژێمەکەو خستنی پەیکەری گەورەی خودی سەدام حسێن لەبەغدا. دواتریش دەستگیرکردنی خودی گەورە دیکتاتۆرو هاوەڵەکانی. رووداوەکان لـەشـێـوەی وێـنـەی بــەدوای یـەکداهـاتـووی فیلمێک دەچــن، وەک تەقەڵدووری کراسێک، ئەم دیمەنەی کە قسەی لەبارەوە دەکەم تائێستا سەرنجڕاکێشترین وێنەیە. لەکاتێکدا هێشتا بەئاکام گەیشتنی ئەم دەرکەوتنە، چەندین وێنەی تر لەگەڵ خۆی و بـەدوای خۆیدا دەهێنێ.

ئەم دەرکەوتنە نوێیە وەک سەرەتای گۆڕانێکی تازە لەژیانی سیاسی و دەسـەڵات و جۆریدا دەردەکـەوێت، گۆڕانێک؛ کە تەنیا دەســەڵاتـدارانـی هـاوشـێـوەی جـەلـلادو قوتابییەکانی بەعسیزم لەهەمبەریدا تووشی دڵـەڕاوکـێ دەبـن، ئەگینا بۆ گیانکردنەوە بەبەهای مرۆڤ و ژیاندا بۆ کوردو عیراقییەکان، لەهەرە گرنگترین دەستکەوتەکان دەژمێردرێت.

پەلکێشکردنی گەورەترین دیکتاتۆری سەردەمی نوێ بۆ بەردەم دادگـاو، هەڵدانەوەو پێداچوونەوەی فایلە دزێوەکانی، هەڵدەگرێ

لەچەندەها دیوەوە خوێندنەوەی یەکتر تەواوکەری بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی لەمەغزادا چەندین مانای تازە بۆ بەڕێوەچوونی دەسەڵات لەعیراقی دوای حوکمڕانی بەعس، هەروەها جۆری پیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەشەوە لەئێستاو ئایندەدا لەدەور کۆبووەتەوە، ترسی لەسەر ستەمکارەکانی ناوچەکەش دروستکردووە، وەکو کورد ناکرێ بەڕاگوزەری یان بەتەنیا وەک ڕووداوێک بێ هەڵوەستەکردنی ئاگایانەی تەواوو بەبێ قسە لەبارەکردنییەوە بەسەرماندا تێپەڕێت، بۆ دەسەڵاتدارانی ناوچەکەش ئەوانەی ماک و ڕۆحییەتی جەلادو بەعس ئاسا لەخەیاڵدانیاندا مەلاسی خواردووە، زەنگێکی هوشیارکەرەوەو مایەی پێداچوونەوەشە.

سەرەتاییترین دەلالەتیان لەوێوە ڕێچکە دەگرێ؛ کە دەسەڵاتەکە هەرەس دێنێ، بەعس وەکو تاکە حیزب و سیستەم هەڵدەوەشێتەوە، سەرۆکی خاوەن هێزو ترسێنەر لەکاردەخرێ و لەپایە دەهێنرێتە کون ! ئینجا وەک تاوانبارێکی بێ شەرم پەلکێشی بەردەم دادگا دەکرێت. ئەگەر ئەمە باکگراوندی ریشەکێشانی بەعسیزمی بەشمولی لەپشتەوە بێت و بە بەردەوامی لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عیراقیدا بەکوردستانیشەوە ئیشی لەسەربکرێت، ئەوا ئومێدی زیاتری بەدواوەیە، ئەگەریش نەبێتە دەرسێک بۆ بەڕێوەبردن و حوکمڕانی ئەوا قسەی ترو کاردانەوەی ناجۆر دێتەوە ئارا.

لەساتی کردنەوەی دادگاشدا چین و توێژەکان و خەڵکانی زیانلێکەوتووی دەستی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو رژێمە، بە ڕێکاری یاسایی دەتوانن لەنزیکترین مەودای کات و جێدا، بەدەست

و دەمی خۆیان و لەڕوو، سکاڵای خۆیان بخەنە بەردەست دادوەرو پێشکەشی دادگـای بکـەن. حیساب نـەکردن و هەژمارنەکردنی سـەدام حسێن و داروەدەسـتـەکـەی وەکو دیلی جەنگ، بەدیویێکی تریشدا نەگواستنەوەی دۆسیەی دادگایی کردنەکەی بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی کە (هەندێک کـەس و چادێر پێیان وایـە دادگاییەکە نێودەوڵەتی بوایە باشتر دەبـوو، کە منیش هەمان رام هەبوو)، دوو خاڵی گرنگ و کاریگەرن بۆ ئایندەی ناوچەکەو عیراق. ئەم خاڵەیان لەهەردوو قۆناغەکانی پێشووتر، واتە رووخانی رژێم و دەستگیرکردنی دەسەڵاتدارانی بە بایەخترە. بەتایبەتی بۆ هەموو خەڵک، کە دەتوانن راستەوخۆ رووبەڕووی ئەو تاوانبارانە ببنەوە کە چەندەها ماڵوێرانیی و قڕکردنیان بەسەردا هێنان و شکایەتیان لێبکەن.

وڵاتانی زیانبەرکەوتووی سیاسەتی رژێمی بەعسیش، ئەگەر لەدادگای نێودەوڵەتی سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن، ئەمەیان دەرفەت و پاڵپشتێکی ترە، بۆ خەڵکی کوردستانیش ئەم دادگاییکردنە خاڵێکی هـەرە جەوهەرییە هـەر لەهاتنەسەر حوکمی دەسـەڵاتی بەعس لەڕێگەی کودەتاو بەزۆر خۆسەپاندنییەوە، تا ئەو ساتەوەختەی سیمبوڵی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت لەبەغدا هێنرایە خوارەوە. کورد هەم هێزێکی کاریگەرو هەم فاکتەرێکی پتەو بووە، بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو نادادیی و رەفتارە نامرۆڤانەیەی کە ئەو رژێمە لەماوەی حوکمی خۆیدا بەسەر خەڵکیدا هێنای. لەڕێگەی زەبرو زەنگەوە جڵەوی دەسەڵاتەکەی دەکێشا، واتە بەدرێژایی حوکم و

زەبرو زەنگی بەعس، گیانی بەرگریی و بەرخودان لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا دژ بەخودی رژێمەکەو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی، باڵای کردووەو بەردەوام لەخەباتدا بووە لەپێناو ئازادی و گۆڕینی رەوتی دۆخ و دەسەڵات لەکوردستان و عیراقیشدا. لەدیکتاتۆرییەتەوە بەرەو دەسەڵاتی گەل و نیمچە دیموکراسی و چەسپاندنی حوکمی یاسا.

(دیارە دەرکەوتنی سەدام و هاوەڵەکانی بەو چەشنە یەکێکی تر بوو لەو سەرەتا پڕشنگدارانەی بەدیهاتنی ئەو خەباتە)، بۆیە دواجار کورد وەکو هێزێکی کاریگەری ناو بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی رژێمە تۆتالیتارەکان لەعیراقداو، بەتایبەتی لەماوەی دەیان ساڵی رابـردووی حوکمی بەعسدا، هەموو شێوازە شیاوو رەواکانی گرتەبەر بۆ کورتکردنەوەی مەودای ئەو دەسەڵاتە ناڕەوایە، تا ئاکام بەسەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک، قەڵای غەدر داکەوت، کوردیش رۆڵی پێشەنگ و کاریگەری لەو داڕوخانەدا هەبوو، هەرچەندە فاکتەری نێودەوڵەتی و دواجار بڕیاری کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەبەهێزترین میکانیزمەکانی گۆڕینی رژێمەکە بوو.

مێژووی کوردایەتی دژ بەو رژێمە، پڕە لەقوربانیدانی گەورەو خوێنبەخشین و ماڵوێرانی زۆر، تا لەڕێگەی گوتاری سیاسی و دیبلۆماسی و خەباتی شۆڕشگێڕانەیەوە توانی سەروەریی مەزن تۆمار بکات. کە تاوانباران لەناو قەفەسی تاوانباریدا بینران و ئەو تاوانانەیان رووبەڕوو کرایەوە کە هەر بەناوهێنانیان؛ نەک تەنیا مۆری شەرمەزاریی بۆ خۆیان و هاوەڵەکانیان و سیستەمی بەعس

بوونە بەڵگەیەکی زیندوو، بەڵکو سەرشۆڕیی و مردنی ساردوسڕیش بۆ ئەوانە دەنەخشێنێ کە تەنیا ڕۆژێک لەڕۆژان ناڕاستەوخۆش بێ خزمەتی ئەو سیستەمەو دامودزگاکانیان کردبێت، جا ئەوانە هەر کەس و گەل و لەهەر لایەنێکەوە بووبن و ببن.

ڕووبەڕووکردنەوەی تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو بێسەروشوێنانی بارزانییەکان، لەناو ئەوانەشدا چەندین تاوانی تر کە لە دانیشتنەکانی تری دادگادا ڕووبەڕوویان کرایەوە، هەڵدانەوەی مێژوویەکی داخراوی کوردقڕان بوو.

پرۆسەی کوردقڕان، گێڕانەوەی هەر بەدەم ئاسانە، ئەگینا دۆسییەکانی دادگا دەیسەلمێنن چەندین شێوازو پرۆسەی جیاجیای بێوێنەی بەخۆوە دیوە، بە چ چەشنێک کورد لەو چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا کەناوی عیراقە تاوانی جینۆسایدی دەرهەق کراوەو کەس لەکاتی خۆیدا بەهانایەوە نەهاتووە، تەنانەت مرۆڤایەتیش بێدەنگ بووە لەبەرامبەریدا.

ڕووبەڕووکردنەوەی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران و ئەوانی تر بەڕووی سەرانی ڕژێمی بەعسی لەناوچوودا، لەلایەک گەورەیی و مەزڵومیەتی نەتەوەیەکی خاوەن کەلتورو ڕەسەنایەتی و مێژوو دەردەخات، لەچەندین ڕووی ترەوە ریسوایی و خەمساردی دوژمنەکانی کوردو؛ هاوەڵەکانیان و دەسەڵاتدارانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و حاکمەکانی دونیای سەردەم دەردەخات، لەبەرامبەر بەهاکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی ناعەدالەتی و سیاسەتە چەوتەکانی لەکاتی خۆیدا لەسەر حیسابی

گیان و مافەکانی گەلێکی وەکو کوردی بێ پشتیوان. بۆ یەکەم جارو لەئاکامی خەبات و سەرکەوتنی ئیرادەی ئازادی ویستیدا، خەڵکی کوردستان و عیراق و هەموو دونیا، رووە راستەقینەو ترسنۆکەکەی جەللادیان بینی، لەماوەی سی و پێنج ساڵ وێنەی ئەفسانەیی و ماکیاژکراوی فشۆڵەی خۆیان لەهەموو ماڵێک و هەموو رۆژ لەسەر رووی رۆژنامەکان و؛ لەسەر یەکەم پەڕەی کتێبی خوێندن و لەسەر شەقامە تایبەتی و گشتییەکان و کۆڵان و تەواوی دامودەزگا حکومی ئەهلی و ژوورو دوکان و بازاڕو سەرشەقامەکان و هتد.. هەڵواسرابوون و نمایش دەکران. دیکتاتۆر چۆن خۆی کردبوو بەگەورەو مەعسوم و داهێنەرو ئازای هەموو بوارەکانی ژیان.

جەللادو بێچووەکانی لەماوەی دەسەڵاتیدا بست بەبستی ئەم وڵاتەی بەترس و تۆقاندن چاندبوو، رۆژانە مەرگ و بێدەنگی بەرهەم دەهێن، لەبارەی کوردایەتیشەوە یەکێک لەدروشمە سەرەکییەکانی هاتەدی، کە خەباتکردن بوو لەپێناو رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆریی و، هەوڵدان بۆ هێنانەکایەی رژێمێکی دیموکراتی لەعیراق. لەمەشیاندا کورد دەتوانێ لەچوارچێوەی ئەو عیراقەدا کە نیاز وایە بەو جۆرە بنیادبنرێتەوە لەسەر بنەمای دەستورێکی گەل پەسەند شانازی گەورەی پێوە بکات، لەو روانگەشەوە دەشێ لایەنەکانی ترو گەلانی تری عیراق بە بەردەوامی رێز لەو خەبات و فیداکارییەی کورد بگرن، نەک بەپێچەوانەکەیەوە.

ئەو تۆمەتانەی رووبەڕووی سەدام حسێن و عەلی کیمیایی و ئەوانی تر کرایەوە، کورد لەناویاندا بەشی شێری لەو خاڵانە

بەرکەوت، واتە قوربانی هەمیشەیی و سەرکوتکراوی کورد زۆرتر بووە، ئەمەش جارێکی تر دەلالـەت و خوێندنەوەی خۆی هەیەو؛ خوێندنەوەی نوێتریش هەڵدەگرێت و نابێ بەئاسانی لەبیربکرێت و پێویستە بخرێتە پڕۆگرامی خوێندنەوە لە هەموو عیراق و لەهەموو قوتابخانەیەک بخوێنرێت.

کورد وەکو گەلێکی ستەمدیدەو، کوردستان وەک نیشتمانێکی بەرلکێنراو بەعێراقەوە بەچین و توێژەکانییەوە نەیارو دژ بووە لەگەڵ دیکتاتۆرییەتدا. بێگومان جاش و جاسوسەکانی نابنە نوێنەری کورد (وەک چۆن لەسەردەمی عوسمانییەکاندا سوارەی حەمیدیە نوێنەرایەتی کوردیان نەکردووە). کورد بەو بەرهەڵستیاری و نەیارییەی رژێمەکە گەورەترین قوربانی داوە، پێویستە لەسەر سەرجەم دەسەڵاتدارانی عەرەب و رۆشنبیرەکانیان بەشێوەیەکی رەسمی هەم وەکو نەتەوەو هەم وەکو حکومەت، داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکەن بەرامبەر بەو ستەمە مێژووییەو هەوڵەکانی قڕکردن لەلایەن رژێمێکی بەناو عەرەبی دەسەڵاتدارەوە لەمێژووەوە تا ئەم سەردەمەی دوێنێ کە کراوە، هەروەکو چۆن (خالد ئەلقشتینی) نوسەرو رۆژنامەنووسی عەرەبی عیراقی دەڵێ: «پێویستە ئێمەی عەرەب داوای لێبوردن لە کورد بکەین، لەسەر ئەو کارانەی لەدژیان ئەنجامدراوەو، قەرەبووی ئەو خێزانانە بکەینەوە کە زیانیان لێکەوتووەو کەسەکانیان لەدەستداوە».

ئەو تۆمەتانەی درانە پاڵ تۆمەتباران، بەجۆرێکن بەهەناسەش نکۆڵیکردنیان لێناکرێت، چونکە رژێمی بەعس بێباکانەو بەشانازییەوە

لەدەزگاکانی راگەیاندن و کۆبوونەوە کراوەو داخراوەکانیان؛ بەڕاشکاوی باسیان لەهاریی و دڕیی خۆیان دەکرد، بەئازاییان دەزانی بەرامبەر چۆنییەتی ئەنجامدانی چالاکی کیمیابارانکردن و زیندەبەچاڵکردن و کوشتنی خەڵکی سڤیل و بێدەرەتانەکانی گوندنشینان و لادێکانی کوردستان لەشوێنە دیارو نادیارەکاندا، لەو پێناوەشدا سەرە هارەکانی بەعس لەپێشبڕکێدابوون بۆ ئەوەی زۆرترو زیاتر ژیان لەکوردستان و بەتایبەتیش مرۆڤی کورد نەهێڵن و بشێوێنن. وەکو چۆن عەلی کیمیایی لەساڵی (١٩٨٩) لەبارەی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان، بۆ بیرۆی باکووری عیراق قسە دەکات و دەڵێ: (دەبوو چی لەو ژمارە زۆرەی خەڵک بکرایە؟ ئایا فەرزبوو لەشوێنی باش بیانهێڵینەوە؟ من چی لەمانە بکەم؟ لەم بزنانە؟ ئاگام لێیان بێت؟ نەخێر، بە بلدۆزەر دەیانخەمە ژێر خاکەوە). وەک دەرکەوت بەهای مرۆڤ و، مرۆڤی کورد لای بەعس لەبەهای ئاژەڵ کەمتر بووە، وەکو چۆن ئەو هەڕەشانەی کە کردوویانە بەزیادەوە جێبەجێیان کردووە.

عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام حسێن لەجێیەکی ترداو لەبارەی کیمیابارانکردنی گوندەکانی کوردستان و سووکایەتیکردن بەخەڵکانی گوندنشین، لەبەڵگەنامەیەکدا کە لە رزگارکردنی شاری کەرکوک لەراپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەماڵەکەی خۆی و لەئۆفیسەکەیدا دەستکەوتووە، دەڵێت:» هەموویان بەچەکی کیمیایی دەکوژم، کێ هەیە شتێک بڵێت؟ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؟ دەیانگێم.. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش و ئەوانەیش کە گوێیان لێدەگرن».

لەو بەڵگەنامەیەدا بەئاشکرا هاتووە کەچۆن عەلی کیمیایی نەک هەر سووکایەتی بە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆڤانە دەکات و، گومڕایانە هەڕەشەی کوشتن بەکیمیاویش دەکات، لەپاڵ ئەوەشدا بە وشە نەشیاوو بێ حورمەتییەکانی خۆی و سەدام ئاسای ئامۆزای، ئەوانەش «دەگێت» کە لەسەر کورد بێنە دەنگ و؛ بێباکانە سووکایەتی بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەکات!! ئالەم گۆشەنیگای بیرکردنەوانەی جەللادەوە، تاوان و گومڕایی ئەو رژێمە هارەی بەعس لەهەزار بەڵگەنامەو دیکۆمێنت و گوتەو رەفتاردا دەگەنە ئەوجی باڵاکردن و، دەردەکەوێت ئیدی هیچ کارو میکانیزمێکی دزێوو قێزەون نامێنێتەوە دەرهەق بە کوردو خاکەکەی نەیگرنەبەر لەماوەی حوکمی رەشیاندا.

تاریق عەزیز-یش کە یەکێکە لەو چەند کەسەی رووبەڕووی دادگا کرایەوە، لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان رژێم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لەدانیشتنێکدا بەڕاشکاوی بە سەرکردەکانی شۆڕشی کوردی راگەیاندبوو، ئەگەر ئێستا رێکنەکەون لەگەڵمان بەو چەشنەی کە دەمانەوێت و یارمەتیمان بدەن، ئەوا هەر کە شەڕی نێوان ئێمەو ئێران کۆتایی پێهات، خۆتان و هەموو گوندەکانتان لەناودەبەین.

گوندەکان و بەشێکی زۆری خەڵکەکەیان لەناوبرد، بەڵام ئەویتریان پێیان نەکرا!. رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش لەراپۆرتێکیدا بەڕوونی باس لەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەعیراق دەکات، بەتایبەتی دوای راپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لەناوچە جیاجیاکانی عیراق، لەمەیاندا زۆرترین تاوان

بەرامبەر دانیشتوانی شارنشین ئەنجامدرا، بەتایبەتیش ئەو شارانەی بەشداری راپەڕینیان کرد.

راپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات کە لە ئەنجامی ئەو تاوانە دڕندانەیەی بەعسدا، زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵک ئاوارەی سنوورەکانی ناوخاکی وڵاتانی وەکو ئێران و تورکیاو، هەروەها بەشێکیش لە باشوورەوە ئاوارەی کوێت و سعودیە بوون.

لەجێیەکی تریشدا تیشکدەخاتە سەر ئەوەش، زۆربەی ئەو خەڵکانەی ئاوارەبوون لەکوردەکان بوون. دیارە مەبەست لەو ئاوارەبوونە کۆڕەوی چەند ملیۆنی کوردە، کە بەهەزاران خەڵک لەڕێگادا لەبرسان و لەبەر سەرماو سۆڵەی سەختی سنوورە شاخاوییەکان گیانیان لەدەستدا، ئەوانی دیکەیش بێ ماڵ و حاڵ مانەوە.

جەللادەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ لەرووبەڕووکردنەوەی ئەو تاوانانەدا کە زۆرینەیان و تاوانە سەرەکی و گەورەکانیان دەرهەق بەخەڵکی کوردستان بوو، لەبەشی سەرەوەی ریزبەندی تۆمەتەکاندا هاتبوو، هەم خودی سەدام و هەم هاوەڵەکانی ناڕاستەوخۆش نەک نکۆڵییان لێنەکردن، تەواو رەزیل و (دەم تەڵەی تەقیوو بوون) بێ وێنەیی و ئاشکرایی تاوانەکان بەجۆرێک بوون دەرفەتی هیچ خۆلێبواردنێک یان پاساوهێنانەوەیەکی نەهێشتەوە، جگە لەبێدەنگی و لاساریی کردن و دواجاریش دانپیانان.

وەکو چۆن لەیەکەم رووبەڕووبوونەوەدا بێدەنگییەکی کوشندە سیمای شڵەژاوی جەللادەکانی داپۆشی بوو، بەو هیوایەی ئەم

دەرفەتە زەمینەی فراوانتر لەناوچەکەدا خۆش بکات بۆ راپێچکردنی هەموو ئەو جەللادە گەورەو وردانەی مێژوویەکی درێژە مافەکانی کورد بە بەرچاوەوە پێشێل دەکەن و دەیچەوسێننەوە.

ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی پێبدرێتەوە، ئاراستەکردنی گەورە کارتی قوربانی و زامەکانی کوردبوو بەڕووی ئەنجامدەرانیدا، دەشێ لەنێو تۆمارە یاساییەکاندا بچەسپێنرێ و ببنە بەڵگەیەکی هەرە زیندوو بۆ دەرخستنی حەقیقەتی ژیانی مەزلۆمترین گەل و نەتەوەی ئەم سەر زەمینە کە (کورد)ە.

ئەم دیمەنانە پشتگوێ نەخرێت و نەخرێتە ناو رەفەی پەراوێزخستن هەم بۆ کورد خۆی و لەبیری نەکات، هەم بۆ رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقیش.

